

# پوچەڵکردنەوەی گومانەکان

## هەڵتەکاندنی ئەو گومانەی گوایا ئیسلام کۆرپەلەزانی لە نەتەوەکانی پێشین وەرگرتووە

وەرگێڕانی: د.دارا گوڵ
daragull@hotmail.com

## نێوەڕۆکی گومانەکە:

لەکاتێکدا دوژمنانی ئیسلام لە تانەدان لە ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا دەسەوسان بوون، دەبوو جگە دانپێدانان هیچی تر نەکەن، لەکاتێکدا ڕۆژ دوای ڕۆژ زانستی نوێ زیاتر ئەو ڕاستیانە دەسەلمێنێت و دەچەسپێنێت کە ئیعجازی زانستین، کەچی تەنها بۆ خۆ گێلکردن لە بەرانبەر ڕاستیدا دێن و دەڵێن: ئەو ڕاستی و زانیاریانەی کە موحەمەد(ﷺ) لە بواری کۆرپەلەزانیدا لێیان دواوە، هەموویانی لە نەتەوە پێشینەکانی وەك: یۆنان، پزیشکانی عارەب و خاوەن کتێبە پیرۆزەکانەوە وەرگرتووە!

بەڵگەشیان بۆو لێوەرگرتنە ئەوەیە کە هیپۆکرات و ئەرستۆ و گالن هەموو ئەو قۆناخانەیان باسکردووە کە کۆرپەلە لە کاتی گەشەکردنیدا پێیاندا تێدەپەڕێت و هەمان ئەو قۆناخانەش ئەوانەن کە قورئان باسی کردوون، هەروەك ئەوەش دەڵێن: کە «حاریسی کوڕی کیلدە و نەزری کوڕی حاریس» تەواو لە زانستی پزیشکی و کۆرپەلەزانیدا شارەزا و لێزان بوون، ئەمەش سەرباری ئەوەی کە کتێبی پیرۆز یش «کتاب المقدس» قۆناخەکانی دروستبوونی کۆرپەلەی باسکردووە!

گومانکاران وا دەڵێن و دەپرسن: ئەمە چ ئیعجازێکە مسوڵمانان لێی دەدوێن و شانازی پێوەدەکەن! لە کاتیکدا ئەوەی وان پێی سەرسام و دڵخۆشن جگە چەند ئاماژەیەکی وەرگیراوی نەتەوەکانی پێشتر، هیچی دی نین و ئەوان نەتەوان زۆر پێش ئیسلام ئەو بابەتەیان شیکردۆتەوەو قۆناخەکانیان ڕیزبەند کردوون.

## ڕووەکانی پوچەڵکردنەوەی گومانەکە:

١- ئەوەی گەلانی هاتووی پێش ئیسلام لەبارەی درووستبوون و گەشەکردنی کۆرپەلەوە باسیانکردووە، ئەوە زۆربەی گریمانە و خەیاڵکرد و ئەفسانەن و لەسەر بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی گەشە و قۆناخەکانی کۆرپەلە دانەمەزراوون، ئەمەش لەبەر نەبوونی تەکنۆلۆجیای زانستیی پێویست لەبەردەستی لێکۆڵەر و پزیشکانی ئەوکاتدا، بەڵگەی ڕوونیش بۆ سەلماندنی ئەو ڕایە ئەو هەڵانەیە کە هەریەك لە هیپۆکرات، ئەرستۆ و گالن لە باسی درووستبوونی کۆرپەلەدا کردوویانە کە دەڵێن کۆرپەلە لە خوێنی بێنوێژی ـ حەیزـ و تۆوی پیاو درووست دەبێت، یاخود گۆشت پێش ئێسقان درووست دەبێت.

٢- زانستی پزیشکیی لە نێو عارەبی سەردەمی پێغەمبەردا لە لاوازترین زانستەکان بووە و، هەرچەند حاریسی کوڕی کیلدە و نەزری کوڕی حاریس تێیاندا وەك پزیشك بەنێو بانگ بوون، بەڵان ئەودەم زانستی پزیشکیی بە جادووەوە پەیوەست بووە و لە چەند کردەیەکی سەرەتایی وەك داخکردن، بڕینەوە و خوێن لێدەرهێنان تێنەپەڕیوە، هەروەها پەیوەست بە کۆرپەلەزانی و زانینی ئەوەی ڕەحم هەڵیگرتووە، ئەوا عارەبانی هاوکاتی پێغەمبەر (ﷺ) هیچیان لەبارەوە نەزانیوە، ئەوە نەبێت کە لە جووەکانەوە فێر بووبوون و هەڵە زیاتر هیچی دی نەبوون.

٣- کتێبی پیرۆز ئەوەی تۆمارکردووە کە کۆرپەلە لە خوێنی بێنوێژیەوە درووست دەبێت و تۆو دەیرسکێنێت، هەروەك چۆن هەوێن ماست بۆ پەنیر دەگۆڕیت، تۆویش هاوشێوەی هەمان کردار لەگەڵ خوێنی حەیزدا دەکات و بۆ کۆرپەلەی دەگۆڕێت، هەروەها کتێبی پیرۆز ئەوەشی تێدا باسکراوە کە پێست و گۆشتی کۆرپەلە پێش ئێسقانەکانی دروست دەبن، بەڵان قورئانی پیرۆز پێچەوانەی ئەوەی لەزۆر جێیاندا باسکردووە و هەمان هەڵەی پاتە نەکردۆتەوە.

## درێژەی پوچەڵکردنەوەکە:

**یەکەم: دژئاڕاستەیی قورئان و سونەت بۆ شارستانیەتەکانی پێشین لە کۆرپەلەزانیدا.**

ئەوی لە مێژووی زانستەکان دەکۆڵێتەوە، ڕووبەڕووی زۆر بیردۆزی زانستیی دەبێتەوە کە بۆ ماوەیەکی درێژ زاناکان بە ڕاستیان دادەنان، بەڵان پێچەوانەی ئەوە بوون کە لە قورئان و

سونەتدا هاتووە، دواتر دوای لێکۆڵینەوە ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە ئەو بیردۆزانە هەر لە بنچینەوە ڕاست نەبوون و بەڕاست ژمێرراببوون و، توێژینەوەکانیان ئەوەیان سەلماند کە هاتووی نێو قورئان و سونەت، ڕاست و تەواو و بێ هەڵەی ڕاستیەکانی کۆرپەلەزانییە.

لەوکاتەی مرۆ پێی ناوەتە سەر زەوی، مەسەلەی وەچەخستنەوەو زۆربوون یەکێك بووە لەوشتانەی کە سەرقاڵیان کردووە و، هەوڵی زۆری داوە ڕاڤەی ئەم دیاردەیە بە خەیاڵ و بۆچوونی جیاواز بکات، کە ئاماژە کردن بۆ ئاوا دیاردەیەك لە زۆرینەی شارستانیە کۆنەکاندا دەبینینەوە و، هەر لە ڕێی ئەو ئاماژانەشەوە دەتوانرێت لە مێژوو و پەرەسەندنی کۆرپەلەزانی بکۆڵرێتەوە تا ڕاست و چەوتی لێك هەڵاوێر بکرێت و، جیاوازی نێوان ئەوان بیردۆز و ئەو ڕاستیانەی لە قورئان و سونەتدا هاتووە بزانرێت، ئەوجا ئەو بڕیارە بدرێت کە ئایا قورئان ئەوەی لەبارەی زانستی کۆرپەلەوە باسی کردووە، لە ڕای گەلانی پێش خۆی وەرگرتووە و هێناوە یان نا.

## مێژووی کۆرپەلەزانی

بەوەی لەبەردەستدایە مێژووی کۆرپەلەزانی دەچێتەوە بۆ زیاتر لە ٦ سەدە پێش زایین، زانایانی بواری کۆرپەلەزانی ئەم زانستە بۆ ٣ قۆناخی سەرەکی دابەش دەکەن، ئەوانیش:

یەکەم: قۆناخی باسکاری (الوصفية)، ئەم قۆناخە لە سەرەتاوە تا سەدەی نۆزدەی زایینی بەردەوام دەبێت.

دووەم: قۆناخی کۆرپەلەزانی تاقیکاری (التجريبي)، لە سەدەی نۆزدەوە دەسپێدەکات و تا چلەکانی سەدەی بیست بەردەوام دەبێت.

سێیەم: قۆناخی تەکنیکی و ئامێرکاری نوێ: ئەمەش ئەم قۆناخەیە کە هەنووکە مەی تێداین.

ئەوەی ئێمە لەم مێژووەمان مەبەستە و باسەکەمان لەسەری وەستاوە، مێژووی پێش هاتنی ئایینی ئیسلامە، تا پێوەندی ئیسلام بە گەلانی پێش خۆیەوە و، ڕادەی ڕێکەوتنی یا ناکۆکی لەگەڵ وان گەلان سەبارەت بە کۆرپەلەزانی بزانرێت.

## کۆرپەلەزانی لای میسرییە کۆنەکان

لە میسری کۆندا هەندێك تۆماری کاتی پشتەکانی فیرعەونیی چوارەم و پێنجەم و شەشەم دۆزراونەتەوە، کە تێیاندا زیاتر لە ١٠ کەسی دواییەك نازناوی «بکەرەوەی وێلاشی پاشا»یان هەڵگرتووە، دواتر لە ڕێوڕەسمێکدا دەبوو ئالایەك، کە «وێلاشی پاشا»ی دەنواند، لە بەردەم کۆمەڵی فیرعەوناندا هەڵبگیرێت.



وێنەی ئالایەك
((وێلاشی پاشا))
فیرعەون دەنوێنێت
(kleiss 1964)

هەروا لە تێکەڵکردنێکی ئاشکرای زانست و جادوودا، هێزی جادوویی شاراوە دەدرایە پاڵ وێلاش و، ئەوکات ژنانیان نوشتە و چاوەزاریان هەبوو کە لەکاتی دووگیانیی و منداڵبووندا ڕەنگیان دەکردن و، بۆوەش کە ژن منداڵبوونی ئاسان و سرووشتی دەستەبەر بکات، دەبوو پەنا بۆ حەتحەتۆکەیەك ببات کە وێنای ژنێکی دەکرد لە تەواوی ئارامیی و پشوودا لەسەر جێگەیەك ڕاکشاوە و، لە تەنیشتیەوە ئەو منداڵە بوو کە بە ئاسانی و بێگرفت بوو بووی. ئەم باوەڕەش تا سەردەمی یۆنانییە کۆنەکان درێژەی هەبوو، کە زانستی مەنتیقی وان کاریگەری لەسەر تێگەیشتنی زانستی کۆرپەلە هەبوو.

وە کۆنترین بۆنووس (وصفة)ە تۆمارکراوەکانی سك پڕنەبوون، بۆنووسێکە کە بە هێڵی هیری (زمانی میسرییە کۆنەکانە پێش هیرۆگلیفی) لەسەر گەڵای زەل نووسراوە و، ڕەگەزە سەرەکیەکانی ئەو بۆنووسەش پاشەڕۆی تیمساح و چەند ڕەگەزێکی ترن.

میسرییە کۆنەکان نەیانزانیوە تۆو چ ڕۆڵێکی لە درووستبوونی کۆرپەلەدا هەبووە، هەرچەند وا بۆی چوون کە پێوەندیەك لە نێوان ئەندامی نێرینە و تۆو و سکپڕیدا هەیە، ڕای زانستی لای وان وابووە کە تۆو لە دڕکە پەتکەوە سەرچاوە دەگرێت، ڕەنگە سەرچاوەی ئەم باوەڕەشیان بۆ وان کاهینان بگەڕێتەوە کە قوربانییان سەر دەبڕی و وایان باوەڕ بوو کە ئەندامی نێرینەی گا درێژبۆوەی گازەرای پشتیەتی، هەر لەمەشەوە گرنگی زۆریان بە کۆتا ٤ یا ٥ بڕبڕە لە بڕبڕەکانی پشت دەدا، ئەمەش بەو بڕوایەی کە ئەو بڕبڕانەن لە پاراستنی ئاوی پیاو بەرپرسن.

## کۆرپەلەزانی لای هندییەکان

لە بواری زانستی کۆرپەلەدا نامەیەکی سانسکریتی کە بۆ ساڵی ١٤١٦ی پێش زایین دەگەڕێتەوە، دۆزراوەتەوە و پێی دەوترێت «گاربها ئوپانیشاد» (Garbha Upanishad) و نامەکەش باوەڕە کۆنەکانی پەیوەست بە کۆرپەلە وەسف دەکات و بۆ ئەمانەی خوارەوە ئاماژە دەکات:

- بە یەکگرتنی تۆو و خوێن (مەبەست خوێنی بێنوێژیە) کۆرپەلە دێتە بوون.
- لە دوای کردەی زایەندی (جنسي) کۆرپەلە دەبێتە کالادا (Kalada) واتە کۆرپەلەی تەمەن یەك ڕۆژ.
- دوای حەوت ڕۆژ کۆرپەلە دەبێتە تۆو.
- دوا تێپەڕینی دوو هەفتە کۆرپەلە دەبێتە قەوارەیەکی خڕ.
- دوای یەك مانگ دەبێتە قەوارەیەکی تێکبەستراو (متماسك).
- دوای تێپەڕبوونی دوومانگ سەر درووست دەبێت.
- دوای سێ مانگ ناوچەکانی پەلەکان دەردەکەون.

ئەوەی ڕوونە ئەم وەسفانە لەگەڵ ڕاستیدا یەکناگرنەوە و بەخۆیی چێشتیش ناگەنە یەك، ئەم وێنایە ڕۆڵی خەیاڵ لە ڕۆنانی کۆشکی گەشەکردنی کۆرپەلەدا دەردەخات و، ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەم دابەش و قۆناخکاریە ناواقیعیەی لە گرابها ئوپانیشدا هاتووە، جگە زادەی خەیاڵ منالی هیچ شتێکی تر نیەو، ئەوەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە تەواو لەم دابەشکارییە جودایە و جگە دژیەکی هیچ شتێکی دی لە نێوانیاندا نیە.

## کۆرپەلەزانی لای یۆنانییەکان

یۆنانییە کۆنەکان یەکەم کەس بوون زانستیان بە لۆژیکەوە پەیوەست کردووە، ئەمەش بە لێکدانەوەو شیکاری تێبینیەکانیان بە لۆژیك نەك بەستنەوەیان بە هێزی جادووی شاراوەوە، بەڵاَن لەگەڵ ئەم پێشکەوتنەشیاندا لۆژیکی وان لەگەڵ ڕاستیە زانستیە چەسپاوەکاندا ڕێك نەهاتنەوەو ڕاڤەکانیان لەڕاستیەوە دوور مانەوە، ئەمەش لەبەر وەی کە ژیریی بە تەنها ناتوانێت لەسەر ڕاستیەکان بووەستێت و وەك خۆیان لێکیان بداتەوە، دەنا گومانی هەر بۆ درووست دەبن و لۆژیکەکەی پڕ دەبێت لە ئەفسانە.

لێرەشدا یەکەم کەسێك لەو کارە دوواوە هیپۆکراتە، ئیجا ئەرستۆش بە توێژینەوەکانی لە بواری کۆرپەلەزانیدا ناوبانگی دەرکرد و، دواتر لە سەدەی دووی زایینیدا گالن دەرکەوت.

لێرەوەیە هەندێك بێباوەڕ دێن و دەڵێن: هەرچی لە قورئان و سوننەتدا لە بارەی کۆرپەلەزانی هاتووە، هیچ نیە تەنها چەند ئاماژەیەك نەبێت کە ئیسلام لە زاناکانی پێش خۆی وەریگرتوون، بۆمەش ئەوە دەکەنە بەڵگەی خۆیان گوایا: هەرسێ زاناکە (هیپۆکرات، ئەرستۆ و گالن) قۆناخەکانی گەشەو پەرەسەندنی کۆرپەلەیان وەك ئەوەی لە قورئاندا هاتووە باسکردووە، بۆیە لێرەدا ئەو گەشە و قۆناخانە باسدەکەین کە وان زانایان خۆیان باسیان کردوون، هەتا ئەو جیاوازیەی کە لە نێوان ئەوەی وان و ئەوەی لە قورئاندا هاتووە ئاشکرا بێت.

### یەکەم: قۆناخەکانی گەشەی کۆرپەلە لای هیپۆکرات

| دەقی گوتەی هیپۆکرات | وەرگێڕانە کوردیەکەی |
|---|---|
| Stage 1: sperm | قۆناخی یەکەم: تۆو |
| Stage : mother's blood Descends around the membrane | قۆناخی دووەم: خوێنی دایك بە دەوری پەردەکەدا دادەبەزێت |
| Stage 3: flesh, fed through umbilicus | قۆناخی سێیەم: گۆشت، لە ڕێی ناوکە پەتکەوە خواردن وەردەگرێت |
| Stage 4: bones | قۆناخی چوارەم: ئێسك |

### دووەم: قۆناخەکانی گەشەی کۆرپەلە لای ئەرستۆ

| دەقی گوتەی ئەرستۆ | وەرگێڕانە کوردیەکەی |
|---|---|
| Stage 1: sperm | قۆناخی یەکەم: تۆو |
| Stage 2: catamenia menstrual blood | قۆناخی دووەم: خوێنی بێنوێژی -حەیز |
| Stage 3: flesh | قۆناخی سێیەم: گۆشت |
| Stage 4: bones | قۆناخی چوارەم: ئێسکەکان |
| Stage 5: around the bones grow the fleshy parts | قۆناخی پێنجەم: بەشە گۆشتیەکان بە دەوری ئێسکەکاندا دروست دەبن. |

### سێیەم: قۆناخەکانی گەشەی کۆرپەلە لای گالن

| دەقی گوتەکەی گالن | واتاکەی بەکوردی |
|---|---|
| Stage 1 : the two semen | قۆناخی یەکەم: هەردوو تۆوەکە |
| Stage 1B: plus menstrual blood | قۆناخی یەکەم (ب): لەگەڵ خوێنی بێنوێژی |
| Stage 2 : unshaped flesh | قۆناخی دووەم: گۆشتی شێوە نەگرتوو |
| Stage 3 : bones | قۆناخی سێیەم: ئێسکەکان |
| Stage 3B: flesh grows on and around the bones | قۆناخی سێیەم (ب): گۆشت بە دەور و لەسەر ئێسکەکان دروست دەبێت |

### چوارەم: قۆناخەکانی گەشەی کۆرپەلە لە قورئانی پیرۆزدا، وەك گومانبەر باسیکردووە

| گوتەی قورئان «بە پێی ڕیزکردنی گومانکار» | واتاکەی بەکوردی |
|---|---|
| Stage 1: nutfa sperm | قۆناخی یەکەم: تۆو |
| Stage 2: alaga clot | قۆناخی دووەم: خوێنی مەییو |
| Stage 3: mudagha piece or lump of flesh | قۆناخی سێیەم: پارچەیەك گۆشت |
| Stage 4: adaam bones | قۆناخی چوارەم: ئێسك |
| Stage 5: dressing the bones with muscles | قۆناخی پێنجەم: پۆشینی ئێسکەکان بە گۆشت |

لێرەداو پێش ئەوەی ئەو جیاوازیانە نیشان دەین کە لە نێوان ڕیزبەندیەکەی ئەوان سێ زانا و قورئانی پیرۆزدا هەن، دەبێت ئەوە بڵێین کە گومانکاران لەخۆوە قۆناخانێکیان درووستکردوون و وەپاڵ قورئانیان داوخوێن، بەڵاَم لەڕاستیدا لە قورئاندا نین، چونکە قۆناخەکانی کۆرپەلە لە قورئاندا ڕوونن و لە جێیەك زیاتردا ئاماژەیان پێکراوە، خوای عالەمیان دەفەرموویێت: ﴿ وَلَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِن سُلَٰلَةٖ مِّن طِينٖ ١٢ ثُمَّ جَعَلۡنَٰهُ نُطۡفَةٗ فِي قَرَارٖ مَّكِينٖ ١٣ ثُمَّ خَلَقۡنَا ٱلنُّطۡفَةَ عَلَقَةٗ فَخَلَقۡنَا ٱلۡعَلَقَةَ مُضۡغَةٗ فَخَلَقۡنَا ٱلۡمُضۡغَةَ عِظَٰمٗا فَكَسَوۡنَا ٱلۡعِظَٰمَ لَحۡمٗا ثُمَّ أَنشَأۡنَٰهُ خَلۡقًا ءَاخَرَۚ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحۡسَنُ ٱلۡخَٰلِقِينَ ١٤ ﴾ المؤمنون

یەکەم قۆناخ لە قۆناخەکانی درووستبوونی کۆرپەلە تۆو (نوتفە) یە، نوتفەش خوای کاربەجێ لە جێیەکی تری قورئانی پیرۆزدا باسی دەکات و دەفەرموویێت: ﴿ إِنَّا خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِن نُّطۡفَةٍ أَمۡشَاجٖ نَّبۡتَلِيهِ فَجَعَلۡنَٰهُ سَمِيعَۢا بَصِيرًا ٢ ﴾ الإنسان

نوتفەی ئەمشاجیش تێکەڵ بوونی ئاوی پیاو و ئاوی ئافرەتە، ئەمەش زانست لە مێژە سەلماندوویەتی.

ئینجا قۆناخی دووەم کە هەڵواسراو (علقة) یە دێت، ئەمەش ئەوکاتە دەست پێدەکات کە نوتفەی ئەمشاج بە ڕەحمەوە هەڵدەواسرێت و، بە دەرکەوتنی بارستەی لەش کۆتایی دێت

که ئەمەش سەرەتای قۆناخی جوراو (مضغة) یە، بۆیەش بە هەڵۆاسراو ناونراوە چونکە بە دیواری ڕەحمدا خۆی هەڵدەواسێت و دەچێتە ناوی، یاخود لە زەروو دەچێت. دوای ئەمەش قۆناخی جوراو دێت، دووبارە ئەمەش بۆیە وای پێ دەوترێت چونکە لێرەدا کۆرپەلە کە پارچە گۆشتێکە، وەك جورابێت و نیشانەی دانی لەسەر بێت وایە. ئینجا ئیسکەکانی کۆرپەلەکە درووست دەبن بە گۆڕانی جوراوەکە بۆ ئێسك و، گۆپکەکانی پەلەکان و ماسولکەکانی دەردەکەون و دوای ئەوەش ئەو ئێسکانە بە گۆشت دادەپۆشرێن.

وە وردی و تەواوی قورئانیش لەو وەسفانەدا وای کردووە زاناکانی بواری کۆرپەلە لەم سەردەمەدا ئەو ڕاستیە بدرکێنن و بڵێن: ئەوەی ئەم قۆناخانەی ڕیزبەندی کردووە، دەبێت پێغەمبەرێك بێك کە نیگا لە ئاسمانەوە وەربگرێت، نێودارترینیشیان کیس مورە، کە یەکێکە لە گەورە زاناکانی بواری کۆرپەلەی جیهانی کە دەڵێت: ئەم زانیاریانە لەسەر قۆناخەکانی کۆرپەلە تا هەزار ساڵ دوای دابەزینی قورئان نەزانراون.

لەم خشتەیەدا قۆناخە ڕاستەکانی درووستبوونی کۆرپەلە لەقورئاندا وەك خۆی ڕوون دەکەینەوە، تا بەوان قۆناخانەی بەراورد بکەین کە گومانکاران بۆ قورئانیان داتاشیوە و دەڵێن گوایە لە قورئاندا وا هاتووە (هەروەك لە پێشدا ڕوونکرایەوە).

| قۆناخەکانی کۆرپەلە لە قورئاندا، بە گوێرەی وتەی گومانکار | قۆناخەکانی کۆرپەلە لە قورئاندا، وەك ئەوەی لە قورئان خۆیدا هاتووە |
|---|---|
| قۆناخی یەکەم: تۆو (المني) | قۆناخی یەکەم: نوتفەی مسشاج ی پێکهاتوو لە تۆوی پیاو و هێلکەی ئافرەت |
| قۆناخی دووەم: خوێنی مەییو | قۆناخی دووەم: هەڵواسراو (العلقة) |
| قۆناخی سێیەم: پارچەیەك گۆشت | قۆناخی سێیەم: جوراو (المضغة) |
| قۆناخی چوارەم: ئێسك | قۆناخی چوارەم: ئێسك |
| قۆناخی پێنجەم: داپۆشینی ئێسکەکان بە ماسولکە | قۆناخی پێنجەم: داپۆشینی ئێسك بە ماسولکە |

لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە گومانگار هەندێك ناوی بۆ هەندێك قۆناخی کۆرپەلە داناوە کە بوونیان لە قورئاندا نیە و وەسفی ڕاستەقینەی ئەو قۆناغانە نین.

گەر بە خێرایی سەرنجی قۆناخەکانی درووستبوونی کۆرپەلە لای «هیپۆکرات، ئەرستۆ و گالن» بدەین، ئەوا دەبینین ئەو قۆناخانە لای وان زانایان تەواو لەو ڕیزبەندیانە جیاوازن کە قورئان بۆ قۆناخەکانی کۆرپەلەی کردوون و زانستی نوێش سەلماندوونی. لای هیپۆکرات سەرچاوەی کۆرپەلە خوێنی حەیزە، ئەرستۆ سەرچاوەکەی دەباتەوە سەر خوێنی حەیز و تۆوی پیاو و، گالنیش لە گەڵ هیچیان نیەو بە ڕای ئەو کۆرپەلە لە هەرسێ خوێنی حەیز و ئاوی پیاو و ئاوی ئافرەتەوە درووست دەبێت، کەواتە چ لێکچونێك لە نێوان ئەم بۆچوونانە و ئەوەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە هەیە، کە کۆرپەلە لە هەردوو پیاو و ژن درووست دەبێت؟ چونکە نوتفەی امشاج تێکەڵێکە لە ئاوی پیاو و ژن و بە پێی گوتەی قورئانی پیرۆز خوێنی حەیز بە هیچ جۆرێك بەشداری لە درووستبوونی کۆرپەلەدا ناکات.

بەم شێوەیە بینیمان چۆن قورئان خۆی لەو هەڵە گەورەیە بواردووە کە وان سێ زانایان پێکەوە تێی کەوتوون و لەسەری کۆکن.

هەروا وەك لەپێشدا ڕوون کرایەوە ئەوان هیچ شتێکیان لە بارەی دوو قۆناخی دوای نوتفە و پێش ئێسقان نەگوتوە، کە ئەوانیش (هەڵواسراو و جوراون «المضغة والعلقة»)، کەواتە پێغەمبەر لەکوێوەی هێنان گەر لای خودای گەورەوە نەبێت؟ لە کاتێدا دوو وەسفی زۆر تەواو و ووردی ئەو دوو قۆناخەن.

ئایا وازهێنانی پێغەمبەر (ﷺ) لەو هەڵانەی هیپۆکرات و ئەرستۆ و گالن و، هێنانی ئەوەی زانستی نوێ سەلماندوویەتی، بەڵگەی ڕاستیی ئەوە نیە کە لە قورئان و سوننەتدا هاتووە؟

ئەرستۆ لە توێژینەوەکەیدا بیروبۆچوونی سەردەمەکەی هێناوە و لە ژێر دوو گریمانەدا پۆلینی کردوون:

یەکەم: کۆرپەلە لە تۆوی پیاودا ئامادەیە و هەرکات ئەو تۆوە گەیشتە ڕەحم پێکدێت، ئینجا گەشە دەکات وەك چۆن تۆوی ڕوەك لە زەویدا گەشە دەکات و هەر بەو جۆرەش خواردن لە ڕەحمەوە وەردەگرێت.

دووەم: کۆرپەلە لە خوێنی بێنوێژیەوە درووست دەبێت و تۆوی پیاو دەیرسکێنێت، وەك چۆن هەوێن ماست بۆ پەنیر دەگۆڕێت، تۆویش هاوشێوەی هەمان کردار لەگەڵ خوێنی حەیزدا دەکات و بۆ کۆرپەلەی دەگۆڕێت و، بە هیچ جۆرێك تۆو ڕۆڵی لە بەدیهاتنی منداڵدا نیە، بەڵکو ڕۆڵێکی لاوەکی هەیە وەك چۆن ڕۆڵی هەوێن لە دروستکردنی پەنیردا لاوەکیە.

ئەرستۆ خۆی زیاتر لایەنگیری بۆچوونی دووەمی کردووەو پێی ڕاستتر بووە، هەروەها ئەرستۆ لە لایەنگرانی بیردۆزی لەخۆوە درووستبوون بووە کە دەڵێت: کرم و ووردە زیندەوەرانی تر لە شتی لێکهەڵوەشاو و بۆگەنکردووەوە درووست دەبن، هەربۆیەش پێی وابووە کۆرپەلە لە خوێنی بێنوێژیەوە درووست دەبێت. ئاشکرایە ئەو بیردۆزەش کاتێکی دوور و درێژ باو و باوەڕپێکراو بوو هەتا لویس پاستۆر هات و ساڵی «١٨٦٤»ز» زانستیانە پووچی کردەوە و لە ناوی برد.

لەو کاتەوە کە ئەرستۆ بیردۆزە باوەکانی سەردەمی خۆی سەبارەت بە درووستبوونی کۆرپەلە پوخت کردوون و لێی توێژیونەتەوە، جەدەلی نێوان لایەنگرانی بیردۆزی کۆرپەلەی تەواوی بچوککراوەی نێو ئاوی پیاو و، لایەنگرانی کۆرپەلەی تەواوی بچوککراوەی نێو هێلکەی ئافرەت، بەردەوام بوو و، هیچ یەکێك لە لێکۆڵەران بۆ ماوەی ٢٠٠٠ ساڵ بیریان بەلای ئەوەدا نەچووە کە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ وەك یەك، بەشداری لە درووستبوونی کۆرپەلەدا دەکەن.

ئەو جەنگەش هەتا سەردەمی ڕێنیسانس و بگرە تا سەرەتای سەدەی بیست بەردەوام بوو، کە لەوێدا هەڵەیی هەردوو بیردۆزەکە دەرکەوت و هەدووکیان بە جووت بە یەکجاری بە خاك سپێرران.

لێرەدا بەئاشکرا ئەوە دەردەکەوێت، کە مرۆڤایەتی تا کۆتایی سەدەی نۆزدە، نەیتوانیوە ئەوە بزانێت کە کۆرپەلە لە تێکەڵاو بوونی ئاوی نێر و مێ درووست دەبێت، و ئەوەشی تەنها لە سەدەی نۆزدەدا بەهۆی زانستە تاقیگەییەکانیەوە بۆ سەلما. لەکاتێکدا

قورئانی پیرۆز پێشدەستی لە ئاشکراکردنی هاوبەشیی «نێر و مێ» لە دروستبوونی کۆرپەلەدا کردووە و ڕایگەیاندووە کە کۆرپەلە لە نوتفەی ئەمشاجەوە دروست دەبێت، کە ئەویش لە تێکەڵاو بوونی ئاوی نێر و مێ پێکدێت، پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ إِنَّا خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن نُّطْفَةٍ أَمْشَاجٍ نَّبْتَلِيهِ فَجَعَلْنَٰهُ سَمِيعًۢا بَصِيرًا ﴿٢﴾ ﴾ الإنسان

ئەو دوو بیردۆزەش کە باسکران لای هەمووان چەسپاو بوون و وەك حەقیقەتێکی جێگیر و گومانهەڵنەگر دەهاتنە ئەژمار و جێی چەند و چوون نەبوون، بەڵام ئەم بۆچوونە لە بەردەم زانا مسوڵمانەکاندا ڕێگر نەبووە لە وەی ڕای قورئان بەسەر وان ڕایاندا پەسەند بکەن، لەوانەش ئیبن حەجەر و هەروا ئیبنول قەیم کاتێك گوتویە: «کۆرپەلە لە هەردوو ئاوی پیاو و ئافرەتەوە بەدی دێت، پێچەوانەی ئەوەی تەبائیعییەکان بانگەشەی دەکەن کە دەڵێن تەنها لە ئاوی پیاو دروست دەبێت» هەروەها قورتوبی گوتویە: «خوای گەورە لەم ئایەتەدا ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَٰكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَٰكُمْ شُعُوبًا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓا۟ ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴿١٣﴾ ﴾ الحجرات

ئەوەی ڕاگەیاندووە کە دروستکراوانی لە نێر و مێ دروست کردوون» و ئەوانەشی پەرچ داوەتەوە کە گووتویانە دروستکراوان لە یەك ئاو دروست دەبن و دەڵێت: «دروستکراوان دەبێت لە هەردوو ئاوی پیاو و ئافرەتەوە بێن لە بەر ئەو ئایەتە، کە ئەوەش دەقە و لێکدانەوە (تأویل) هەڵناگرێت»

لێرەدا دەپرسین لە کاتێکدا قورئان پێچەوانەی ڕای باوی سەردەمی خۆی و پێش و دوای خۆشی ڕاگەیاندبێت، لەوەدا کە گوتویە کۆرپەلە بەیەکسانی لە ئاوی پیاو و ژنەوە دروست دەبێت، نەك تەنها یەکێکیان، ئیتر چۆن گۆمانکاران دەڵێن گوایە قورئانی پیرۆز زانیاریەکانی بواری کورپەلەزانی لە گەلانی پێش خۆیەوە وەرگرتووە؟؟

## دووەم: زانیاریەکانی پێش ئیسلامی گەلەکەی پێغەمبەر (ﷺ) لە بارەی کۆرپەلەزانیەوە.

پلەی زانستە باوەکانی سەردەمی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە نێو گەلەکەیدا و پێش بوونی بە پێغەمبەر جیاوازە، بەهێزبوون ئەو زانستانەی پێوەندی بە دەوروبەریانەوە هەبووە وەك: شیعر، هەستکردن بەو شوێنەی ژێر زەوی کە ئاوی تێدا کۆبۆتەوە، مەزەندە کردنی کاتی باران بەگوێرەی جوڵەو پێگەی ئەستێرەکان، شارەزابوون لە شوێنپێ هەڵگرتنی کەسانی تردا، بەڵان زانستانی تری وەك پزیشکیی تێیاندا لاواز بوون، هەرچەندیش پزیشکی وەك حاریسی کوڕی کیلدە تێیاندا بە نێوبانگ بووە، بەڵام ئەویش پیشەکەی زیاتر بە جادووەوە پەیوەست بووە و کارەکەی زۆرتر لەسەر ئامرازە سەرەتاییەکانی وەك: داخکردن، بڕینەوە، خوێنلێدەرهێنان، چارەکردن بە ڕووەك و حیجامەوە وەستاوە و، هەندێك زانستیش کە لەسەر پایەیەکی لۆژیکی نەوەستاون تێیاندا بڵاوبووە وەك: ئەستێرە گرتنەوە و ناوچاوان خوێندنەوە بۆ زانینی کارە غەیبیەکانی ئێستاو داهاتوویان. لێرەدا دەپرسین و دەڵێین: ئەگەر ئەمە حاڵی گەلەکەی پێغەمبەر بێت کە لە نێویاندا ژیاو لێیانەوە فێربوو، ئەدی لەکوێوە ئەو توانایەی هێنا ئەو ڕاستیە زانستیانە کەشف بکات کە لە باڵاترین پلەی وردیدان، لەکاتێکدا ئەو پێغەمبەرێکی نەخوێندوو بوو (ﷺ)، نووسین و خوێندنەوەی نەدەزانی؟!

دیارە زانستی ئەو پێغەمبەرە بەڕێزە (ﷺ) زۆرترلەسەر چاودێریکردنی مەڕ و شوانیی، هەندێك کاروباری جەنگ و سیاسەت و، بەسەرڕاگەیشتنی هەندێك کاروباری دادوەریدا کورت بووبووەوە. بەڵام کۆرپەلەزانی و زانینی ئەوەی لە ڕەحمدایە، لای عارەبانی کاتی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوا باری لە زانستەکانی تر باشتر و ڕاستتر نەبووە و بگرە لەوانیش گەلێك خراپتر بووە، چونکە گەر وان توانیبێتیان ئەستێران ببینن و پەیوەستی بە چەند دیاردەو ڕووداوێکی ناڕاست و نا لۆژیکەوە بکەن، یان چەند نیشانە و ماکی چەند نەخۆشیەك ببینن و بە گوێرەی توانا پێشکانیان بە دەرمانی هەبوو تیماریان بکەن، ئەوا کۆرپەلەزانی و ئەوی پەیوەست بووە بەم بوارەوە غەیب و نادیار بووە بۆیان، چونکە ئەوکات کەس توانای بینینی ڕەحم و ئەوی هەڵیگرتووەی نەبووە، بۆیە ئەم زانستەش لای وان چۆتە قاڵبی جادوو و ئەفسانە و لێکدانەوە نازانستی و نالۆژیکیەکانەوە، بەڵام بە لێکدانەوەی نزیکبوونەوەی پیاو و ئافرەت و بینینی ئاوی پیاو بۆ ئەوە چوون کە مرۆ لەئەنجامی ئەو جووت بوونەو لە ئاوی پیاوەوە دروست دەبێت، بەڵام ئەوەی بە وردی قۆناخ و گەشەی کۆرپەلە بزانن و پەی بە کاتی دروست بوونی بەشەکانی وەك: کۆشت و ئێسقان ببەن، یاخود کەی لە ڕوکەشدا دەزانرێت کۆرپەلە کوڕە یان کچ، ئەوا نەك بۆوان کە گەلێکی دواکەوتووی دەمی خۆیان بوون بەڵکە بۆ گەلە تەواو پێشکەوتووەکانی ئەوکات و پێش و دوای ئەوکاتیش ئەوە کارێکی دەست پێڕانەگەیشتوو بووە و ئەوان زانیاریان نزیکی ٢٠٠٠ ساڵی تەواوی خایاند تا مرۆڤایەتی تێیان گەیشت و پێیان گەییشت، ئیدی چۆن دەکارێ ئەوە وەپاڵ پێغەمبەر (ﷺ) بدرێت کە ئەوان زانیاری و وەسفی ئەوان قۆناخی لە کەسێکی کەم زانستی گەلێکی بێزانستەوە وەرگرتبێت، بێوەی کەس بزانێت زانیاریەکانی لە گەلانی دووردەستی پێشکەوتووی ئەوکات و بەهۆی تاکە پزیشککارێکەوە دەست بکەوێت و، ئنجا ڕاستیان لە چەوت هەڵاوێرێت و لەنێو کتێبێکدا کە قورئانە لە لووتکەی ڕوانبێژیدا و بەشێوازێکی سەر سووڕهێنی زانستی ڕێکیان بخات؟ ئەمە بێئەوەی وەك بانگەشەی بەرنامەکەی پێویستی بە ئاوا زانیاریەکی ورد بێت کە بۆ کەسانی ئەوکات نا مەفهوم بوون و جگە لە بەستنەوەی بە توانای پەروەردگارەوە بۆ دروستکردن و دووبارە زیندووکردنەوە، لە درێژەی ڕیزبەندیە زانستیەکەی ئەوان قۆناخ و دابەشکاریدا سوودیان نەبردووە و هیچ پێویست نەبووە بەوان بێژێت (ﷺ) کەنگێ لە ڕووکەشدا و لە سکی دایکیدا دەتوانرێت بزانرێت کۆرپەلە کوڕە یان کچ! کەواتە دانانی ئەم هەموو گریمانەیە کە پێغەمبەرێکی نەخوێندەوار ئەو هەموو کارانەی کردبێت جگە خۆگێلکردن و نەبینینی ڕۆژی ڕوناکی حەقیقەت و داننەنان بە پێغەمبەرێتی پێغەمبەردا (ﷺ) نەبێت، چی تر هەڵدەگرێت و چی دی لێدەخوێندرێتەوە؟ لەکاتێکدا زۆر ئاشکرا دیارە و وەك لە پێشیشدا ڕوونکرایەوە سەرچاوەی مرۆیی ئەوان زانیاریان تەواو لیخن بووە و گەورە عەقڵانی ئەو بوارە: ئەرەستۆ، هیپۆکرات و گالنی یۆنانی و، میسری و هیندیە کۆنەکانیش تەواو بە هەڵەداچوون و زانیاریەکانیان لە زۆر جێگادا سەرلەبەر هەڵەبوون، ئیتر چۆن موحەممەد (ﷺ) زانیاری ڕوونی لە کانیاوێکی لیخن و زانستی دروستی لە

سەرچاوانی نادرووستەوە بۆ مە گواستۆتەوە، لە کاتێکدا تا دنیا بمێنێت و زانست وەپێش بچێت ئەو زانیاری و قۆناخبەندیانەی ئەو کردوونی (ﷺ) ڕوونتر و باشتر دەردەکەون و دەچەسپن؟!

هەروا ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) لە نێو گەلەکەیدا بە ڕاستگۆی دەستپاك ناسرابێت، ئایا لەگەڵ خەڵکیی ڕاست و لەگەڵ خوای بێهاوتا ناڕاست دەبێت و بەناوی ویەوە ناڕاست دەڵێت؟ بێگومان نا، خۆ ئەگەر ئەو زانستەی لە حاریسی کوڕی کیلدە و نەزری کوڕی حاریس، یا هەر کەسێکی ترەوە وەربگرتایە، وەك گومانکاران دەیڵێن، ئەوا بێ سێ و دوو دەیفەرموو کە لە ئەوانی وەرگرتووە و نەیدەگووت کە ئەوە گووتەی خودایە، ئەمە لەکاتێدا وەك ڕوونکرایەوە ئەوان پزیشکان خۆیان هیچیان لەو بارەوە نەزانیوە هەتا لێیانەوە وەربگرێت، دیارە ئەوەی خۆی شتێك نەزانێت چۆنی فێری خەڵکانی دی بکات؟!

ئەوی ڕوونە گەلی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوکات ئەفسانەو بیری پووچ تێیاندا بڵاوبووە و، زۆرێك لە زانیاریەکانیان، هەروەك زانستی نوێ سەلماندوویەتی، هەڵە بوون یا تێکەڵێك بوون لە هەڵە، خۆ گەر ئەو خەڵکانە چاوەی زانیاریەکانی پێغەمبەر بن، کە وانیە، ئەدی چۆن توانی ڕاستیان کە دەگمەنە لە چەوت و بێفەریان کە زۆرینەیە هەڵاوێرێت؟

ئاشکرایە قورئانی پیرۆز کتێبی زانیاری و زانست نیە، بەڵکە کتێبی ڕێنموویی و هیدایەتە، بەڵام خودای پەروەردگار ئیرادەی وایە هەندێك ئاماژەی زانستی تێدا بن کە ئەوکات ڕۆڵێکیان لە بڵاوبوونەوەی بانگەوازی ئیسلامیدا نەبووە و، هیچ بەشدارییەکیان لە تەشەنەکردنی ئیسلامدا نەبووە، کەس ئەوەی پێنەگەیشتووە کە لەکاتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) تاکە کەسێك بەهۆی بوونی ئیعجاز لەو ئایەتانەی ئێستا پێیان دەڵێین ئایەتەکانی ئیعجاز لە بواری کۆرپەلەزانیدا، موسڵمان بووبێت، بەڵکو هەرکەس لە سەرەتای هاتنی پەیامی ئیسلامدا ئیمانی هێنابێت، ئەوە زیاتر لەبەر عەقیدەی یەکپەرستی بێخەوش بووە کە لەگەڵ فیترەتی ساخدا دەئاخاوێت و لە بەر ئەوە بووە کە ئیسلام داوای ئاکار و ئادابی بەرز دەکات، خوای کاربەجێ دەفەرموویت:

﴿ وَٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا۟ بِهِۦ شَيْـًٔا ۖ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا وَبِذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱلْجَارِ ذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْجَارِ ٱلْجُنُبِ وَٱلصَّاحِبِ بِٱلْجَنۢبِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ مُخْتَالًا فَخُورًا ﴿٣٦﴾ ﴾ النساء

خۆ ئەگەر ئەو ئاماژانە هیچ کاریگەریەکیان لەسەر بڵاوبوونەوەی بانگەوازی ئیسلامی لەکاتی پێغەمبەردا (ﷺ) نەبووبێت، چی ئەوە پێویست دەکات گوتەی ناڕاست – دوور لەئەو – بڵێت و ئەو زانیاریانە لە کەسانی دیەوە وەربگرێت؟؟!!

ئاشکرایە هیچ ژیریەك ئەمە ناسەلمێنێت و هیچ عەقڵێك بڕوا بەمە ناکات. بەڵکو ژیر و خاوەن ئاوەز ئەوەی زیاتر بۆ ئاشکرا دەبێت کە ئاوا زانیاریەکی ورد و قۆناخبەندیەکی تەواو دروست، لەو سەردەم و بۆ کەسێکی نەخوێندەوار، تەنها لە لایەن بەدیهێنەری کۆرپەلەوە کە خوای میهرەبانە بەدەست دێت و، لە غەیری ویەوە بەهیچ جۆرێك مومکین نیە و دەستپێراگەیشتنی مەحاڵە.

سەرچاوە: موسوعة حقائق الاعجاز العلمي في القران الكريم و السنة النبوية في مواجهة الشبهات/ المجلد الثالث.. www.eajaz.org

## زانایانی ئیسلام



# شەریفی ئیدریسی

م.جەمال موحەممەد ئەمین

شەریفی ئیدریسی ناوی ئەبووعەبدوڵڵا کوڕی محەمەد کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی ئیدریسە، لەساڵی (١١٠٠ ز) لەشاری سەبتەی مەغریبیدا لەدایك بووە، وهەر لەوێ خوێندویەتی وە زۆرحەزی لەگەشت و گوزار بووە، و کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی و کەنارەکانی بەریتانیا و فەرەنسا گەڕاوە، ئینجا گەڕاوەتەوە بۆ باکوری ئەفەریقا و تەمەنی لە شانزە ساڵ تێ نەپەڕیوە.

شەریفی ئیدریسی یەکێکە لە زانا هەرە گەورەکانی جوگرافیا، و هەر شوێنێ گەڕابێت بەچاوی زانایەکی بیر فراوانەوە تیا ماوەتەوە و ئینجا لەسەری نووسیوە، وئەو شوێنانەی کە نەیدیبێ ئەوا پرسیاری زۆری لەبارەوە کردووە و زانیاری لەسەری کۆکردۆتەوە، کاتێك کە ناوی ئیدریسی لە ئاسمانی زانستی جوگرافیادا درەوشایەوە، پاشای صقلیە (ڕۆجەری دووەم) دەنگ و باسی دەبیستێ و دەنێرێ بە شوێنیدا، ئیدریسیش بەدەم داواکەیەوە دەچێت و لە ساڵی (1138 ز) وەتا (1154 ز) کە تیایدا کۆچی دوایی کرد، لەو ماوەیەدا هەمووی لای پاشای صقلیە دەمێنێتەوە و ڕێزێکی زۆری لێ دەگرێت و یارمەتیشی دەدات، وە ڕۆجەر یەکێك بوو لەوانەی کە یارمەتی ئیدریسی دا لەدانانی نەخشەی گۆی زەویدا، و ئیدریسیش وەکو چاکە دانەوەیەکی پاشای صقلیە، نزیکەی ١٥ ساڵ خەریکی دانانی کتێبێك دەبێ بەناوی (نزهة المشتاق فی اختراق الافاق)کە بەچەند هەفتەیەك پێش مردنی پێشکەشی پاشای صقلیەی کردووە. ئەم کتێبەی ئیدریس تائێستاش بەگەورەترین سەرچاوەی زانستی جوگرافیا دادەنرێت، دائیرەی مەعاریفی فەرەنسی دەڵێ: (کتێبەکەی ئیدریس لە جوگرافیا بە گەورە ترین بڕوا نامەی زانستی جوگرافیا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دادەنرێت). ئیدریس لە کتێبەکەیدا زانیاری تەواو لە بارەی ڕووبارەکان و چاوگەکانیان و پلەی گەرمی ناوچەکان بەدرێژایی چوار وەرزەی ساڵ دەدات، هەروەها هەر لەو کتێبەیەیدا گۆی زەوی دابەش کردووە بۆ حەوت هەرێم، کە لە هێڵی یەکسانی ئێستاوە دەست پێ دەکات، و ئاماژەی بۆ ناوچەی جەمسەری ساردی گۆی زەوی کردووە و دەری خستووە کە ئەو ناوچانە چۆڵن و ئاوە دانیان تیا نییە، شایانی باسە کە ئەو کتێبە بۆ زۆربەی زمانە بیانیە سەرەکیەکان وەر گێر راوە، و جگە لەو کتێبەش کتێبی (روضة الانس و نزهة النفس) و چەند کتێبێکی دیکەیشی هەیە. جگە لەوانەش زانا ئیدریس زۆر بە سەلیقەیی و زانایەوە نەخشەیەکی گۆی زەوی کێشاوە لەسەر پارچەیەك زیو کە تائێستاش جێگای سەر سوڕمان و سەرنجی زانا ئەوروپیەکانە، چونکە ئیدریس لەو نەخشەیەیدا سەلماندویەتی کە زەوی خڕە، و بۆ یەکەم جار توانوویەتی هێڵەکانی پانی لە سەر دابنێت و ماوەکانی نێوان پارچەکانی زۆر بە وردی دیاری بکات، و لە کۆتاییدا ئەمەندە بەسە کە مێژوونوس (جوتیە) دەڵێت: (ئیدریسی جوگرافیزان مامۆستای جوگرافی ئەوروپا بووە بۆ ماوەی سێ سەدە ئەوروپا ئەو زانایەی وەك مامۆستای خۆی داناوبوو چونکە تا ئەو کاتە هیچ وێنەیەك و نەخشەیەکی جیهانی نەبوو تەنها ئەوەی ئیدریس نەبێت).

سەرچاوەکان: ١- کتێبی (المسلمون والعلم الحدیث) ٢- ڕۆژنامەی (طب وعلوم) ژ ٧٧. ٣- کتێبی (اعلام التربیة) ٤- گۆڤاری (الرسالة الاسلامیة) ژ.١٣٣ / ١٩٨٠
٥- گۆڤاری العلوم ژ/ ٦٣ /١٩٩٢



د.كريم أحمد
karimdawody@yahoo.com

# نهێنییەکانی قورئان و وەڵامی هەندێك رەخنە

ئەم بابەتە لێكۆڵینەوەیەك بوو لە دوو توێی پەنجا لاپەڕەدا پێشكەش بە كۆنگرەی بەرگری لە قورئانی پیرۆز كرا كە سەنتەری زەهاوی گرتی لە كۆتایی مانگی دوازدەی 2011، بابەتەكە لە دووبەش پێكهاتووە، لە ژێر هەر بەشێكیشدا كۆمەڵێك باس هەیە:

بەشی یەكەمیان باسی هەندێك لە نهێنییەكانی قورئان و ئیعجازی قورئان و هەندێك لە سیفەتەكانی قورئان دەكات، بەشی دووەمیشیان وەڵامی كۆمەڵێك رەخنەو بۆچوون دەداتەوە، لەوانە دوو بۆچوونی دكتۆر عبدالكریم سروش، و دوو رەخنەی كتێبی ئایا قورئان پارێزراوەو هەندێك وڕێنەی احمد القبانچی كە عەمامە بەسەرێكی شیعەیە!

لە میانەی باسی ئیعجازی قورئاندا وەڵامی ئەو بۆچوونەمان داوەتەوە كە نەززامی موعتەزیلی و شریفی مورتەزای شیعی و هەندێك زانای تر هەیانبووە كە بە عەرەبی پێی دەوترێت«صورفە» یا «صەرفە» كە كورتەكەی ئەوەیە كە ئەگەر خەڵكی كتێبێكی وەكو قورئانیان دانەناوە لە رووی رەوانبێژییەوە لەبەر ئەوە نییە كە لە توانایاندا نەبووە بەڵكو لەبەر ئەوەیە كە خوا رێگری لێكردوون یان ئەوەی لە دڵ دەرهێناون كە هەوڵی شتێكی وا بدەن! كورتەی وەڵامەكەش ئەوەیە كە ئەو جۆرە بۆچوونە بەڵگەیە لەسەر نەناسینی خواو نەناسینی حەقیقەتی قورئان و لە خۆگۆڕانی ئەو كەسانە.

هەر لە میانەی باسی ئیعجازی قورئاندا باسی ئەوەمان كردووە كە قۆرخكردنی ئیعجازی قورئان لە رووە بەلاغییەكەیدا بچووككردنەوەی قورئان و نەناسینی قورئانە، بەڵكو قورئان دەبێ هەموو شتێك و هەموو لایەنێكی موعجیز بێت و لە توانای مرۆڤدا نەبێت شتێكی لەو جۆرە دابنێت، نابێ تەنها لە رووی زمان و رواڵەتەوە بێوێنە بێت كە ئەو هەموو بایەخەی پێدراوە، بەڵكو لە هەموو روویەكەوە بێوێنەیە:

لە رووی جەوهەرو ماهییەتەوە، لە رووی سروشت و سیفەتەوە، لە رووی ناوەڕۆك و پێكهاتەیەوە، لە رووی پەیام و وەزیفەیەوە، لە رووی شێوازو میتۆدەوە، و لە رووی كاریگەرییەوەو هەروەها..... هتد.

هەروەها باسی هەندێك لە سیفەتەكانی قورئانمان باسكردووە كە لە قورئاندا هاتووەو گرنگی تایبەتی خۆیان و دەلالەتی خۆیان هەیە، لەوانە وەسفكردنی قورئان لەلایەن خواوە بە: حكیم، كریم، مجید، مبارك، مبین.... هتد.

بەشی دووەمی لێكۆلینەوەكەمان كردۆتە دوو باسەوە، لە باسی یەكەمدا باسی ئەو شتانەمان كردووە كە ناحەزانی ئیسلام پشتیان پێدەبەستن بۆ رەخنەگرتن لە قورئان، لەوانە:

١- ئەو هەموو ریوایەتە لاوازو هەڵبەستراوانەی دەربارەی نووسین و كۆكردنەوەی قورئان ریوایەت كراون.

٢- ئەو هەموو ریوایەتە لاوازو هەڵبەستراوانەی دەربارەی ناسخ و مەنسوخ هاتوون.

٣- ئەو ئیسرائیلییات و ریوایەتە هەڵبەستراوو لاوازانەی زانایانی تەفسیر ریوایەتیان کردووە لە تەفسیرەکانیاندا دەربارەی واتاو مەبەستی ئایەتەکان.

٤- ئەو هەموو ریوایەتانەی زانایانی شیعە داویانەتە پاڵ ئیمامەکانیان دەربارەی رووداني گۆڕانکاری لە قورئانداو دەسکاریکردنی قورئان لەلایەن هاوەڵانەوەو بوونی موصحەفی فاتیمەو جەفرو جامیعەو سورەتی ویلایەت و هتد.

باسی دووەمی بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەمان تەرخان کردووە بۆ رەتدانەوەی هەندێك بۆچوونی هەڵەو رەخنە لە قورئان، لەوانە دوو بۆچوونی هەڵەی عبد الکریم سروش کە لە وتارێکیدا بەناوی توتی و زەنبور بلاوی کردۆتەوە، یەکێکیان ئەوەیە کە دەڵێ قورئان بە لەفز دانەبەزیوە بەسەر پێغەمبەردا بەڵکو بە مانا دابەزیوەو پێغەمبەر خۆی دایڕشتۆتەوە لە ژێر کاریگەری حاڵەتی دەروونی خۆی و کولتوری کۆمەڵگەو هتد، دووەمیشیان کە هەر لەیەکەمەوە سەرچاوە دەگرێت سورەتی ﴿تَبَّتۡ يَدَآ أَبِي لَهَبٖ وَتَبَّ ١﴾ المسد: ١ ە کە بەنموونە دەیهێنێتەوە لەسەر ئەوەی کە سورەتێکی رەوان نییەو پێغەمبەر لە حاڵەتێکی پەستی دەروونیدا وتوویەتی و ناگاتە ئاستی رەوانبێژی ئایەتەکانی تری قورئان.

ئێمە لێرەدا بەچەندین بەڵگەی عەقڵی و نەقڵی سەلماندومانە کە قورئان بە لەفز دابەزیوە نەك بە مانا وە سەلماندومانە کە ئەو بۆچوونەی سروش لە بێئاگایی ئەو لە قورئان و پاشخانە شیعەگەرێتییەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە زۆربەی زانایانی شیعە چجای بیرمەندەکانیان هەم ئاگایان لە قورئان نییەو لێکۆڵینەوەیان لەسەری نییە، وەهەم باوەڕیان وایە کە قورئان دەسکاریکراوە.

بەڵگەی روونی بێئاگایی سروش لە قورئان ئەم ئایەتانەیە کە بە راشکاوی و بێ پێچوپەنا دەڵێن قورئان بە زمانی عەرەبی دابەزیوە، کە هەرکەسێك بیخوێنێتەوە گومانی نامێنێ لەوەی کە قورئان بەلەفزو مانا دابەزیوە نەك تەنها بە مانا[1]

لێرەدا ئاماژەمان بە یەکێك لە نهێنییەکانی قورئان داوە لەوەی کە لەچەندین شوێندا ئاماژەی بەوە داوە کە قورئان بە زمانی عەرەبی دابەزیوە بەسەر پێغەمبەردا ﷺ ئەو شتەی کە کوردە ناسیۆنالیستەکان پێی نارەحەتدەبوون و وایان دەزانی ئەوە بەڵگەی عەرەبچێتی قورئانە، ئێستا دەردەکەوێت ئەگەر ئەو ئایەتانە نەبووایە رەنگە خەڵکێکی زۆر بەقسەی کەسانی وەکو سروش فریویان بخواردایەو باوەڕیان بکردایە بەوەی کە قورئان بەمانا دابەزیوە نەك بە لەفز!

دەربارەی سورەتی ﴿تَبَّتۡ يَدَآ أَبِي لَهَبٖ وَتَبَّ ١﴾ المسد: ١ یش کە عبدالکریم سروش لە نەزانی خۆی و ناشارەزایی ئەو لە زمانی عەرەبی و بەگەڕ نەخستنی بیرکردنەوەیەکی لۆژیکیانە وادەزانێ سورەتێکی نارەوانەو نەك هەر لە قورئان بەڵکو لە قسەکانی تری پێغەمبەریش نا رەوانترە، سەلماندومانە ئەم سورەتە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە قورئان نەك هەر لەلایەن خواوەیە بەڵکو بەڵگەشە لەسەر ئەوەی کە قورئان بەهیچ شێوەیەك دەسکاری نەکراوەو گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە ئەویش بەم شێوەیە:

١- ئاشکرایە کە ئەم سورەتە لە سەرەتاکانی سەردەمی بانگەوازی ئیسلامیدا دابەزیوە لە مەککە کە هێشتا ژمارەی موسوڵمانان بە پەنجەی دەست دەژمێرران، جا ئەگەر ئەم قورئانە لە دانانی محمد خۆی بووایە هەرگیز لەو کاتەدا ئاوها سورەتێکی دانەئەبەزاند لەبەر ئەم هۆیانە:

یەکەم: وەکو ئەزانین ئەبولەهەب مامی پێغەمبەر بوو پێغەمبەریش لەو سەرەتایەوە پێویستی بە هاوسۆزی و هاوکاری و پشتیوانی خزمانی هەبوو وەکو قورئان لەو سەرەتایەدا بەسەر زمانی پێغەمبەرەوە دەفەرموێت:

﴿قُل لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًا إِلَّا ٱلۡمَوَدَّةَ فِي ٱلۡقُرۡبَىٰۗ ٢٣﴾ الشورى: ٢٣

واتە من هیچ پاداشتێکم لە ئێوە ناوێت جگە لەوەی رەچاوی ئەو خزمایەتییە بکەن کە لە نێوانماندا هەیە. کەواتە کەسێك خۆی داوای رەچاوکردنی ئەو پەیوەندییە بکات چۆن دەچێت بەو شێوە توندە دادەبەزێت بەسەر مام و مامۆژنیدا، ئایا لە کاردانەوەی خزمانی تری ناترسێت؟ دوایی لەوە ناترسێت کە خەڵکی سەرزەنشتی بکەن لەسەر ئەوەی بەو شێوە توندە دابەزیوە بەسەر مام و مامۆژنیدا؟ ئەی لەوە ناترسێت ئەبوتالیبی مامی کە یەکەم پشتیوانی بوو لێی زویر بێت و هەڵوێستی لێوەرگێرێت لەسەر ئەو هێرشە توندەی لەسەر ئەو برایەی کردوویەتی؟ ئەی لەوە نەدەترسا کە خزمانی بچن بۆلای ئەبوتالیبی مامی و داوای لێبکەن لەسەر ئەو قسانەی بە ئەبولەهەبی وتووە سەرزەنشتی بکات یا پشتی بەربدات؟

دووەم: هەموو دەزانین کە دوو کچی پێغەمبەر مارە بڕی دوو

---

١- ﴿وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٩٢ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلۡأَمِينُ ١٩٣ عَلَىٰ قَلۡبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلۡمُنذِرِينَ ١٩٤ بِلِسَانٍ عَرَبِيّٖ مُّبِينٖ ١٩٥﴾ الشعراء: ١٩٢ – ١٩٥

﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ قُرۡءَٰنًا عَرَبِيّٗا لَّعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ٢﴾ يوسف: ٢

﴿وَكَذَٰلِكَ أَنزَلۡنَٰهُ حُكۡمًا عَرَبِيّٗاۚ وَلَئِنِ ٱتَّبَعۡتَ أَهۡوَآءَهُم بَعۡدَمَا جَآءَكَ مِنَ ٱلۡعِلۡمِ مَا لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن وَلِيّٖ وَلَا وَاقٖ ٣٧﴾ الرعد: ٣٧

﴿وَكَذَٰلِكَ أَنزَلۡنَٰهُ قُرۡءَانًا عَرَبِيّٗا وَصَرَّفۡنَا فِيهِ مِنَ ٱلۡوَعِيدِ لَعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ أَوۡ يُحۡدِثُ لَهُمۡ ذِكۡرٗا ١١٣﴾ طه: ١١٣

﴿وَلَقَدۡ ضَرَبۡنَا لِلنَّاسِ فِي هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ مِن كُلِّ مَثَلٖ لَّعَلَّهُمۡ يَتَذَكَّرُونَ ٢٧ قُرۡءَانًا عَرَبِيًّا غَيۡرَ ذِي عِوَجٖ لَّعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ ٢٨﴾ الزمر: ٢٧ – ٢٨

﴿حمٓ ١ تَنزِيلٞ مِّنَ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ٢ كِتَٰبٞ فُصِّلَتۡ ءَايَٰتُهُۥ قُرۡءَانًا عَرَبِيّٗا لِّقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ٣﴾ فصلت: ١ – ٣

﴿وَكَذَٰلِكَ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ قُرۡءَانًا عَرَبِيّٗا لِّتُنذِرَ أُمَّ ٱلۡقُرَىٰ وَمَنۡ حَوۡلَهَا وَتُنذِرَ يَوۡمَ ٱلۡجَمۡعِ لَا رَيۡبَ فِيهِۚ فَرِيقٞ فِي ٱلۡجَنَّةِ وَفَرِيقٞ فِي ٱلسَّعِيرِ ٧﴾ الشورى: ٧

﴿حمٓ ١ وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ ٢ إِنَّا جَعَلۡنَٰهُ قُرۡءَٰنًا عَرَبِيّٗا لَّعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ٣﴾ الزخرف: ١ – ٣

﴿وَمِن قَبۡلِهِۦ كِتَٰبُ مُوسَىٰٓ إِمَامٗا وَرَحۡمَةٗۚ وَهَٰذَا كِتَٰبٞ مُّصَدِّقٞ لِّسَانًا عَرَبِيّٗا لِّيُنذِرَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ وَبُشۡرَىٰ لِلۡمُحۡسِنِينَ ١٢﴾ الأحقاف: ١٢

﴿وَلَوۡ جَعَلۡنَٰهُ قُرۡءَانًا أَعۡجَمِيّٗا لَّقَالُواْ لَوۡلَا فُصِّلَتۡ ءَايَٰتُهُۥٓۖ ءَا۬عۡجَمِيّٞ وَعَرَبِيّٞۗ قُلۡ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ هُدٗى وَشِفَآءٞۚ وَٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ فِيٓ ءَاذَانِهِمۡ وَقۡرٞ وَهُوَ عَلَيۡهِمۡ عَمًىۚ أُوْلَٰٓئِكَ يُنَادَوۡنَ مِن مَّكَانِۭ بَعِيدٖ ٤٤﴾ فصلت: ٤٤

کوڕی ئەبولەهەب بوون، ئایا ئەگەر قورئان لە دانانی محمد بووایە دەچوو ئاوها موجازەفەیەك بکات و ئایندەی کچەکانی بخاتە مەترسییەوەو ئەو هێرشە توندە لەسەر خەزورانی کچەکانی بکات کە دەرئەنجامەکەی دیاربوو ئەویش تەڵاقدرانی دوو کچەکەی و شێوانی لانە لێیان؟ لەو باوەڕەدام هیچ کەسێك گەر بەدەستی خۆی بێت ئاوها هەنگاوێك نانێت.

کەواتە لە ڕووی عەقڵ و لۆژیکەوە پێغەمبەر هیچ بەرژەوەندییەکی نەبوو لەو هێرشکردنە سەر ئەبولەهەب.

٢- ئاشکرایە کە ئەبولەهەب و ژنەکەی لە ژیانی پێغەمبەردا هەر لە مەککە کۆچی دواییان کرد، ئایا ئەگەر ئەم قورئانە لەلایەن پێغەمبەرەوە بوایە یا توانای دەسکاریکردنی هەبوایە چ لە خۆیەوە یا لەسەر داوای مامەکانی و خزمانی ئەو سورەتەی لانەدەبرد؟ چ زەرورەتێك مابوو بۆ هێشتنەوەی ئەو سورەتە لە قورئاندا؟

٣- ئاشکرایە کە دوای فەتحی مەککە هەموو ئەهلی مەککە موسوڵمان بوون بەخزمانی پێغەمبەرو کوڕەکانی ئەبو لەهەبیشەوە، ئایا ئەگەر قورئان لەدانانی خودی پێغەمبەر بوایە یا دەسکاریکردنی بەدەستی ئەو بوایە ئەم سورەتەی هەڵنەدەگرت؟ هیچ نەبوایە لەبەر دڵی خزمانی و کوڕەکانی ئەبو لەهەب و مامەو ئامۆزاکانی! مێژوو و کتێبەکانی سیرە هیچ ئاماژەیەکیان تێدا نییە لەوەی کە کەسێك لە خزمانی پێغەمبەر یا کوڕانی ئەبو لەهەب ئاوها داوایەکیان لە پێغەمبەر کردبێت چونکە هەموو بە تەواوی تێگەیشتبوون کە نە هاتنە خوارەوەی قورئان و نە دەسکاریکردنیشی دەسەڵاتی پێغەمبەری تێدا نییە. وە ئەگەر خەڵکی کەمترین گومانیان هەبوایە ئاوها داوایەکیان لە پێغەمبەر دەکردو ئەو کەسانەی ناویان بەخراپە لە قورئاندا هاتبوو یا سەرزەنشت کرابوون کورەکان و خزمانیان مەرجی ئەوەیان لەسەر پێغەمبەر دەکرد کە ئەو ئایەتانە لاببەن ئینجا موسوڵمان دەبن، لەوانە کوڕەکانی ئەبو لەهەب و خالیدی کوڕی وەلید کە ئایەت لە سەر باوکی دابەزیبوو و ...هتد.

٤- پێغەمبەر چۆن توانی لەو سەرەتای بانگەوازەوە موجازەفەیەکی وا بکات و بڕیارێکی وا دەربکات کە ئەبو لەهەب و ژنەکەی هەردوکیان دۆزەخین و باوەڕناهێنن، ئایا ترسی ئەوەی نەبوو مامی بۆ بە درۆ خستنەوەشی بێت بە سەرزارەکیش بێت موسوڵمانێتی خۆی ڕاگەیەنێت؟ ئایا ئەمە بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی کە ئەم قورئانە لەلایەن کەسێکەوەیە لەسەداسەد دەیزانی سەرئەنجامی ئەبو لەهەب و ژنەکەی بەچی دەگات و دەیزانی کە هەرگیز بەسەرزارەکیش بێت باوەڕناهێنن؟

٥- ئەم سورەتە بەشێکە لە ژیاننامەی پێغەمبەرو دۆکیومێنتێکی مێژووییە لەسەر ئەو سەردەمەی پێغەمبەر لەسەر ئەو نارەحەتییانەی ڕووبەڕووی دەبوونەوە لەو سەرەتای بانگەوازەوە کە لە هەموویان سەختتر پشت هەڵکردنی خزمانی بوو لێی و دوژمنایەتیکردنی بوو لەلایەن ئەو خزمانەوە، ئیتر نازانم چۆن کەسێکی وەکو د. سروش شتێکی وای لێ دەشارڕێتەوەو سورەتێکی وا بەزیادو نابەجێ دەزانێ لە ناو قورئاندا.

٦- بە درۆ خستنەوەی ئەو کەسانەیە کە دەڵێن پێغەمبەر قورئانی لە بەحیراوە وەرگرتووە، چونکە لۆژیکی نییە نە بەحیراو نە هیچ کەسێکی تر بزانن هەڵوێستی یەکەیەکەی ئەو خەڵکییە چۆن دەبێت بەرامبەر بە بانگەوازەکەی پێغەمبەر بە تایبەت خزمانی خۆی.

هەر لە بەشی دووەمدا وەڵامی دوو هەڵەو نەزانی کتێبی (ئایا قورئان پارێزراوە) مان داوەتەوە، یەکێکیان ئەوەیە کە دەڵێت قورئان لێکنەچون و دژەیەکتری تێدایە، دووەمیشیان ئەوەیە کە دەڵێ قورئان هەڵەی ڕێزمانی تێدایە! وەرگێڕی ئەم کتێبە بۆ سەلماندنی بۆچوونی یەکەمی پشت بەو ئایەتە دەبەستێت کە دەفەرموێت **«أفلا يتدبرون القران ولو كان من عند غير الله لوجدوا فيه اختلافا كثيرا»** کە گوایە ئەم ئایەتە دان بەوەدا دەنێت کە قورئان جیاوازییەك و دژە یەکترێکی کەمی تێدایە چونکە خۆی لێرەدا بوونی جیاوازی زۆر ڕەتدەکاتەوە، کەواتە بە مەفهومی موخالەفە جیاوازی لێکنەچوون و دژە یەکێکی کەمی تێدایە!

ئێمە لێرەدا نەزانی وەرگێڕمان دەرخستووەو سەلماندومانە کە ئەم جۆرە ئاخاوتنەی قورئان و ئەم شێوازە دەربڕینە بۆ دانپێدانان نییە بە بوونی جیاوازی و دژە یەکتری یەکەم لە قورئاندا بەڵکو بۆ دەرخستنی گەورەیی قورئان و سەرنجڕاکێشانی خەڵکییە بۆ گەورەییەکەی ئەویش بەوەی کە ئەگەر ئەم کتێبە لەبەر ئەوەی پڕە لە زانست هەرکەسێکی تر بینوسیبایە پڕ دەبوو لە کەموو کورتی، نموونەشمان بە دەزگایەکی زۆر گەورەو ئاڵۆزو سەرنجڕاکێش هێناوەتەوە کە ئەگەر هەر ئەندازیارێکی تر جگە لە فلانە ئەندازیار کە زۆر پسپۆرو شارەزایە درووستی بکردایە پڕی دەکرد لە هەڵەو کەموکورت.

دەربارەی بوونی هەڵەی ڕێزمانیش بەچەندین بەڵگەی عەقڵی سەلماندومانە کە هەرگیز نابێت قورئان هەڵەی ڕێزمانی تێدا بێت چونکە بە شایەتی هەموو پسپۆڕان قورئان لە فەرموودەی پێغەمبەرو فەرموودەی قودسی کە دووجۆر ئاخاوتنی ترن لە زاری پێغەمبەرەوە دەرچوون ڕەوانترە، کەچی ئەو جۆرە شتانەی کە بەهەڵەی ڕێزمانی لەقەڵەم دەدرێن لە قورئاندا لەو دوو جۆرە ئاخاوتنەی تردا نییە، کەواتە دەبێ نهێنییەك یا زیاتر لە پشت ئەو حاڵەتانەوە هەبێت کە هەندێك کەس وادەزانن هەڵەی ڕێزمانین لە کاتێکدا کە پسپۆڕانی زمان ئەوەیان نەوتووە بەڵکو لە ژێر ڕێسای زمانی عەرەبیدا بە ئاسانی جێگەیان کردۆتەوە بێ زۆر لە خۆکردن.

باسی پێنجەمی بەشی دووەمیشمان تایبەتکردووە بەوەڵامی احمد القبانچی عەمامە بەسەری شیعەی عەلمانی کە دەڵێت نهج البلاغەی ئیمامی عەلی لە قورئان ڕەوانترە، یەکەم بە هێنانەوەی قسەکانی ئیمامی عەلی دەربارەی قورئان کە دانپێدانانی ئیمامی عەلییە بەگەورەیی قورئان، و پاشان سەلماندنی ئەو میتۆدە سەقەتەی کە ئەو نەزانە گرتویەتە بەر لە بەراوردکردنەکانیدا، کورتەکەشی ئەوەی کە گەر بتەوێت بەراورد لە نێوان دوو دەقدا بکەیت دەبێ ئەو دوو دەقە باسی هەمان شت بکەن نەك یەکێکیان باسی شتێك و ئەویتریشیان باسی شتێکی تر و هتد.



# ئیعجازی

# ژمارەیی

# لە قورئانی پیرۆزدا


مامۆستا شەماڵ موفتی

shamalmufti@gmail.com


بەشی یەکەم

ئاشکرایە زانایانی (زانستی شەرعی) میللەتی ئیسلام (ئیجماع)ن لەسەر بوونی ئیعجازی (زمانەوانی و بەلاغی و تەشریعی و مێژوویی)، بـەڵام ئیجماعیان لەسەر ئیعجازی زانستی نییەو بە شێوەیەکی کەمتریش لەسەر ئیعجازی ژمارەیی، و بگرە هەندێ لە مامۆستا ئاینییەکان دژایەتی ئیعجازی ژمارەیی دەکەن.

**لێرەدا پێویستە پرسیارێك لەو جۆرە مامۆستایانە بکرێت:**

بۆچی ئاساییە زمانەوانێك لە قورئانی پیرۆز بکۆڵێتەوەو ئیعجازی بەلاغی و بەدیع و بەیان بدۆزێتەوە؟! یان مێژووزانێك بۆی هەبێت تەدەبور بکات و ئیعجازی مێژوویی بدۆزێتەوە؟! یان یاسا ناسێك بۆ دەرخستنی ئیعجازی یاسایی؟! ئەمانە ئافەرینیان لێدەکرێت و توێژینەوەو دیراساتەکانیان لە چاپ دەدرێـت و بڵاودەکرێنەوەو لە وتاری هەینییدا ئاماژەیان پێ دەکرێت .. بەڵام نابێت پسپۆڕێکی بواری بیرکاری تەدەبور لە قورئاندا بکات!!! کەی ئەمە راستە؟

**مـن ئـەم (بـێ متمانەییە بـە ئیعجازی ژمـارەیـی) دەگەڕێنمەوە بۆ (٣) هۆکاری سەرەکی:**

١- لەبەر ئەوەی زۆرینەی مامۆستایانی شەریعەت لە (زانستی بیرکاری) دوورن و نایزانن.

٢- سـەرەتـای مـێـژووی ئیعجازی ژمـارەیـی لـە (د. رشـاد خلیفە)وە دەستیپێکرد کە پاش ماوەیەك دەرکـەوت زۆرینەی دەرئەنجامەکانی راست نەبوون (کەمتر لە نیوەی راست بوون)، جگە لە تۆمەتبارکردنی بە شوێنکەوتنی ئاینیی بەهائی.

٣- هەندێ لە زانایانی بـواری شەرعی ئامادەنین گوێ لە پێشکەوتنە زانستییەکان بگرن و تا ئێستا هەندێکیان باوەڕیان بە دابەزینی مرۆڤ لەسەر مانگ یان خولانەوەی زەوی بەدەوری ڕۆژدا نییە.

باشە کاتێك توێژینەوەیەك (لـە هـەرچ بوارێکدا) شکست دەهێنێ و سەرکەوتوو نابێت، ئایا زانایان ڕادەوەستن و سارد دەبنەوەو واز لە بەردەوامبوون دێنن؟ بێگومان نەخێر، ئەگەر تەماشای هەموو داهێنانەکان بکەین دەبینین توێژینەوەکان چەندین قۆناغی شکستی تێدەپەڕێنن پاشان دەبنە داهێنانێك لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا، بۆ نموونە کارەبای (دی سی) یان (مۆرس) و (تەلەفۆن)...

لە لایەکی دیکەوە، بوونی کەسێکی (نامۆسوڵمان) لە تیمێکی توێژینەوەدا لە بوارێکی قورئاندا نابێتە هۆی فەرامۆشکردنی ئەو بوارە، راستە بەهائییەکان ژمارە (١٩) دەپەرستن و (١٩) نوێژیان هەیەو..هتد، بەڵام ﴿ عَلَيۡهَا تِسۡعَةَ عَشَرَ ٣٠ ﴾ المدثر ئایەتێکە لە قورئانا، ئایا دەکرێ لەبەر بەهائییەکان باسی نەکەین و خۆمانی لێ کوێر بکەین ؟

پاشان قووڵبوونەوە لە زانستی ئیعجازی ژمارەیی و ئەنجامدانی توێژینەوە لەلایەن تیمی بـڕواداران و پسپۆڕ لە زانستەکانی (بیرکاری و بەرنامەسازکردنی کۆمپیوتەری)، کە لە پێناوی خزمەتی قورئان و دەرخستنی زمانێکی نوێی بانگەواز کە هەموو جیهان لێی تێبگات کە زمانی ماتماتیکە کاریان کـردووە، بۆیە

ئیعجازی ژمارەیی تەنها لەگەڵ عەرەب و عەرەبی ناسدا کاریگەریی نەبووە، بەڵام لەگەڵ غەیری عەرەبدا سەرکەوتووبووەو هەزارەها کەس بە ئیعجازی ژمارەیی بوونەتە موسوڵمان.

لەو سەرۆك تیمە بەناوبانگانەش پاش (د. مستەفا محمود (خوا لێی خۆشبێت): مامۆستا بەسام جەررار، د. عبد الدائم الکحیل، د.الحسن زاید، د.ابراهیم کامل ... شایانی باسە کە هەر هەموویان — بە تەوفیقی خوای گەورە — دەرئەنجامی ئیعجازیی چاکیان هەبووەو کتێبەکانیان لە ئینتەرنێت دەست دەکەوێت و خۆزگە کەسانێك هەڵسانایە بەکاری وەرگێڕانیان بۆ کوردی کە بەداخەوە نەوەی نوێمان زمانی عەرەبی تێناگەن.

## ئیعجازی ژمارەیی چییە؟

ئەو زانستەیە کە پەیوەندی (ماتماتیکی) دەسەلمێنێت لە نێوان ژمارەکانی (سورەت و ئایەت و کۆوشەی ئایەت و کۆ پیتی ئایەت). کە شێوازێکی بانگەوازی سەرکەوتووەو زۆر کاریگەرە چ بۆ پتەوکردنی ئیمانی بڕواداران ﴿لِيَزْدَادُوٓاْ إِيمَـٰنًا مَّعَ إِيمَـٰنِهِمْ ﴿٤﴾﴾ الفتح و چ بۆ بێ باوەڕان و قەناعەت پێهێنانیان کە سیستەمی ماتماتیك لە پاڵ هەموو ژمارەیەك دایەو هەموو پیتێك لە قورئانا بە سیستەمێکی ماتماتیکی دانراوە کە لە توانای مرۆڤایەتیدا نییە. بە واتایەکی تر ئیعجازی ژمارەیی بانگەوازێکە بۆ سەلماندنی راستی ئیسلام و راستی پێغەمبەرایەتی (محمد) ﷺ دەشبێت بزانین (ئیعجازی ژمارەیی) جیاوازە لە (ئیعجازی زانستی)، ئیعجازی زانستی پێویستی بە بەڵگە هێنانەوەو (دیراسات و توێژینەوەو دۆزینەوە) لە دەرەوەی قورئان هەیە، بەڵام ئیعجازی زانستی بەڵگەکانی لە ناو خودی لاپەڕەکانی قورئانە!!

لە لایەکی دیکەوە بەرنامەی ئیعجازی ژمارەیی هەڵە کەشف دەکات لە هەر نوسخەیەکی قورئان کە لەسەر نوسخە ئەسڵییەکە نەسخ نەکرابێت!!

بەڕێزان، هەموو توێژینەوەیەك (لە چوارچێوەی زانستدا) دەبێت (٣) مەرجی سەرەکی تێدا هەبێت:

١- کەرەستەی توێژینەوەکە واتا (ماددەی لێکۆڵینەوەکە یان بوارەکەی).

٢- پرۆگرامی کار یاخود شێوازی کارکردن (منهج البحث).

٣- گەیشتن بە دەرئەنجام.

هەموو ئەو بەڕێزانەی باسمانکردن (سەرۆکی تیمەکان) ئەم مەرجانەی لای خوارەوەیان رەچاوکردووە:

١- کەرەستەی توێژینەوە: نوسخەی قورئان ناسراو بە (المصحف الامام) دەستخەتی سەردەمی ئیمامی عوسمان، یەکێك لەوانە نوسخەی (طاشقند) ە.

٢- پشتبەستن بە: أ) ژمارەی سورەت. ب) ژمارەی ئایەت. ج) کۆی وشەی ئایەت. د) کۆی پیتی ئایەت. کە هەموو ئەم ژمارانە (تەوقیفی)ن، واتا دەستی مرۆڤی تێدا نەبووەو لە لایەن نیگاوە رێکخراون.

٣- دەرئەنجامەکان: بەڵگەی (تەوقیفی) بوونی رێکخستنی ئەو قورئانەی ئەمڕۆ لەبەر دەستمانایە:

پرۆفیسۆر (د. عبدالفتاح سماعیل شلبی) شارەزا لە زانستی (مخطوطات)دا لە کتێبەکەیدا (رسم المصحف و الاحتجاج به فی القراءات) لاپەڕە ١٠ دا هێناویەتی:

(ئەم شێوەیەی ئێستای قورئان ئیجماع و قبووڵی ئوممەتی لەسەرە بە شوێن و تەرتیبی سورەت و ئایەت و پیتەکان، بۆیە موسحەفی عوسمان (موسحەفی ئیمام) بەڵگەیە لەسەر قورئان فێرکەرو قورئان فێرکراو تا رۆژی دوایی).

هەروەها (د. شلبي) ئاماژە بە فەتوای (ئەزهەری شەریف) دەکات کە لە گۆڤاری (الرسالة/ ژمارە **216** ساڵی **1937**) بڵاوکراوەتەوەو ئەمە دەقەکەیەتی:

[..بأن القرآن كتب في عهد النبيّ صلى الله عليه وسلّم برسم كتبت به مصاحف عثمان واستمرّ المصحف مكتوبا بهذا الرسم في عهد الصحابة و التابعين و تابعي التابعين و الأئمة المجتهدين في عصورهم المختلفة) واتا قورئانی پیرۆز هەر لە ژیانی پێغەمبەردا نووسراوەتەوەو بەهەمان شێوازیش لە زەمانی خەلیفەی سێهەم (عوسمانی کوڕی عەففان)دا نووسراوەتەوە، ئەو شێوازەش لە نووسینەوەدا دەستکاری نەکراوەو نەگۆڕدراوەو پارێزراوە لە زەمانی هاوەڵان و تابعین و دوای تابعین و زەمانە جیاجیاکانی ئیمامە موجتەهیدەکاندا.

ماوە کە سەبارەت بە (موسحەف) قورئانی ئەمڕۆی بەردەستمان کە نوقتە و سەرو بۆری بۆ کراوە بڵێین:

قازی (زاڵمی کوڕی عەمرٍ) ناسراو بە (ئەبو ئەلئەسوەد ئەلدوئەلی)، کە لە ژیانی خۆیدا فەرموودەی وەرگرتووە لە هەر یەك لە پێشەوا عومەرو پێشەوا عەلی و ئوبەی کوڕی کەعب و ئیبن مەسعود، هەروەها قورئانیشیان راستەوخۆ لێوە فێر بێت (رەزای خوایان لەسەر).. کاتێك ئەبو ئەلئەسوەد ئەلدوئەلی لە بەسرە قازی دەبێت گوێی لە کەسێك دەبێ ئایەتی ﴿أَنَّ ٱللَّهَ بَرِىٓءٌ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ۙ وَرَسُولُهُۥ ﴿٣﴾﴾ التوبە: ٣ وشەی ( ورسوله ) بە کەسرە خۆندییەوە کە مانای کوفر ئەدا !! زۆری پێناخۆش بوو بۆیە هەڵسا بە دانانی نوقتەو وردە وردە ئەم شێوازە گەشەیکرد تا بووە ئەم شێوازەی ئەمڕۆ.

لە فەتوایەکی ئیمام مالیکدا سەبارەت بە نووسینی قورئان بە ئەلف بێی سەردەم، دەفەرموێت جایزە بۆ منداڵان!! تا فێردەبن و پاشان لە (بێ نوقتەکاندا بخوێنن).

کەواتە بەگوێرەی ئەو فەتوایەی ئیمام مالیك ئێمەو زانایانی ئەمڕۆ .. هەموومان لە حوکمی منداڵانی زەمانی ئیمامی مالیك داین!!

## هەندێك نموونە لە ئیعجازی ژمارەیی:

### نموونەی ژمارە (١)

کۆی ژمارەی ئایەتەکانی هەموو قورئان: ٦٢٣٦

ئایەتی ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴿٥﴾﴾ الفاتحة

ژمارەی سورەت.....ژ. ئایەت..........ژ. وشەکان.........ژ. پیتەکان

١٩ ٥ ٥ ١

١٩٥٥١ دابەش دەبێت بەسەر ژمارە (١٩) دا

﴿إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُۥ وَقُرْءَانَهُۥ ﴿١٧﴾﴾ القيامة

ژمارەی سورەت.....ژ.ئایەت..........ژ. وشەکان.........ژ. پیتەکان

١٧ ٥ ١٧ ٧٥

٧٥+١٧+٥+ ١١٤ = ١٧ژمارەی سورەتەکانی قورئان

ژمارەی پیتی هەر وشەیەك: ٢ + ٥ + ٤ + ١ + ٥

٥١٤٥٢ دابەش دەبێت بەسەر ژمارە (١٩) دا

### نموونەی ژمارە: (٢)

وشەی (ڕۆژ) و (مانگ) و (ساڵ)

ساڵ: بریتییە لە سوڕانەوەی زەوی بەدەوری (خۆر) دا بۆ یەك جار.. لەو ماوەیەدا، زەوی ٣٦٥ جار بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوەو مانگیش فریای ١٢ خول ئەکەوێ بەدەوری زەویدا.

وشەی (یوم، یوما) واتا بەتاك ٣٦٥ جار هاتووە لە قورئانا

وشەی (شهر) بەتاك ١٢ جار دووبارە بۆتەوە

کۆی وشەکانی (یوم، یومئذ، یومکم، یومین، یومهم) ٤٧٥ جار دووبارە بۆتەوە...

**وشەی (ڕۆژ) و ( مانگ) و(ساڵ)**

ساڵ : بریتییە لە سوڕانەوەیەکی زەوی بەدەوری (خۆر ) دا بۆ یەك جار. وە لەو ماوەیەدا :

زەوی ٣٦٥جار بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە و مانگیش فریای ١٢ خول ئەکەوێ بەدەوری زەویدا.

وشەی (یوم ، یوما )// واتا بەتاك ٣٦٥ جار هاتووە لە قورئانا

وشەی ( شهر ) // بەتاك ١٢ جار دوبارە بوەتەوە

کۆی وشەکانی ( بوم، بومئذ، بومکم،بومبن، بومهم،) ٤٧٥ جار دوبارە بوەتەوە

مانای ٤٧٥:

کاتێك (خۆر) یەك دەوران بەدەوری خۆیدا تەواو دەکات، زەوی (٢٥) جار بەدەوری خۆیدا خولاوەتەوە.

کاتێك خۆر (١٩) جار بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە، زەوی (٤٧٥) جار بەدەوری خۆیدا سوڕاوەتەوە.

لە ساڵی (٦٣٢ز) لە کاتی گەیشتنی خۆر بۆ ناوەڕاستی خولی (١٩) هەمی، پێغەمبەر ﷺ وەفات دەکات.

### نموونەی ژمارە: (٣)

سەبارەت بە پیتە پچڕاوەکان ناسراو بە (الاحرف المقطّعة/ فواتح السور)، ئیمامی تەبەری دەفەرموێت: ١٤ پیتن و ئەم ڕستەیە پێکدێنن (نص حکیم قاطع لە سر)

### نموونەی ژمارە (٤)

**وشەی (اللّٰه)**

وشەی (اللّٰه) ٢٦٩٩جار دوبارە بووەتەوە و دابەش نابێت بەسەر هیچ ژمارەیەکا تەنها ژمارەی خۆی نەبێ.

| | |
|---|---|
| اللّٰه | 980 |
| اللّٰه | 592 |
| اللّٰه | 1127 |

٢٦٩٩ المعجم المفهرس

http://www.qurancomplex.org/IdIndex/default.asp?harf=1&l=arb&job=wordlist&Page=1&word=%C7%E1%E1%E5&button1=

### نموونەی ژمارە: (٥)

**لە ئیعجازەکانی ژمارە (٧)**

یەکەم جار ژمارە (٧) باسکراوە لە:

(هو الذي خلق لکم ما في الأرض جميعا ثم استوى إلي السماء فسواهن سبع سموات وهو بکل شيء عليم) البقرة/ ٢٩

دواجار باسی ژمارە (٧) کرابێ لە:

( و بنينا فوقکم سبعا شدادا ) النبأ/١٢

یەکەم ئیعجاز: کۆی ئەو سورەتانەی نێوانیان ٧٧ سورەتە !!

١١ X ٧ = ٧٧

### نموونەی ژمارە: (٦)

**ژمارەکان بە هەڵگەڕاویش دابەش دەبن بەسەر ٧ دا**

٣٣٧٤٨ x ٧ = ٢٣٦٢٣٦

٩٠٣٦٧ x ٧ = ٦٣٢٦٣٢

١٦٣٧٤٨ x ٧ = ١١٤٦٢٣٦

٩٠٣٧٧٣ x ٧ = ٦٣٢٦٤١١

٣٣٠٢ x ٧ = ٢٣١١٤

٥٨٧٦ x ٧ = ٤١١٣٢

### نموونەی ژمارە: (٧)

هەردوو پێغەمبەر (عیساو ئادەم) بە موعجیزە درووست بوون. ئادەم بێ باوك و بێ دایك، عیسی بێ دایك، ناوی هەر یەکێکیان ٢٥ جار هاتووە لە قورئانا!!

هەردوو پێغەمبەر (یوسف و لوت).. لوت پێغەمبەر دووچاری میللەتێکی بەد ڕەوشت بوو.. یوسف پێغەمبەر دووچاری زلێخا بوو، هەر یەکەی (27) جار ناویان هاتووە لە قورئانا!!

هەردوو پێغەمبەر(یونس و ئەیوب) دووچاری ناڕەحەتی جەستەیی بوون، هەریەکەی (٤) جار ناویان هاتووە لە قورئانا!!

### نموونەی ژمارە (٨):

﴿ ثُمَّ بَعَثْنَٰهُمْ لِنَعْلَمَ أَىُّ ٱلْحِزْبَيْنِ أَحْصَىٰ لِمَا لَبِثُوٓا۟ أَمَدًا ﴿١٢﴾ ﴾ الكهف

﴿ قُلِ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا لَبِثُوا۟ ﴿٢٦﴾ ﴾ الكهف

کۆی (وشە)کانی نێوان هەردوو وشەی (لبثوا) دەکاتە ٣٠٩ وشە

نموونەی ژمارە (٩):

﴿ قُل لَّئِنِ ٱجْتَمَعَتِ ٱلْإِنسُ وَٱلْجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأْتُوا۟ بِمِثْلِ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِۦ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا ﴿٨٨﴾ ﴾ الإسراء

٧٦ پیتە، واتا ١٩ ٤ X

هەروەها ﴿ إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٦٠﴾ ﴾ الصافات.. ١٩ پیتە

# ئیعجازی زانستی بۆ منداڵان ونەوجەوانان

ن: عبدالدائم الكحيل
وەرگێڕانی: نەرمین عومەر

## ڕووباری سوتێنەر



تازە دەرکەوتووە، کە لە قوڵایی زەریاو دەریاکاندا درزو قڵش هەیەو خۆڵەمێش و زوخاڵی توێنەرەوەی لێوە دێتەدەرەوە. لە سەردەمی هاتنەخوارەوەی قورئاندا هیچ کەس ئەمەی نەدەزانی، خوای گەورە باس لەم دیاردەیە دەکات و دەفەومویێت: (وَالْبَحْرِ الْمَسْجُورِ) (الطور: ٦) (سوێند بە دەریا لێوان و داگیرساوەکان) (المسجور) شتێکی سوتێنەرو گەرمیدەرە، زانایان ئەم دیاردەیەیان بە وێنە بینیوە بۆ ئەوەی بەڵگەیەك بێت بۆ ئیعجازی ئەم قورئانە لەم سەردەمەماندا.

## مێخی شاخ و کێوەکان



زانایان تازە ئەوەیان بۆ ئاشکرابووە، کە هەموو کێوێکی سەر زەوی ڕەگێکی هەیە کە بە قوڵایی زەویدا چەندین کیلۆمەتر ڕۆچووە، ئەم ڕاستییە زانستییە کەس لە سەردەمی هاتنە خوارەوەی قورئاندا نەیدەزانی، بەڵام قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێداوە، کاتێك دەفەرموێت: (وَالْجِبَالَ أَوْتَادًا) (النبأ: ٧) (ئایا کێوەکانمان وەك مێخ بۆ دانەکوتاون)، کێ ئەم زانیارییەی بە پێغەمبەرﷺ گەیاندووە؟

## نهێنییەکانی دڵ



دڵ تەنها ترومپایەکی خوێن نییە، بەڵکو زۆر لەوە زیاترە.... زانایانی ئەمڕۆ باس لە مێشکێك دەکەن، کە لە دڵدایە و لە **40000** دەمارەخانە پێکدێت، واتە وەك ئەوەی ناومانناوە «هۆش یان ئەقڵ» لە ناوەندی دڵدا هەیە، ئەوە کە هەڵدەستێت بە ئاراستەکردنی مێشك بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی، سەرسوڕهێن ئەوەیە، قورئانی پیرۆز باسی لەم ڕاستییە پزیشکییە کردووە و خوای گەورە دەفەرموێت: (أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ) (الحج: ٤٦). ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەوە دووپاتدەکاتەوە و جەختیلێدەکاتەوە، کە دڵ بیردەکاتەوەو دەزانێت و هۆشمەندە، سبحان الله.

## فراوانبوونی گەردوون



زانایان گومانیان وابوو، کە گەردوون جێگیرەو ناگۆڕێت، بەڵام دەرکەوت، کە گەردوون بە خێراییەکی گەورە فراواندەبێت، قورئانی پیرۆز ئیشارەتی بۆ ئەم ڕاستییە زانستییە کردووە، کە زانایان تەنها لە سەدەی بیستەمدا توانیان بیدۆزنەوە. خوای گەورە دەفەرموێت: (والسماء بنيناها بأيد وإنا لموسعون) (الذاريات: ٤٧). (ئێمە ئاسمانەکانمان بە دەستی قودرەتی خۆمان دروستکردووەو بەردەوام فراوانی دەکەین)، یاسایەکی تۆکمەیەو بەڵگەیە بۆ گەورەیی خوای بەدیهێنەر و بەڵگەیە بۆ ڕاستگۆیی قورئان.

## ڕووبارەکانی دورگەی عەرەب



زانایانی ئەمڕۆ ئەوە دووپاتدەکەنەوە، کە دورگەی عەرەب لە ڕابردوودا باخچەو ڕووباربووە، لەچەند وێنەیەکی دورگەی عەرەبدا، کە ناسا گرتوویەتی، شوێنەواری دەریاو ڕووباری شاردراوەو داپۆشراو لە هەزاران ساڵەوە لەژێر خاکەوە دەردەکەوێت. ئەم ناوچەیە بە هۆی دەورانی کەشوهەواوە جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە، هەر ئەمەشە کە پێغەمبەر ﷺ پێی ڕاگەیانووین، کە دەفەرموێت: (لا تقوم الساعة حتى تعود أرض العرب مروجا وأنهارا)، (ڕۆژی دوایی نایەت هەتا زەوی عەرەب نەبێتەوە بە باخچەوڕووبار) ئیمامی موسلم گێراویەتیەوە، ڕابمێنن لەم موعجیزەیە، کە لەم سەردەمەدا گەواهیی لەسەر ڕاستگۆیی پێغەمبەرﷺ دەدات.



## ڕەواندنەوەی گومانەکان

# بەڵی ئاسن دابەزیوەتە سەر زەوی!

م. جمال محمد امين
jamalmhammad@yahoo.com

ئەمڕۆ ناحەزانی قورئانی پیرۆزو بە تایبەتی لایەنی ئیعجازییەکەی هەردەم لە تانەو تەشەری زۆرن دەربارەی ئەو ئایەتانەی ئیعجازی زانستییان تێدایە، لە نوسینەکانییانەوە دەردەکەوێت کە ئەوان یان زۆربەیان زانیاری تەواویان نییە لە زانستەکانی سەردەم وەك فیزیاو کیمیاو گەردوونی، ئەوانە هەروەك توتی ئاسا هەرچییەك بە زمانی عەرەبی و بیانی نووسرابێت لە کتێب و سایتەکاندا دەیڵێنەوە بێ ئەوەی بزانن کە وەڵامی زانستییانەی ئەوانە دراوەتەوەو ئیتر ناوی خۆیان بە لێکۆڵەرەوە ناوزەد دەکەن کە لە راستیدا ئەوانە (لێبوەوەن) و نوسیەنەکانیشیان دەفرۆشنەوە پێمان بە ناوی لێکۆڵینەوە کە لە راستیدا (لێورینەوەیە)بە مانای وڕێنەکردن، چونکە چاوییان بەرایی نایەت ئەو هەموو لە ئامێز گرتنەی قورئان و ئیسلام ببینن لە لایەن گەنج و لاوەکانی ئەم سەردەمە، دەبێت ئەوانە بزانن کە ئەو درۆو تەشەرانە باوییان نەماوەو زۆر دەمێکە ئیکسپایەر بوون. وە یان ئەوانە زانیاریشیان هەبێت لە راستی بابەتەکان، خۆیانی لێ گێل دەکەن چونکە (فی قلوبهم مرض ...). بە هەرحاڵ ئەوانە دەیانەوێت ئێمەی موسڵمان تەنها لە یەك قاڵبدا بمێنینەوە نەگۆڕێین و توخنی زانست و تەکنیك نەکەوین، لە کاتێکدا ئێمە واتە موسڵمانان لە هەموو کەس زیاتر شایانی لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەی زانستین چونکە مێژووی پڕ سەروەری شارستانی ئیسلامی گەواهی لە سەر ئەوە دەدات و قورئانی پیرۆزیش بۆ خۆی گەردوونێکی خوێندراوەیەو هەرگیز عەجایبەکانی تەواو نابێت، قورئان خۆی لە خۆیدا وەستاوی و لە قاڵبدان قبوڵ ناکات، چونکە ئەو بەرنامەیەکی خوداییە بۆ ژیان لە سەر ئەم زەوییە، وە بۆ هەتاهەتایە، واتە بۆ هەموو سەردەمەکان ، وە لەبەر ئەوەی هەمیشە ژیان لە گۆڕان و نوێبوونەوەدایە قورئانیش بەو پێیە دەڕوات، مانای ئایەتە قورئانیەکانی کە ئاماژەی زانستییان تێدایە رەهاو بێ سنوورو کراوەن، هەموو ماناکانی سەردەمی دابەزینی و دوای ئەوەش هەڵدەگرن کە راڤەکارانی پێشوو لە سەرییان نوسیوە، و هەموو دەستکەوتە زانستی و تەکنیکییەکانی ئەمڕۆو داهاتووش دەگرێتە خۆ، بۆیە لە ئێستادا دەشێت ئەو راڤە زانستییەش بۆی بخرێتە پاڵ راڤەکانی پێشووی، لە لایەکی ترەوە قورئان موخاتەبەی هەموو سەردەمێکی کردووە بە پێی ئاستی خوێندەواری و رۆشنبیری ئەو سەردەمە، بۆیە ناکرێت ئێمە هەر لەو قاڵبەدا بمێنینەوەو دەرنەچین، ئەو ستەم و زوڵمە بکەین بە هەقی قورئان و ژیانیشمان، ئەوەش بۆ خۆی ئیعجازێکی گەورەی قورئانە کە موخاتەبەی هەموو سەردەمەکان دەکات لە سەر ئاستی ڕۆشنبیری خۆیان!

لێردا ئاماژە بە ئایەتێکی قورئان دەدەین کە باس لە دابەزاندنی ئاسن دەکات لە دەرەوەی زەمینەوە بۆ سەر زەوی و ئەو ئایەتەش لە سورەتی (الحديد) کە دەفەرموێت: ﴿ وَأَنزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ وَرُسُلَهُ بِالْغَيْبِ إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ ﴿٢٥﴾ ﴾ الحديد

با لە پێشدا لە رووی زانستییەوە بزانین ئاسن چییەو چۆن درووست بووە ؟

بە پێی وکیپیدیای جیهانی ئاسن کۆنترین توخمی کیمیاییەو بە شێوەی کانزایە، هێما کیمیاییەکەی Fe یەو گەردیلە ژمارەکەی 26 لە خشتەی خولیدا دەکەوێتە کۆمەڵەی هەشتەم خولی چوارەم، ئاسن

تۆخمێکی زۆر کۆنەو زۆر گرنگە بۆ مرۆڤ و گیانداران وە بەرگەی پیاکێشان و راکێشانیش دەگرێت.




چۆنیەتی دروست بوونی ئاسن:

هەر بە پێی ویکیپیدیای جیهانی کە لە دەیان سەرچاوەی جیهانیەوە وەرگیراوە سەرچاوەی بنەڕەتی ئاسن لە ناوکرۆکی ئەستێرە زەبەلاحەکانەوە دروست دەبێت کاتێك ئەستێرەکە دەگاتە کۆتاییەکانی ژیانی و بەم جۆرە: لە کردارێکدا کە پێی دەوترێت کرداری سوتاندنی سلیکۆن لە میانەی یەکبوونی ناووکیدا، ناوکی گەردیلەی کالیسیۆمی جێگیر یەکدەگرێت لەگەڵ ناوکی گەردیلەی هیلیۆم و گەردیلەی ناجێگیری تیتانیۆم پێکدێت، پێش ئەوەی گەردیلەی ناجێگیری تیتانیۆم شیبێتەوە لەگەڵ گەردیلەیەکی تری هیلیۆمدا یەکدەگرێت و گەردیلەی ناجێگیری کرۆم پێکدێت ئەمیش لەگەڵ گەردیلەیەکی تری هیلیۆم یەکدەگرێت و گەردیلەی ناجێگیری ئاسن پێکدێت، پێش ئەوەی ئاسنە ناجێگیرەکە شیبێتەوە لەگەڵ گەردیلەیەکی تری هیلیۆم یەکدەگرێت تا گەردیلەی ناجێگیری نیکل دروست بکەن، ئەویش شیدەبێتەوە بۆ گەردیلەی ناجێگیری کۆباڵت، لە دواجاردا ئەمیش شیدەبێتەوە بۆ گەردیلەی ئاسنی جێگیر، و ئیتر ئەو ئاسنە لەگەڵ هیچ گەردیلەیەکی تردا یەکناگرێت و ناوەرۆکی ئەستێرەکە پێکدێنێت و ئەستێرەکەش بەرەو رەقبوون و باری جێگیری دەبات .. ئەمە لە ویکیپیدیای جیهانیدا هەیە کە زیاد لە ٥٠ سەرچاوەی جیهانی بەکارهێناوە، بە کورتی ئەو قۆناغانەی دروستبوونی ئاسنی باسکردووە.

ئەو هەموو کردارو گۆڕانکاریانە پێویستن بۆ درووسبوونی یەك گەردیلەی ئاسن، ئەو پرۆسەیە پێویستی بە برێکی هێجگار وزە دەبێت کە هەرگیز لە سەر زەوی بەدینایەت و هەتا لە هەموو کۆمەڵەی خۆریشدا!!!

..لە راستیدا ئاسن تاقە توخمێکە کە رێژەکەی لە توێکڵی زەویدا بە تەنها ٣٥٪ ی هەموو بارستایی گۆی زەوی پێکدێنێت و چوارەم توخمە کە رێژەکەی لە توێکڵی زەویدا دەگاتە نزیکەی 6٪ ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەشی زۆری ئاسن دەکەوێتە ناوجەرگەی زەوییی، ئەوە سەلمێندراوە کە زەوی ناوکرۆکێکی رەقی هەیە کە رێژەی ئاسن تێیدا دەگاتە 90٪ و 9٪ ی نیکلە و 1٪ ی هەندێك توخمی تر دەگرێتەوە. بەڵام چۆن ئەو برە ئاسنە زۆرە گەیشتۆتە ناوجەرگەی زەوی؟

سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین کە بەشی زۆری گەردوونی بینراو پێکدێت لە گازی هایدرۆجین 74٪ و گازی هیلیۆم 24٪ و ئەو 2٪ ی تری پێکهاتەی گەردوونی بینراو بریتین لە توخمەکانی تر کە هەوێنی دروستبوونی هەموویان بریتییە لە گازی هایدرۆجین، پاش خەلق بوونی ئاسنەکە لە میانەی زنجیرەیەك کارلێکی ناوکی کە بە یەکبوونی ناوکی دەناسرێت و لە نێو ئەستێرە زەبلاحەکاندا روودەدات کە بە سوپەر نۆڤا دەناسرێن پێش تەقینەوەیان ئەو ئاسنە لە رێگای نەیزەکەوە بلاو دەبنەوە بە گەردووندا، سەرەتا هیلیۆم درووست دەبێت و ئینجا کاربۆن و ئۆکسیجین و سیلیکۆن و گۆگردو تا دەگاتە ئاسن و ئیتر لەوێدا دەوەستێت و ئەستێرەکە دەتەقێتەوەو بە شێوەی نەیزەك پەرش و بلاودەبێتەوە بە گەردووونداو دەگاتە سەر تەنە ئاسمانیەکانی ترو ئاسنیان پێدەگەیەنێت و لە نێوانیشیاندا زەوییە و ئەو ئاسنەش لە رێگای شەپۆلێکی نەیزەك بارینەوە دەگاتە سەر تەنە ئاسمانیەکاتی ترو لە نێوانیشیاندا زەوی، کە زاناکان جەخت لەوە دەکەنەوە کاتێك زەوی لە خۆر جیابۆتەوە تۆپەڵێکی نەرم بووەو لە توخمەکانی وەك ئەلەمنیۆم و سلیکۆن زیاتری تێدا نەبووە چونکە ئاسن لە ناو خۆردا درووست نابێت و نییە بە برێکی زۆر کەم نەبێت کە هەر لە میانەی ئەو نەیزەك بارانانەوە پێی گەیشتووە، پلەی گەرمی ناوجەرگەی خۆر دەگاتە **15** ملیۆن پلەی سیلیزی بەڵام کردارەکانی یەکبوونی ناوکی بۆ درووستبوونی ئاسن پێویستی بە پلەی گەرمی **5** بلیۆن پلەی سیلیزی دەبێت کە ئەوەش هەر لە نێو ئەستیرە زەبەلاحەکاندا دەبێت، ئینجا ئەو نەیزەکانە بە هۆی خێرایی زۆریانەوە خۆیان دەگەیەننە ناوجەرگەی زەوی و بەشی زۆری پێکهاتەکەیان ئاسن بووە، ئاسن لە ناو کرۆکی زەویدا کۆدەبێتەوەو ئاسن دەبێتە یەکێك لە پێکهاتەکانی زەوی.

دکتۆر (ئاسترۆخ) گەورە زانای ئاژانسی فەزایی ئەمەریکی (ناسا) دەڵێت لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەو تاقیکردنەوەی زۆرمانکرد لەسەر کانزاکانی زەوی، تاکە کانزایەك کە زاناکانی وڕ کردبێت ئاسنە چونکە بۆ ئەوەی گەردیلەکانی ئاسن دروست ببێت و ئەلکترۆن و نیوترۆنەکانی لە گەردیلەیەکی ئاسندا کۆببنەوە پێویستی بە وزەیەك دەبێت کە **4** هێندی هەموو ئەو وزەییە کە لە کۆمەڵەی خۆردا هەیە !!! ئەو وزەیەش بە هیچ جۆرێك لەسەر زەوی بەدینایەت بۆیە هەر دەبێت سەرچاوەی ئاسن دەرەوەی زەوی بێت و ئەو ئەستێرانە بێت کە بە سوپەر نوڤا دەناسرێن.



پرۆفیسۆر (ئارمیسترۆنگ) یەکێکە لە کەڵەزاناناکانی ناساو یەکەم کەسە کە پێی ناوەتە سەر مانگ دەڵێت: زۆر ستەمە ئاسن لەسەر زەوی درووست بووبێت چونکە هەژمارمان کردووە بۆ درووست بوونی یەك گەردیلەی ئاسن پێویستە وزەیەك هەبێت چوار هێندی ئەو وزەیەیە کە لە هەموو کۆمەڵەی خۆردا هەیە!!

ئاسن کانزایەکە لە هەموو کانزاکانی تر جێگیر ترە (فیە باس شدید)،چڕیەکەی دەگاتە **7ر8** گم/سم٣ وە گەردیلە ژمارەکەی **26** و بارستە ژمارەکەی **56** یەکەی گەردیلەییە. لە باکوری سیبریا دیاردەیەکی سەیر روودەدات، لەگەڵ بارینی بەفردا بە بڕی زۆر لە گەردی ئاسن دێنە خوارەوە! باشە دەبێت ئەو ئاسنە لە کوێوە هاتبێت؟ لە سەرەتای شەستەکاندا زانا جیۆلۆجیەکان ئەویان دۆزییەوە کە بنەڕەتی توخمی ئاسن سەر زەوی نییە، بەڵکو لە دەرەوەی زەوی هاتووەو پاشماوەی ئەو شوهب و نەیزەکانەن کە هاتوونەتە نێو زەوییەوە، بەرگە زەوییشی زەوی هەندێك لەو ئاسنە دەگۆڕێت بۆ خۆڵەمێش و هەندێکیشی دەکەونە سەر زەوی. بە پێی ئینسکلۆپیدیای

بەریتانی زانا گەردوونیەکان ئەوەیان راگەیاند کە بۆ درووست بوونی یەك گەردیلەی ئاسن وە زۆر لە توخمە قورسە هاوشێوەکانی تری ئاسن پێویستییان بە وزەیەکە کە نە لە سەر زەوی و نە لە ناو خۆر و نە لە هەموو کۆمەڵەی خۆردا ئەو وزەیە نییە! بۆیە ئەوانە هەموو لە دەرەوەی زەوی هاتوونەتە سەر زەوی. دکتۆر (ئاپر پیرس) لە کتێبەکەیدا (الارض)دا نەیزەکەکان پۆلێن دەکات بۆ 3 جۆر، یەکەمیان نەیزەکی ئاسنی کە 98٪ ی ئاسن و نیکلە و ئینجا نەیزەکی بەردو ئاسنی کە نیوەی ئاسن و نیکلەو ئەوی تری جۆرە بەردێکە، و جۆری سێیەم نەیزەکی بەردییە. ساڵانە بە هەزاران تەن لەو نەیزەکانە دادەبارنە سەر زەوی کە بەشی زۆریان ئاسنین وەك ئەوەی لە ساڵی 1902 دا کەوتە سەر زەوییەکانی ئەمەریکا کە بە سەدان تەن ئاسن و نیکلی تێدابوو، هەروەها نەیزەکێکی تر لە ویلایەتی ئەریزۆنا دەکەوێتە خوارەوەو چاڵێك بە قوڵی 600 پێ و تیرەی 4000 پێ دروستدەکات و بە هەزاران تەن ئاسنی تێدا دەبێت.

حەزرەتی عومەر خوای لێ رازیبێت دەفەرموێت پەیامبەر ﷺ فەرموویەتی: " خوای گەورە چوار شتی پیرۆزی لە ئاسمانەوە دابەزاندۆتە سەر زەوی کە ئاسن و ئاگرو خوێ و ئاون» .

هەندێك لە راڤەکاران دەڵێن کە وشەی (انزلنا) بەکاردێت بە مانای (خلقنا) یان (هیاناه) واتە دروستمان کردو یان ئامادەمان کرد وە یان دروستکردن و ئامادەکردن دەگرێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە لە سەردەمێکدا راڤەکراوە کە دەشێت ئەو راڤەیە بەو جۆرە کراوە راست بێت بۆ ئەو سەردەمەی کە زانست بەم جۆرەی ئێستا پێشکەوتوو نەبووبێت، خۆ قورئانی پیرۆز ماناکانی رەهاو بێ سنوورن و هەموو مانا راستییەکان لەخۆ دەگرێت و ناکرێت ماناکانی لە قاڵب بدرێن و چەق بەستوو بکرێن، هەرچەندە وشەی (خلقنا) گشتگیرەو درووستکردن و بەدیهێنان دەگرێتەوە، بەڵام لە وشەی (انزلنا) شدا ئەم مانایانەو زیاتریش لە خۆ دەگرێت یەکەم بەدیهێنان واتە (خلق ) و دووەمیش دابەزاندنە، خۆ ئەگەر تەنها بەدیهێنان بوایە ئەوا تەنها (خلق) ی بەکاردەهێنا وەك هەموو ئایەتەکانی دیکە، هەر دەبێت بەدیهاتن هەبێت لە هەردوو وشەکەدا، لەو رووەوە هەردوو وشەکە هەمان مەبەست دەدەن، بەڵام (أنزلنا) مانای دابەزینیش لە خۆ دەگرێت واتە درووستکردن و دابەزاندن، چونکە ئەگەر هەر درووستکردن بوایە دەیفەرموو (خلقنا) بۆچی ئەوەی بەکار نەهێناوە؟ هەموو وشەکانی قورئان موعجیزەن و بە هەرەمەکی دانەنراون هەمووی بە تەرازوو دانراون (انزل الکتاب بالحق و المیزان).

هەندێك نموونەی ئایەتێکی تر دێننەوە کە دەفەرموێت: ﴿وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ ثَمَٰنِيَةَ أَزۡوَٰجٖ ﴿٦﴾﴾ الزمر، ئەو (انزل) لەو ئایەتەدایە بەڵێ بە مانای دابەزین و خەلقیش دێت بەڵام بۆچی لەوێشدا نەیفەرموو (خلق) ئەوەش ئیعجازی زانستیی خۆی هەیە، ئاخۆ بۆچی دابەزین و ئەو دابەزینە لە کوێوە بێت؟ جوان سەرنج بدەین دەفەرموێت دابەزین لە (من الانعام) واتە لەو ئاژەڵانە خۆیانەوە نەك لە ئاسمانەوە یان لە شوێنێکەوە ناوی نەهێنرابێت وەك لە ئایەتی (انزلنا الحدید) کە شوێنەکەی دیارینەکردووە لە کوێوە دابەزیوە؟ واتە دەرەوەی زەوییە، مەبەستی ئایەتەکەی کە (و انزل اکم من الانعام)یە، ئەوەیە کە ئەو ئاژەڵانە بەچکەیان دەبێت و بەچکەکانیان لێدەکەوێتەوە خوارەوە واتە لە سکی ئاژەڵاکانەوە بەردەبنەوە سەر زەوی، نەك لە شوێنێکی ترەوە دابەزین! هەتا قورتوبی ئەمەندە پابەندە بە چەمکی (انزل)وە لە مانای ئایەنەکەی پێشووشدا دەڵێت کە ئەو ئاژەڵانەش لە ئاسمانەوە دابەزیون و کاتی خۆی ئادەم لە بەهەشتەوە هێناونی.!!

لەم دواییانەشدا بە پێی: لیکۆلینە وە یە کی نوێ .. کانزاکان لە دەرەوەی زە وییە وە دابە زیون! لە سایتی رۆژنامەی کوردوستانی نوێ کە ئەویش لە ماڵپەری (میدل ئیست ئۆنلاین)وە وەریگرتوە هاتووە:

زاناکانی بەریتانیا لەو بڕوایەدان کە ئاڵتون و زۆربەی کانزاکانی دیکەی سەر زەوی پێشتر لەفەزاوە بەرەو زەوی داباریون، ئەم برِوایەی ئەو زانایانە دوای ئەوە دێت کە بەڵگەی زیاتریان دەستکەوتووە، بەوەی بەر لەچوار ملیار ساڵ ئەو کانزایانە بەهۆی شەپۆلێکی نەیزەکەکانەوە داباریونەتە سەر زەوی. ئاژانسی هەواڵی ئەڵمانیا لەزاری زاناکانی هەردوو زانکۆی (بریستۆل و ئۆکسفۆرد) ەوە بلاویکردۆتەوە، توێژاڵی زەوی بەرلەوەی ڕووبەڕووی شەپۆلێکی بەرفراوانی نەیزەکباران ببێتەوە، جۆرێکیتر بووەو بەو شێوەیەی ئێستا نەبووە. ئەو زانایانە ئاماژەشیان بەوە داوە کە دوای ئەو نەیزەك بارانە زەوی شێوە ی گۆڕدراوەو زۆربەی ئەو شوێنانەش کە نەیزەکەکانیان بەرکەوتووە جۆرە بەرزی و نزمی و هەڵدێرو نشێوێك کە بەشی زۆری ئەو بەرزی نزمیانە لەناخیاندا بەشێکی زۆر لەکانزا بەنرخ و دەگمەنەکان لەخۆگرتووە. پێداچوونەوەیەکی تازە ی زاناکان دەڵێت، زەوی لەقۆناغێکی سەرەتای گەشەکردنیدا بۆتە دوو بەشەوە، ئەوەش لەوکاتەدا کە هێشتا لەحاڵی گڕگرتویی و جۆشگرتنیدا بووەو لەوکاتەدا بەشێکی زۆری شلەیەکی گەرم بووە. (ماتیاس ویلبۆلد) زانای کیمیازانی زانکۆی بریستۆل ئاماژەی بەوەداوە بەپێی هەموو لێکدانەوەو تاقیکردنەوەکان ئەو ئاڵتون و کانزا دەگمەنانە دوای ساردبوونەوەی زەوی چونەتە توێژاڵی ناوەوەی زەوی و بڕێکی کەمی نەبێت، هەر ئەمەش وایکردووە کە زاناکان ئەو تەقدیرە بکەن. هەر لەو چوارچێوەیەدا ماتیاس ویلبۆلدی سەپەرشتیاری ئەو تیمەی زانکۆی بریستۆل ئەوەشیان خستۆتەڕوو چەند نموونەیەکی تاوێرە بەردەکانی گرینلاندیان تاقیکردۆتەوە کە هەندێکیان مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەر لە تەقینەوەی مەزن.

ئەم تاقیکردنەوانەش جارێکیتر زاناکانیان خستۆتەوە بەردەم مەتەڵێکی زانستیی دیکە، ئەمەش وا دەکات کیمیازانەکان و جیۆلۆجییەکان بەهەموو لێکدانەوەو شیکردنەوەکانیاندا بچنەوە بۆ گەیشتن بە دەرەئەنجامێکی راست و درووست.

ئێستا باس لەوە دەکەین بۆچی خوای گەورە وەسفی ئاسن دەکات بەم شێوەیە ( فیه باس شدید و منافع للناس )؟

بە پێی زانستی نوێ ناوکی گەردیلەی ئاسن لە هەموو ناوکی گەردیلەی توخمەکانی تر توندو تۆڵترو پێکەوەبەستراو ترە، بە مانایەکی دی پێکنەرەکانی ناوکی توخمی ئاسن کە زۆرن، زۆر بە توندی پێکەوە بەستراون، بۆیە سیفەتە فیزیایی و کیمیاییەکانی ئەو توخمە زۆر ناوازەن و شایانی وەسفکردنیەتی بەم شێوەیە (فیە باس شدید)، سەبارەت بە سوودو کەڵکەکانیشی (و منافع للناس)، ئەوە کەس ناتوانێت نکوڵی لێبکات و هەر لە کۆنەوە ئاسن پایەیەکی بەهێزی هەموو شارستانییەتە کۆن و نوێیەکانیش بووە بە پیشەسازییە ژیاری و جەنگیەکانیشیەوە، هەروەها رەگەزێکی بنەڕەتی پێکهاتەی هیمۆگلۆبینی خوێنە کە ئۆکسیجین و خۆراك دەگەیەنێتە شانەکانی لەش، سەرەڕای ئەوانەو لە هەمووشیان گرنگتر ئاسن پێکهاتەی بنەڕەتی ناو کرۆکی زەوییە کە ئەوەش بۆتە هۆی دروستبوونی بوارێکی موگناتیسی بەهێز بۆ لانکەکەمان زەوی، کە ژیانی بەم جۆرە ڕێکخستووە بۆمان و لە هەمووی گرنگتر ئەو بوارە موگناتیسیە وەك بەرگێکی پارێزەرە لە ئەو بۆردوومانە تەنۆلکەییانەی کە بەردەوام لە دەرەوەی زەوی بۆمان دێت، بۆ نموونە لەکاتی ڕوودانی خۆرەباکان یان گێژەڵوکە خۆرییەکان، لە بەر ئەو هەموو سوودو گرنگیانەیە وە زۆری تریش و لەوانەیە نەزانراو بن کە قورئانی پیرۆز باس لە توخمی ئاسن دەکات و سورەتێکی بە ناوەوە ناو دەنێت، ئابەو

جۆرە ناوی کانزاکانی تر ناهێنێت بۆ نموونە ئەلەمنیۆم کە لە یەکێك لە زنجیرە یەکبوونەکانی ناوکیدا دروست دەبێت، قورئانی پیرۆز کتێبی کیمیانییە هەموو ئەو شتانەمان بۆ باس بکات و ئەوە بەجێدێڵێت بۆ ئێمەی مرۆڤ، هەرچەندە لە قورئاندا ئاماژە بۆ کانزای تری وەك ئالتون و زیو کراوە.

بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم گرتە ڤیدیۆییە بکە:

http://www.youtube.com/watch?v=PYRS5Z-n2mc

سەرچاوەکان:

1) http://egyig.com کتێبی الادلە المادیة علی وجود الله
2) http://www.saudistudents.co.uk
3) http://ar.wikipedia.org/
4) http://www.youtube.com/watch?v=PYRS5Z-n2mc
5) http://knwe.org/Direje.aspx?Cor=10&Besh=Araste&Jimare=7798
6) http://middle-east-online.com
7) http://www.hiramagazine.com

## هەواڵی زانستی:

## ڕێگایەکی نوێ بۆ خۆپاراستن لە شێرپەنجە



ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی لە لێکۆڵینەوەیەکیاندا، ئەوەیان خستەڕوو، کە ئەنجامدانی چالاکیی جەستەیی بۆ ماوەی دوو کاتژمێرونیو لە هەفتەیەکدا زۆر پێویستە بۆ خۆپاراستن لە شێرپەنجە، بەتایبەت شێرپەنجەی کۆلۆنو مەمك.

سەرۆکی یەکێتیی نێودەوڵەتیی لەناوبردنی شێرپەنجە (ادوارد کاباز) کە پێشنیازو ڕاسپاردەکانی لەگەڵ ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی لەم بارەیەوە ئامادەکردووە، ئەوەی ڕوونکردەوە، کە زۆر جۆری شێرپەنجە دەتوانرێت خۆیان لێ بپارێزرێت.

بەپێی ڕوونکردنەوەکانی ڕێکخراوەکە، (نزیکەی 25٪ی جۆرەکانی شێرپەنجەی مەمكو کۆلۆن، بەهۆی چالاکییە جەستەییەکانەوە، دەتوانرێت خۆی لێ بپارێزرێت).

شایەنی باسە کەمیی چالاکیی جەستە، بە یەکێك لە چوار هۆکارە کاریگەرەکانی مردن دادەنرێت، کە ئەوانی دیکە، شەکرەو جگەرەکێشانو پەستانی خوێن، کەمی چالاکیی جەستەیی ساڵانە دەبێتە هۆی مردنی 3,2 ملیۆن کەس، ئەمەش بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی.

# ڕۆڵی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان و وتە بەنرخەکانی پەیامبەر لە پەروەردەی دروستی مرۆڤدا/١:

# الفاتحة

دکتۆر سەعید شێخ لەتیف
مامۆستای کۆلێجی پزیشکیی ددان/ زانکۆی سلێمانی

وەك لەدێرزەمانەوە ڕەچاو کراوە ئەوەی لە ژیاندا کۆمەڵ چالاك، بەختیار و سەربەرز ئەکات، بە پلەی یەکەم خوو و ڕەوشتی جوان و گرنگیی تەواوی پێدراوە، بە پلەی دووەمیش چەکی زانستە، کە بە پاڵپشتی خوو و ڕەوشتی جوان، ئەندامانی کۆمەڵ، میللەتان و وڵاتانی جیهانیان بەرەو لوتکەی شکۆمەندیی بردووە.

هەر ئەو دوو خاڵەش بوونەتە پایەی تۆکمەو پتەو لە مەر جێگیریی کرۆکی لانەی ژیانی سەربەرزیی و شکۆمەندیی. لەبەر ئەو هۆکارانەیە کاتێ یەکێك کە هەست بە لاوازیی ئەو دوو خاڵە گرنگە دەکات لەنێوان کۆمەڵدا، وای بەباش دەزانێت کە هەوڵی هاندانی بدات، بۆئەوەی بەرەو کەمکردنەوەی خاڵە لاوازەکان هەنگاوبنێت و بتوانێت شانبەشانی میللەتانی پێشکەوتوو برەو بە سەروەری و ئاسوودەیی خۆی بدات.

لەم باسەدا ڕۆڵی مەزنی ئایەتەکانی قورئان و وتەکانی پەیامبەر وگرنگیدانی بە لایەنی پەروەردەی مرۆڤەوە ئەخەمە ڕوو، کە تاکەکەس و خێزان و کۆمەڵ بەرەو ژیانێکی شکۆمەندیی و ئاسوودەیی دەبات.

لە بەر ئەوەی سورەتی (الفاتحە) دەسپێکردنی قورئانی پیرۆزە و دایکی کتێبە (أم الکتاب) واتە دایك شوێنی پێکهێنانە، هەروەها هەموو قورئان لەم سورەتەدا بەکورتی کۆکراوەتەوە و ئامۆژگاریی گشت مرۆی سەر زەوی دەکات، واباشە کە باسەکەمان بەئایەتە پیرۆزەکانی ئەم سورتە دەستپێبکەین:

سورەتی (الفاتحە)

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ١ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ٣
مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ٤ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ٥ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦
صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ٧﴾ الفاتحة: ١ - ٧

یەکەم سورەتی قورئانی پیرۆز (الفاتحە) یە بۆ گشت گەل و هۆز
بە (بسم الله) دەرگا والآیە بۆمان ئیلاهی بەخشندە خوایە
الحمد لله، شوکر و سابیرم ئەگەر لە دونیا گەنجم یا پیرم
بە ( ناوی یەزدان) دەرگا والآیە لەگەڵ خوا راستبیت، نزات گیرایە
(الحمد لله ) شوکر بۆ یەزدان رەحمان و رەحیم، سەخی و میهرەبان
(مالك یوم الدین)، دادگای یەکسان (إیاك نعبد)، پەنا و پەرستان
(إهدنا الصراط)، ڕێی ڕاستی ئینسان ڕێگەی نیعمەت و دڵخۆشیی ژیان
(الحمد لله) ڕێگەی ڕاستی ژین ڕێگەی کەسانێك بە شادیی ئەژین
نەك وەك ئەوانەی خودا لێی بەقین وێڵو گومڕابن، بێبەریی لە دین
هەموو بە یەك دەنگ هاوارکەین ئامین

# لە بابەتە پزیشکییەکاندا، تا چەند کار بە فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ دەکرێت؟

د. دیاری أحمد إسماعیل

پسپۆڕی نەشتەرگەری/ دکتۆرا لە نەشتەرگەرییدا/ ئەندامی کۆلێژی پادشایی نەشتەرگەران لە ئینگلتەرا

MRCS، CABS، FIBMS

diaryismaeil@yahoo.com




لە بابەتێکی پێشتردا باسمانکرد: کە وتەو کردارو پەسەندکردنەکانی پێغەمبەر(ﷺ)ئەگەر بە رێگەیەکی درووست (صحيح) پێمان گەیشتبێت بەڵگەی شەرعین، و پێویستە لەسەر موسڵمان پەیڕەوییان بکات، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە مەرج نییە لە بابەتە پزیشکییەکاندا هەموو فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ واقیعدا دەقاودەق بێت، و پەیڕەوکردنیشیان بەشێك بێت لە پەیڕەویکردنی سوننەت.. ئەم بڕیاردانەش نابێتە هۆی کەم کردنەوەی ئاست و پێگەی پێغەمبەر (ﷺ)، یان –خوانەخواستە- قسەکردن لەسەر راستێتی پێغەمبەرایەتی، و گومان درووست کردن لە نیگا، و دەرگا کردنەوە بۆ هەرکەسێك بیەوێت لەم بابەتە بدوێت و ئەوەی ناچێتە ئەقڵیەوە ڕەتی بکاتەوە!!

دەبێت بزانین ئەرکی سەرشانی موسڵمان ئەوەیە هەرچی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێ کردووە بیکات:﴿ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُوا۟ ﴿٧﴾ ﴾ الحشر: ٧..﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا۟ تَسْلِيمًا ﴿٦٥﴾ ﴾ النساء: ٦٥ بۆیە پێویستە باسکردنی فەرموودەکان لە بواری پزیشکییدا، لەو روانگەیەوەیە بێت کە پێغەمبەر (ﷺ) خۆی بۆی دیاری کردووین، ئەمە جگە لەوەی کە نەهیشی لێ کردووین دوای شتێك بکەوین روون نەبێت.

ئیسلام رێزێکی زۆری لە ئەقڵ گرتووە، و لە چەندین ئایەتدا خوای گەورە ستایشی خاوەن ئەقڵەکانی کردووە، و نیشانەکانی خۆی لە قورئان و گەردووندا بڵاوکردۆتەوە تا ئەقڵەکان بخرێنە کار: ﴿ قَدْ بَيَّنَّا لَكُمُ ٱلْءَايَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿١٧﴾ ﴾ الحديد: ١٧، ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى يُحْىِۦ وَيُمِيتُ وَلَهُ ٱخْتِلَٰفُ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٨٠﴾ ﴾ المؤمنون: ٨٠ ﴿ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿١٦٤﴾ ﴾ البقرة: ١٦٤،﴿ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿١٢﴾ ﴾ النحل: ١٢.. ئەوانەشی دوورن لە خوا بە بێ ئەقڵان نەوازە دەکرێن:﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْقِلُونَ ﴿٥٨﴾ ﴾ المائدة: ٥٨، ﴿ صُمٌّۢ بُكْمٌ عُمْىٌ فَهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴿١٧١﴾ ﴾ البقرة: ١٧١،﴿ إِنَّ شَرَّ ٱلدَّوَآبِّ عِندَ ٱللَّهِ ٱلصُّمُّ ٱلْبُكْمُ ٱلَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾ الأنفال: ٢٢.. لە قورئاندا ٤٩ جار وشەی ئەقڵ و مورادیفەکانی هاتووە: (عقلوه، تعقلون، نعقل، يعقلها، يعقلون).. هەروەها ١٦ جار وشەی (الالباب) دووبارە بۆتەوە١.

لێرەوە دەردەکەوێت دینی خوا دینی زانست و زانیارییە نەك نەفامی ﴿ وَمَا يَعْقِلُهَآ إِلَّا ٱلْعَٰلِمُونَ ﴿٤٣﴾ ﴾ العنكبوت: ٤٣.. نیگای ئاسمان بە خوێندن دەستی پێ کرد ﴿ ٱقْرَأْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلَّذِى خَلَقَ ﴿١﴾ ﴾ العلق: ١ بەڵکو (لا إله إلا الله) کە درووشمی ئیسلامە، قەبوڵ نابێت ئەگەر لەسەر بنەمای زانستیی نەبێت ﴿ فَٱعْلَمْ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ ﴿١٩﴾ ﴾ محمد: ١٩.. هەر بۆیە موسڵمانانی پێشوو توانییان لە سەردەمی خۆیاندا بە لوتکەی زانستەکان بگەن بە تایبەتی لە زانستی پزیشکیدا – بێگومان بە پێوەری ئەو کاتە-.. ئەوەتا کتێبەکەی زانای موسڵمان (ئەبو قاسمی زەهراوی) بە ناوی (التصريف لمن عجز عن التأليف) وەردەگێڕدرێتە سەر زۆربەی زمانە ئەوروپییەکان، و بۆ ماوەی (٥) سەدە گەورەترین سەرچاوەی پزیشکیی بواری نەشتەرگەریی بووە لە ئەوروپادا٢.. بەڵام بە داخەوە لەگەڵ دواکەوتنی موسڵمانان –لە هەموو بوارەکاندا- لە بواری پزیشکیشدا بەرەو دوواوە چوون.

بە هەر حاڵ.. ئەگەر کاتێك موسڵمان لە شوێنێکی دووری ئەم زەوییەدا بێت و تەکنەلۆجیاو هۆکارەکانی گەیاندنیش بوونییان نەبێت، مومارەسەیەکی پزیشکی کۆن بەکاربهێنێت، لەوە دەچێت گلەیی لێ نەکرێت.. بەڵام ناخۆشییەکە لەوەدایە لە سەردەمی زانست و شکاندنی سنوورەکان و مۆڵەت نەدانی زانست کە زانایان بۆ ساتێکیش لە شوێنی خۆیاندا بووەستن، دەبینین خەڵکێك هەن تازە تازە هۆکارەکانی منداڵ نەبوون و شەلەل، و چەندین نەخۆشیی تر دەگەڕێننەوە بۆ جنۆکە!! یان دەیانەوێت بە هەندێ هۆکاری سەرەتایی کۆن –کە دەبێت بزانین ئەوانە لە بنچینەدا ئیسلامیی نین- دەیانەوێت بەو هۆکارانە هەموو نەخۆشییەکان چارەسەر بکەن! بەڵکو هەندێکیان بانگەشەی زۆر گەورە دەکەن، گوایە چەندین نەخۆشی شێرپەنجەی چارەسەر کردووە، دوای ئەوەی پزیشکان دەستەوەستان بوون لە چارەسەرکردنیدا!! کێشەکەش لەوەدایە زۆر جار ئەو کەسانە بۆ رەواجدان بە کارەکانیان دەیگەڕێننەوە بۆ

سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ)، و لە کاتی گفتوگۆکردن لە گەڵیاندا بەرامبەر تۆمەتبار دەکەن بەوەی ڕەتی سوننەت دەکاتەوە، یان گومانی هەیە لە عیسمەتی پێغەمبەر (ﷺ) ئەم بۆچوونەشمان بیدعەیەك نییەو پێشتر باس نەکرابێت، ئەوەتا زانایانی وەك قازی عیاز، و ئیبن خەلدون، و قازی عبدالجبار لە کۆنەکان، و شێخ موحەممەد ئەبو زوهرە، و شێخ ولی الله دەهلەوی، و د. عبدالوهاب خەللاف، و شێخ عبدالجلیل عیسا، و شێخ فەتحی عوسمان، و د.موحەممەد سولەیمان ئەشقەر لە تازەکان، ئاماژەیان بەوە کردووە: لەگەڵ ئەوەی زۆربەی وتەو کارەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دەکەونە خانەی شەرعییەوە، بەڵام هەندێك وتەو کردار هەن لە خانەی دنیایدان، واتە پێغەمبەر (ﷺ) وەك مرۆڤێك ئەو کارانەی کردووە، و وەك بۆچوونێکی بەشەری ئەو وتانەی فەرمووە.. دیارە کارە پزیشکییەکان کارێکی دنیایین نەك دینی.. بۆ نموونە پێغەمبەر (ﷺ) گەر پێی وا بووبێت کە دەرمانێکی دیاری کراو بەسوودە بۆ نەخۆشییەکی دیاری کراو، بەڵام دوایی وا دەرنەچوو... یان تەدبیرێکی کشتوکاڵیی دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرهەم، دوایی دەرکەوت وا نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە بوو –وەك ڕووداوی پیتاندنی دارخورما کە لە سیرەدا هاتووە- ئەم بۆچوونانە پەیوەندی بە پێغەمبەرایەتییەوە نییە، بەڵکو لەوەوە هەڵدەقوڵێت کە موحەممەدی کوڕی عبدالله مرۆڤێکە، و ئەزموونی تایبەتیی خۆی هەیە، و لە کارە دنیاییەکاندا ڕای خۆی وتووە... خۆشی فەرموویەتی: ئێوە زاناترن لە کاروباری دنیاتاندا..

قازی عیاز (لە دایك بووی ٤٧٦ك) لە کتێبی (الشفا)دا دەڵێت: "حاڵی پێغەمبەر (ﷺ) و بیروڕای لە کاری دنیایدا: پێدەچێت بە شێوەیەك لە شێوەکان لە کارێکی دنیاییدا ڕایەکی هەبوو بێت یان گومانی لە شتێکدا هەبوو بێت و دواتر پێچەوانەکەی دەرکەوتبێت (بە پێچەوانەی کارە شەرعییەکان) ئینجا فەرموودەکەی ڕافعی کوڕی خەدیج دێنێتەوە (کە موسلیم ریوایەتی کردووە) تیایدا هاتووە: (قدِمَ النَّبيُّ (صلى الله علية وسلم) المدينة، فإذا هم يُأبرونَ النَّخلَ- يقولُ: يُلَقِحونَ النَّخلَ- فقالَ: ما تصْنعونَ؟ قالوا: كُنَّا نَصْنَعُهُ. قالَ: لَعلَّكُم لَوْ لَم تفعلوا كانَ خيراً. فتركوهُ، فَنَفَضَتْ، فَذَكَروا ذلكَ لهُ، فقالَ: إنَّما أنا بَشرٌ، إذا أمَرْتُكم بشيءٍ من دينكُم فخُذوا بهِ، وإذا أمَرْتُكم بشيءٍ من رَأيٍ فإنَّما أنا بَشرٌ) پاشان دەڵێت: لە ریوایەتەکەی ئەنەس (کە موسلیم ریوایەتی کردووە) هاتووە: (أنْتُم أعْلَمُ بدنياكُم)، هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە: (إنَّما ظَنَنْتُ ظَنّاً، فَلا تُؤاخذوني بالظَّنِّ)، و لە فەرموودەی ئیبن عەبباسدا لە ڕووداوی (الخرص)دا هاتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (إنَّما أنا بَشرٌ، فَما حَدَّثْتُكُم عَن اللهِ فَهوَ حَقٌ، وَما قُلْتُ فيهِ مِنْ قِبَلِ نَفْسي فإنَّما أنا بَشرٌ أُخطيءُ وأُصيبُ). ئەمە لەو شتانەیە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی لە کاروباری دنیاییدا، و گومانی وا بووە نەك پەیوەندی بە ئیجتیهادی شەرعی یان سوننەتێکەوە هەبێت کە هێنابێتی.. پاشان ڕووداوی شەڕی بەدر دێنێتەوە، کە لە سیرەی ئیبن ئیسحاقدا هاتووە، کە لە ڕای خۆی واز دێنێت و بە حەبابی کوڕی مونزیر دەڵێت: (أشَرْتَ بالرَّأيِ).هەروەها نموونەی ڕێکەوتن لەگەڵ جوولەکەکاندا لەسەر سێیەکی بەروبوومی مەدینە، و پاشان پاشگەزبوونەوەی دوای قەناعەت هێنانی بە ڕای پشتیوانان.. ئینجا دەڵێت: ئەوانەو نموونەکانی لە کارەکانی دنیا، کە پەیوەندی بە زانستی دینەوە نییە (مەبەست نیگایە)، لەم کارانەدا دەشێت ڕاست و هەڵە تیایاندا ڕووبدات، ئەمانەش هیچ کەمیی یان شکاندنێکی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) تێدانییە، بەڵکو ئەمانە کاری ئاساییین، و ئەو کەسەی تاقی کردبێتەوە دەیانزانێت، بە تایبەتی گەر کردبێتییە کاری بەردەوامی و خوی دابێتێ، پێغەمبەریش (ﷺ) بەردەوام سەرقاڵی ناساندنی خوای گەورە بووە بە خەڵکی، و هەم و غەمی کاری شەریعەتە، و خەیاڵی لای بەرژەوەندی دنیایی و دینی ئوممەتەکەیەتی، دیارە ئەمانەش لەچەند کارێکدا بووە... بە شێوەی تەواتور پێمان گەیشتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) چەندین وردەکاری شتی دنیایی زانیوە، کە دەکەونە بابەتی موعجیزەوە..٣

ئیبن خەلدون (لە دایك بووی ١٣٣٢ز) لە (مقدمة) کەیدا دەڵێت: ئەو کارە پزیشکییانەی کە لە (النبويات)دا بۆمان گوازراوەتەوە لەو جۆرەیە –کە لەسەر بنەمایەکی سادە لە ئەزموون وەرگرتن لە چەند کەسێکەوە بنیات نراوە، و بە میراتی دەگوێزرێنەوە- بە هیچ شێوەیەك لەسەرچاوەی نیگاوە نییە، بەڵکو کارێکی ئاسایی عەرەب بووە.. ئەوەی کە لە باسی ئەحواڵی پێغەمبەرەوە (ﷺ) باس دەکرێت لە نەریتی سەردەمەکەی بووە، نەك ئەوەی ئەو کارانە بەو شێوازانە لە شەرعەوە بنەمای گرتبێت، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) نێردراوە تا شەریعەتمان (یاساکانمان) فێربکات.. نەنێردراوە تا پێناسەی پزیشکی بکات.. ئەوەی ڕوویدا لە مەسەلەی پیتاندنی دارخورماکاندا ڕوویدا، بۆیە فەرمووی: (أنْتُم أعْلَمُ بأُمور دنياكم). نابێت ئەو کردە پزیشکییانەی کە لە فەرموودە درووستەکاندا باسکراوە بیانگەڕێنینەوە بۆ شەرع (واتە سوننەت نین) چونکە هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نییە، مەگەر بەکار بێن وەك تەبەڕوك، و نیشانەی پتەویی باوەڕبوون پێیان، ئەو کاتە شوێنەواری چاکی خۆی دەبێت.. نەك لەبەر ئەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) پزیشکێکی جەستەیی بووبێت، بەڵکو وەك کارلێکی وتەی ئیمانی: ئەوانەش وەکو تەداوی کردنی سك ئێشە بە هەنگوین، و نموونەکانی٤..

شێخ ئەحمەد، ناسراو بە ولی الله دەهلەوی (لەدایك بووی ١١١٤ك، ١٧٠٤ز) لە کتێبی (حجة الله البالغة) دا باسی جۆرەکانی زانستی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەکات، دەڵێت: بزانە ئەوانەی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێردراوەتەوەو لە کتێبەکانی فەرموودەدا نووسراون دوو بەشن:

یەکێکیان: ئەوەی مەبەست پێی گەیاندنی پەیامی پێغەمبەرایەتییە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: (وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْ) لەوانەش زانیاریەکانی ڕۆژی دوایی و مەلەکوت، کە پشت بە نیگا دەبەستن و ... تاد.

دووەمیان: ئەو کارانەی کە لە بابی گەیاندنی پەیام نیین: لەوانەش فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) کە دەفەرموێت: (إنَّما أنا بَشرٌ، إذا أمَرْتُكم بشيءٍ من دينكُم فخُذوا بهِ، وإذا أمَرْتُكم بشيءٍ من رَأيٍ فإنَّما أنا بَشرٌ) و هەروەها لە ڕووداوی پیتاندنی دارخورماکاندا فەرمووی: (إنَّما ظَنَنْتُ ظَناً، فلا تُؤاخذوني بالظَّنِّ، ولكنْ إذا حَدَّثْتُكُم عَن اللهِ شَيئاً فَخُذوا بهِ، فَإنّي لَنْ أكذِبَ على اللهِ)، لەو بابەتانەش پزیشکی..٥

لە زاناکانی سەردەمیش، شێخ موحەممەد ئەبو زوهرە (لە دایك بووی ١٨٩٨ز) لە کتێبی (تأريخ المذاهب الإسلامية) دا دەڵێت: خولاسە.. نابێت هەڵە بچێتە ئیجتیهادکردنی پێغەمبەرەوە (ﷺ) لە بڕیارداندا لە کاتی حوکمەکانیدا، و خوای گەورە لە هەڵە وریای نەکردبێتەوە... بەڵام لە کاروباری دنیاییدا، لە پیشەسازی و کشتوکاڵ و بازرگانی و هتد، هەڵەکردنی پێغەمبەر (ﷺ) لەم بوارانەدا مەحاڵ نییە، چونکە پەیامەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەم

شتانە نەبووە، بەڵکو بۆ گەیاندنی شەرع بووە..٦

د.موحەممەد سولەیمان ئەشقەر لە توێژینەوەیەکی وردا، بە ناوی (مدى الإحتجاج بالأحاديث النبوية في الشؤون الطبية والعلاجية) چەند بەڵگەیەک دێنێتەوە لەسەر ئەو رایەی کە پێغەمبەر (ﷺ) لەوانەیە هەندێک لە بۆچوونە دنیاییەکانی لەگەڵ واقیعدا یەک نەگرن، کەم یان زۆر، بەڵکو لەوانەیە غەیری ئەو زیاتر پێکابێتی.. لەو بەڵگانەش: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰ إِلَيَّ﴾ الكهف: ١١٠، ﴿قُلْ سُبْحَانَ رَبِّي هَلْ كُنتُ إِلَّا بَشَرًا رَّسُولًا﴾ الإسراء: ٩٣.. زانراوە کە خوای گەورە کردوویەتی بە پێغەمبەر مەنعی نەکردووە کە واز لە هەڵسوکەوتە مرۆڤییەکانی بێنێت.. وەکو مرۆڤێکی ئاسایی کە بە (غلبة الظن) کار دەکات، و لەوانەیە هەڵە بێت یان راست.. پەیمانیشی نەداوەتێ کە مەنعی بکات لە هەڵە، بە پێچەوانەی کارە شەرعییەکانەوە، کە وتەکانی پێغەمبەر (ﷺ) نابێت بە هیچ شێوەیەک هەڵەی تێدابێت، هەر وەک چەسپێندراوە لە زانستی (أصول الفقه) دا.. هەروەها دوای هێنانەوەی فەرموودەی پیتاندنی دارخورماکان، دەڵێت: لێرەدا پێغەمبەر (ﷺ) بنەمایەکی گەورە دادەمەزرێنێت لە شەرعدا، و بۆمان روون دەکاتەوە کە هەندێ تاکی ئوممەت پێدەچێت جار جارە لەو شارەزاتر بن لەو کارە دنیاییەی کە تێیدا لە پێغەمبەر (ﷺ) خاوەن ئەزموونتر بێت لەو هونەرەدا یان لەو پیشەیەدا، بە پێی شەرعیش واجب نییە لەسەریان –ئەو خاوەن ئەزموون و پیشانە- کە لە هونەرەکەی خۆیان بگەڕێنەوە بۆ فەرموودەکان، هەر وەک چۆن واجب نییە کە وتەی غەیری پێغەمبەریش (ﷺ) بەهەند وەربگرن.

د.موحەممەد سولەیمان ئەشقەر ئەو فەرموودانەی کە لە بارەی پزیشکییەوە هاتوون، دەیانکات بە دوو بەشی سەرەکییەوە:

یەکەمیان: ئەو فەرموودانەی کە بە شەرع دادەنرێن، و کارپێکردنیان واجبە، وەک هەموو فەرموودەکانی دیکەی پێغەمبەر (ﷺ) لە بابەتەکانی بیروباوەڕو پەرستش و موعامەلەکان، لەو فەرموودانەش:

أ. کۆمەڵێک فەرموودە کە لە بواری کارکردن بە پزیشکی و چارەسەرکردن و دەرمان بەکارهێنانەوە هاتوون: بۆ نموونە ئەو فەرموودانەی کە فەرمانمان پێ دەکات بە دوای چارەسەرکردندا بگەڕێین:

(يا عبادَ الله تَداوَوا، فَإنَّ اللهَ لَمْ يَضَعْ داءً إلا وَضَعَ له دَواءً، غَيرَ داءٍ واحدٍ: الهَرَم) -أحمد وأصحاب السنن-

(لِكُلِ داءٍ دَواءٌ، فَإذا أصيبَ دواءُ الداءِ بَرأَ بإذنِ اللهِ تعالى) -مسلم-

لەم بابەتەدا گێڕانەوە زۆرن، ئەوەی لێ وەردەگیرێت کە پێغەمبەر (ﷺ) چارەسەری خۆی دەکرد، و داوای چارەسەری لە پزیشکی تایبەت دەکرد، و جاری واش بووە هەندێ لە هۆزە عەرەبییەکان هاتوون بۆ مەدینەو دەرمانێکی دیاری کراویان بۆ هێنابێت.. یان پێغەمبەر (ﷺ) خەڵکی ناردووە بۆلای پزیشکی تایبەت..

ب. هەندێک فەرموودە هەن رێنموویی شەرعییان تێدایە سەبارەت بە چارەسەرکردن و کاروباری نەخۆش، بۆ نموونە - سەردانی نەخۆش: لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە: عائیشە –خوای لێ رازی بێت- دەفەرموێت: (أَنَّ النَّبيَ صلى اللهُ عليه وَسلمَ كانَ إذا أَتى مَريضاً، أَوْ أُتيَ إليه به قال: أَذْهِب البَأسَ رَبَّ النّاسِ، اِشْفِ وَأَنتَ الشافي، لا شِفاءَ إلا شِفاؤكَ، شِفاءً لا يُغادِرُ سَقَماً).

- کاتێک پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری لێ دەکەن دەربارەی چارەسەر بە شەراب، فەرمووی: (إنَّها ليست بِدَواءٍ ولكنها داءٌ) -أحمد و مسلم و أبو داود و الترمذي-

ج. ئەو فەرموودانەی کە نەهی کردووە لە چەند جۆرێکی چارەسەرکردن، کە لە نەریتی سەردەمی نەفامیبوون و ناگونجێن لەگەڵ بیروباوەڕی درووستدا، چونکە هۆکاری راستەقینە نین بۆ شیفا، بۆ نموونە: کاتێک پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) ئەڵکەیەکی لەدەستدابوو، پێی فەرموو: ئەوە چییە؟ وتی: بۆ نەخۆشی کەمهێزی و لاوازی داماوە، فەرمووی: (فڕێیدە، ئەوە زیاتر لاوازت دەکات، و ئەگەر بمریت و ئەوە بیروڕات بێت لەسەر فیترەت نامریت) -الطبراني-

د. ئەو فەرموودانەی کە فەرمانی کردووە بە چەند جۆرێکی چارەسەرو پەیوەستی کردووە بە چەند حوکمێکی پەرستشیدا:- (السِّواكُ مَطهَرةٌ للفَمِ مَرْضاةٌ للرَّبِ) -أحمد والنسائي-

- (داووا مَرضاكُم بالصَدَقة)

هـ. ئەو فەرموودانەی کە لەسەر ئەسڵێکی قورئانی دامەزراون:- (إنْ كان في شيءٍ مِنْ أدْويَتكم خَيرٌ فَفي شَرطة مُحجم، أو شَربة عَسلٍ، أو لَذعةٍ بنارٍ تُوافِقُ الداءَ. ولا أُحبُ أن أكْتَوي) -البخاري- ئەمە بەڵگەیە بۆ بەکارهێنانی هەنگوین لە چارەسەردا، کە لە بنەرەتیشدا قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێداوە ﴿يَخْرُجُ مِن بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ فِيهِ شِفَاءٌ لِّلنَّاسِ﴾ النحل: ٦٩

- (كُلوا الزَيتَ وادْهُنوا به، فَإنَّهُ مِنْ شَجرة مُبارَكة) -أحمد والترمذي والحاكم- ئەسڵەکەی لە قورئاندا: ﴿وَشَجَرَةً تَخْرُجُ مِن طُورِ سَيْنَاءَ تَنبُتُ بِالدُّهْنِ وَصِبْغٍ لِّلْآكِلِينَ﴾ المؤمنون: ٢٠




و. ئەو فەرموودانەی باس لە هەندێک دەرمان یان جۆرێک لە چارەسەرکردن دەکەن، تیایاندا هاتووە کە پێغەمبەر (ﷺ): لە رێگەی نیگاوە فێری بووە، یان جوبرائیل پێی وتووە، یان خوای گەورە ئەو کارەی خۆش دەوێت.. پێویستە ئەم فەرموودانە:

١- لە ئاستێکی درووستیی (صحة)ی بەرزدابن، چونکە پراکتیکردنیان لەسەر لاشەی مرۆڤ لەوانەیە زیانی هەبێت.. هەر کات زیان روویدا هیچ پاساوێك بۆ پزیشك نییە لە بەکارهێنانی ئەو جۆرە چارەسەرکردنانە، ئەگەر بە هەڵە ئەم فەرموودانە بە درووست دانرابن.

٢- دەبێت ناوەڕۆکی فەرموودەکە بخرێتە ژێر چاودێری تایبەتمەندان (أهل الاختصاص) ئەگەر چەسپا کە بەکارن ئەوە باشە، لێرەدا دەبێت تاقیکردنەوە بەڵگەبێت.

دووەمیان: هەموو ئەو فەرموودانە کە لە بابەتی پزیشکی و چارەسەرکردندا هاتوون، و تیایدا نەهاتووە کە لە لایەن خوای گەورەوەبێت، یان ئاماژە بەوە نەکرابێت ئەنجام دانیان کارێکی شەرعییە.. ئەمانە حوججە نین لە پزیشکیدا، بەڵکو دەبێت تیایاندا بگەڕێینەوە بۆ کەسی پسپۆڕ.. ئەگەری بوونی هەڵەی پزیشکی لەم فەرموودانەدا هیچ کەمییەك نییە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، چونکە ئەو وەك مرۆڤێکی خاوەن ئەزموون وتوویەتی، نەك وەك نیگا... ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە هەرچی لەم جۆرە فەرموودانەیە پشتگوێ بخرێت، بەڵکو ئەگەری کاریی هەر هەیە، وەك هەموو کەلەپووره پزیشکیەکانی دیکەی ئەهلی تەجروبە و زانست، کە بۆیان بەجێهێشتووین. بەڵکو فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەولاترن کە شوێنی تێڕامان و بەدوادا چوونبن لە غەیری ئەو، چونکە ئەگەری ئەوەی هەر هەیە کە لەسەرچاوەی نیگاوە بووبێت.. ئەگەر دەریشکەوت کە جۆرێکی دیاری کراو لەوەی پێی دەوترێت (الطب النبوي) زیانی تێدا هەیە بۆ مرۆڤ، هیچ بەربەستێك نییە لە بەردەم روونکردنەوەی بۆ هاوڵاتیان، تا بەردەوام نەبن لە بەکارهێنانیدا. لەو فەرموودانەش:

- (كُلوا الرمّانَ بِشَحْمِه فَإنَّهُ دِباغُ المَعِدة) -أحمد-

- (إنْ كان في شيءٍ مِمّا تَتداوونَ بهِ خيرٌ فَالحِجامَةُ) -أحمد وأبو داود-

- (مَنْ تَصبَحَ كُلَّ يَوم بِسَبْعِ تَمرات عَجوَة لَمْ يَضُرُّهُ في ذلكَ اليَوم سُمٌّ ولا سِحْرٌ) -أحمد والبخاري وَمسلم وأبو داود-

- (الحُمّى مِنْ فَيحِ جَهنَّمَ فَابرُدوها بالماءِ) - أحمد والبخاري ومسلم -

- (في الحَبَّةِ السَوداءِ شِفاءٌ مِنْ كُلِّ داءٍ إلا السام) - أحمد والبخاري ومسلم -٧

لە کۆتاییدا کاتێك ورد دەبینەوە لە رووداوەکەی جەنگی بەدر، بە راستی گەورەیی پێغەمبەری خوامان (ﷺ) بۆ دەردەکەوێت، کە بواری داوە بە هەموو خاوەن تایبەتمەندییەکان راو بۆچوونی خۆیان دەرببڕن، بەڵکو مومارەسەشی بکەن. ئەمەش تا ببێتە وانەیەکی کرداری، وەك عەرەب دەڵێت: (اعط الخبز لخبازه).. حەببابی کوڕی مونزیر وتی: (أرأيت هذا المنزل أنزلكه الله ليس لنا أن نتقدمه ولا نتأخر عنه؟ أم هو الرأي والحرب والمكيدة؟ قال: بل هو الرأي والحرب والمكيدة..[٨] تا دوایی رووداوەکە)، بە ئاشکرا لەم رووداوەدا دەردەکەوێت کە هاوەڵەکان زۆر بە باشی زانیویانە کە پێغەمبەر (ﷺ) وەك مرۆڤێك راو بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە، و هیچ بە هەڵە یان بە گوناهیان نەزانیوە ئەگەر موراجەعەی پێغەمبەر (ﷺ) بکەنەوە، یان رای پێچەوانەی خۆیان دەرببڕن، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە گەورەترین مرۆڤ، پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتی داونەتێ، و بەڵکو لەسەر ئەوەش رای هێناون، و زۆر بە خێرایش چۆتە سەر بۆچوونە راستەکە، چونکە لە لایەن کەسێکی خاوەن ئەزموونەوە وتراوە.. زۆر بە روونی وشەی (الرأي) دوو جار دووبارە دەبێتەوە.. زۆر بە ئاشکراش دەردەکەوێت وتەکانی پێغەمبەر (ﷺ) هەمووی نیگا نییە: (قال: بل هو الرأي..)

## پێرستەکان:

[١] المعجم المفهرس لألفاظ القرآن الكريم، محمد فؤاد عبدالباقي، إنتشارات إسلامي، ط٩، ص٣٨٧.

[٢] بنواڕە: ماذا قدم المسلمون للعالم - إسهامات المسلمين في الحضارة الإنسانية، د. راغب السرجاني، مؤسسة إقرأ، ط٢، ١٤٣٠هـ - ٢٠٠٩م، ج١، ص٢٥٦- ٢٦٠.

[٣] الشفا بتعريف حقوق المصطفى صلى الله عليه وسلم، للقاضي أبي الفضل عياض بن موسى اليحصبي، ص ٥٩٦.

[٤] مقدمة ابن خلدون، عبدالرحمن بن خلدون، تحقيق: د. حامد أحمد الطاهر، دار الفجر للتراث، ط٢، ١٤٣١هـ - ٢٠١٠م، ص٦١٠.

[٥] حجة الله البالغة، الشيخ أحمد المعروف بشاه ولي الله ابن عبدالرحيم الدّهلوي، حققه وراجعه السيد سابق، دار الجيل، ط١، ١٤٢٦هـ - ٢٠٠٥م، ج١، ص٢٢٣-٢٢٤.

[٦] تأريخ المذاهب الإسلامية السياسية والعقائدية وتأريخ المذاهب الفكرية، للإمام محمد أبو زهرة، دار الفكر العربي، ص٢٣٠. بێ ساڵی چاپ.

[٧] مدى الإحتجاج بالأحاديث النبوية في الشؤون الطبية والعلاجية، د. محمد سليمان الأشقر، الكويت. لە ئەنتەرنێتەوە.

[٨] تهذيب سيرة ابن هشام، عبدالسلام هارون، المجمع العلمي العربي الإسلامي، بيروت، لبنان، ١٣٧٤هـ، ص١٦١.

# ئاگاداری

## بۆ سەرجەم نووسەرانی ئازیزی گۆڤاری هەیڤ..

**تکایە لە کاتی نووسین و وەرگێڕانی بابەتدا رەچاوی ئەم خاڵانە بکەن:**

**١- بابەت بە سایزی (١٥) لە (٢) لاپەڕە کەمتر نەبێت و لە (٤) لاپەڕەش زیاتر نەبێت.**

**٢- نووسەر یان وەرگێڕ دەبێت ئەو ئایەتانەی لە بابەتەکەیدا هاتووە بیانکات بە (مصحف المدينة).. نەك بە نووسینی فۆنتی ئاسایی..**

**٣- ئەگەر بابەتەکان بکرێن بە یونی کورد (unikurd).. ئەوا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەرك لەسەر برای دیزاینەر.**



# وەڵام
# بۆ ڕەخنەگرانی ئیعجازی زانستی

نووسینی: د. کاوە فەرەج سەعدون
پزیشکی پسپۆڕی هەناوی و سنگ
drkawa_sadoon@yahoo.com

لەگەڵ ئەو ڕۆڵە گرنگەی ئیعجازی زانستی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا دەیگێڕێت و پشتگیری کردنی لەلایەن زۆربەی زانایانی موسوڵمانەوە، کەسانێکیش هەن کە ڕەخنەی لێدەگرن لەناو موسوڵماناندا و زۆربەیان لەوانەن کە نایانەوێت زیادڕەوی تێدابکرێت، و نەبێتە هۆی فەراموٚشکردنی لێکدانەوەکانی تر بۆ دەقە شەرعیەکان کە زانایانی تری باوەڕپێکراو لەکۆندا پێی هەستاون، ئەمەش کارێکی ئاساییەو سوننەتێکی خوداییە لەبوونی ڕاو بیروبۆچوونە جیاوازەکان لەنێوان مرۆڤەکاندا بەتایبەتی لەو بابەتانەی کە عەقڵ و مەنتیق ڕۆڵی زیاتری تێدا دەبینن، ﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ ٱلنَّاسَ أُمَّةً وَٰحِدَةً ۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ ﴿١١٨﴾ إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ ۚ وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمْ ﴿١١٩﴾﴾ هود، ﴿وَلَقَدْ صَرَّفْنَا فِى هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ لِلنَّاسِ مِن كُلِّ مَثَلٍ ۚ وَكَانَ ٱلْإِنسَٰنُ أَكْثَرَ شَىْءٍ جَدَلًا ﴿٥٤﴾﴾ الكهف.

## - ڕەخنەی یەکەم:

قورئانی پیرۆز بۆیە دابەزی بۆ ئەوەی عەرەبەکانی سەرەتای ئیسلام لێی تێبگەن، ئێمەی موسوڵمانیش دەبێت شوێنپێی ئەوان هەڵگرین لە تێگەیشتنیان بۆ ئایەتەکان بەپێی مانای ووشەکانی، لەبەرئەوەی ئەوان عەرەب بوون و ئەوان شارەزاتر بوون بە زمانی خۆیان و مانای ووشەکانی لە ئێمە، ئیعجازی زانستیش زیان لە بەلاغەت و ڕەوانبێژی قورئان دەدات، لەبەرئەوەی ئەو کەسانەی کە قورئان گفتوگۆی لەگەڵ دەکردن کاتی دابەزینی ئەگەر ئەم مانایانەیان نەزانیایە ئەوە مانای ئەوەیە کە قورئان ڕەوانبێژ نیە چونکە باری ئەو کەسانەی قسەی لەگەڵ کردوون بەهەند وەرنەگرتووە، ئەگەر خەڵکیش پێشتر ئەم مانایانەیان بزانیایە ئەی بۆچی ڕاپەڕینی زانستی عەرەب لەو ڕۆژەوەی قورئان دابەزی دەستی پێنەکرد، ئەیناڵێن قورئان زانستی پێشینەکان وداهاتووشی تێدایە؟!

+ وەڵام:

١- قورئانی پیرۆز بۆ هەموو مرۆڤایەتی دابەزیوە تا ڕۆژی دوایی، کاتێکیش گفتووگۆ لەگەڵ ژیریی مرۆڤەکاندا دەکات هەر کەسەو بەپێی توانای خۆی سوودی لێ وەردەگرێت، ئەگەر ژیریەکانیش بێ توانابوون لە تێگەیشتنی مانای هەندێك لە ئایەتەکان ئەوا پێویستە پشت ببەستین بە گەورە زاناو لێکۆڵەرەوان چونکە پەروەردگار دەفەرموێت:﴿فَسْـَٔلُوٓا۟ أَهْلَ ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٤٣﴾﴾ النحل، زۆر جاریش زانایانی (فقه)و لێکۆڵەرەوان چەندین یاساو حوکمیان لە ئایەتەکانەوە دەرهێناوە کە خەڵکانی پێشین نەیانزانیوە، ئەویش لەبەرئەوەی قورئان: (لاتنقظي عجائبه) وەك لە فەرموودەدا هاتووە.

٢- یەکێك لەلایەنەکانی ئیعجازی قورئان بریتیە لەوەی یەك دەستەواژە چەندین مانا دەبەخشێت، کە لەوانەیە هەندێکیان لە سەردەمێکدا دەرکەوێت و هەندێکی تریشی لە زەمەنێکی داهاتوودا دەردەکەوێت لەگەڵ بەرەوپێش چوونی دۆزینەوە زانستیەکاندا، و پێویستە لەسەر زانایانی موسوڵمان

لە هەموو سەردەمێكدا ئەم مانایانە بۆ خەڵكی ڕوونبكەنەوە بەپێی ئەو زانست و زانیاریانەی لەبەردەستیاندایە.

٣- كاتێك زانیاریی و زانستە گەردوونی و سروشتیەكان بەكاردەهێنین بۆ ڕوونكردنەوەی ئایەتە قورئانیەكان و دەرخستنی لایەنی گەورەیی و ئیعجازیان ئەوا ئێمە بەم كارەمان وەك كاری زمانەوانەكان و ڕەوانبێژان دەكەین، خۆ لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) بەكارهێنانی زانستە زمانەوانیەكان لە دەرخستنی ڕووەكانی ئیعجازی قورئاندا نەبووەو سەردەمانی دواتر پەیدابووە، كە هەموو زانایان كۆكن لەسەر بەكارهێنانیان بۆ ڕوونكردنەوەی لایەنەكانی ئیعجازی قورئان، كەواتە بۆچی ئێمە ڕێبدەین بە زانایانی زمانەوانی و ڕێنەدەین بە زانایانی گەردوون و سروشت كە زانستەكانیان بخەنە خزمەتی دەرخستنی لایەنەكانی ئیعجازی زانستی ئایەتە گەردوونیەكان لەقورئاندا؟!

مامۆستا (عمر عبید حسنە) دەڵێت[1]: " یەكێك لە ترسناكترین ئەو دەردانەی تووشی ژیریی مرۆڤی موسوڵمان بووەو ڕێگربووە لە تێڕوانین و شكاندنی كۆت وبەندەكان و هێنانەدی تێڕوانینی گشتگیری قورئان و بەكارهێنانی بۆ چارەسەری ئێستاو درێژبوونەوە بۆ داهاتوو، ئەو وەهمەیە كە ئەو بنەما فیكریانەی پێشتر لە قورئانەوە وەرگیرا لە سەردەمی یەكەمدا ئیتر كۆتایی هەوڵەكانەو تێگەیشتن لە دووریەكانی دەقەكان بەمانەوە بەستراوە لە هەموو شوێن و ساتێكدا، كە ئەمە مایەی گەمارۆدانی دەقە قورئانیەكانەو كورتكردنەوەی تێگەیشتنە لێی بە سەردەمێكی دیاری كراوەوەو بەندكردنی ژیریەكانە بەتێڕوانینی ئەو سەردەمەو كۆت وبەند كردنی عەقڵەو ترساندنە لەبیركردنەوە، ئەمە ڕێگری لە مرۆڤ دەكات كە تێبفكرێت و تێبڕوانێت بەو شێوەیەی دەقە قورئانیەكان خۆیان داوایدەكەن، شوێنكەوتن و تەقلید بووەتە میراتمان و بووەتە هۆی پەكخستنی ئیجتیهادو كۆشش و داهێنان و دەستكەوتەكانمان بۆ چەندین سەدە، تەنانەت لە ئاستی هەڵس وكەوتیش نەماوین لەگەڵ قورئانداو لە سوننەتەكانی تێناگەین لە ئاسۆكان و نەفسەكانداو لەلایەنە فیقهی و تەشریعەكاندا كورتمان كردووەتە، بەڵام ئایەتەكان چەندین مەبەستیان هەیە: پەروەردەیی و كۆمەڵایەتی و دەروونی و گەردوونی و هۆكارەكانی دۆزینەوەی زانستی، كە لایەنی تەشریعی تەنها یەك لایەنی ئەم مەبەستانەیە".

٤- لەلایەكی ترەوە بابزانین كە هاوەڵەكان و پێشینان لەم ئاماژە زانستیانەی قورئان تێدەگەیشتن، بۆ نموونە كە پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ مَرَجَ ٱلۡبَحۡرَيۡنِ يَلۡتَقِيَانِ ١٩ بَيۡنَهُمَا بَرۡزَخٞ لَّا يَبۡغِيَانِ ٢٠ ﴾ الرحمن كە مەبەست پێی ئاوی سوێرە چونكە (بەحر) بە ڕەهایی لە قورئاندا بەمانای ئاوی سوێر هاتووە، (مرج) بە مانای (خلط) واتە تێكەڵی كردن ، (بینهما برزخ) واتە بەربەستێك لەنێوانیاندایە، (لا یبغیان) واتە (لا یطغیان) واتە بەسەریەكدا زاڵنابن، هەربۆیە هاوەڵەكان لەوە تێدەگەیشتن كە دوو ئاوی سوێر هەیە كە تێكەڵدەبن بەربەستێك لەنێوانیاندایە كە نابێتە هۆی زاڵبوونیان بەسەریەكدا، ئەم ڕستەیە بە ووشەكانیەوە لای هاوەڵان و موفەسیرانی پێشین زانرابوو، بەڵام شێوازو چۆنێتیەكەیان نەدەزانی لە دەریاكاندا، چونكە زۆر ڕاستیی هەیە لەگەڵ تێپەڕبوونی كاتدا چۆنێتیەكەی دەزانرێت، وەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ بَلۡ كَذَّبُواْ بِمَا لَمۡ يُحِيطُواْ بِعِلۡمِهِۦ وَلَمَّا يَأۡتِهِمۡ تَأۡوِيلُهُۥ ٣٩ ﴾ یونس واتە بێباوەڕان ئەو شتانەیان بەدرۆ دەخستەوە كە زانیارییان پێی نەبووەو بۆیان دەرنەكەوتبوو و بەچاوی خۆیان نەیانبینیوە، (وَلَمَّا يَأۡتِهِمۡ تَأۡوِيلُهُۥ) (بمعنى: بیان كشفه) واتە: بینینی دەركەوتنی، هەروەها كە پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَلَتَعۡلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعۡدَ حِينِۭ ٨٨ ﴾ ص (نبأ) لێرەدا مەبەست پێی تەئویل و ڕوونبوونەوەی ڕووداوەكەیە، ئایا ئەم (نبأ) هەواڵە چیە؟ بریتیە لە بینین و دڵنیابوون، وەك چۆن پەروەردگار لە چیرۆكی (یوسف) علیه السلام بۆمان باس دەكات كە پێشتر خەوێكی بینیبوو بەڵام كە خەوەكەی هاتەدی فەرمووی ﴿ هَٰذَا تَأۡوِيلُ رُءۡيَٰيَ مِن قَبۡلُ ﴾ واتە ئەمە هاتنەدی خەوەكەمە كە بەچاوی خۆمان بینیمان، كەواتە تەئویل لێرەدا بەمانای هاتنەدی هاتووە.

كەواتە بابزانین مانای هەموو ئایەتەكان كراوەو موفەسیرەكان هیچ ئایەتێكیان بەبێ ڕاڤەكردن بەجێنەهێشتووە، بەڵام دەركەوتنی ڕاستی هەندێ ئایەت و بینینیان بەتێپەڕبوونی كات ڕوودەدات، تەنانەت هەندێك ئایەت هەیە كە خەڵك نایانزانن چۆنە تاوەكو نەیانبینن، جا چ لە دونیا یان لە دوارۆژدا بێت، موفەسیرەكان هەوڵی زۆر باشیانداوە لە تێگەیشتنی ئایەتە گەردوونیەكان بەپێی زانیارییەكانی ڕۆژگاری خۆیان، تەنانەت گەیشتوونەتە زانینی هەندێك ڕاستی زانستی پێش دۆزینەوەیان لەلایەن زانایانەوە، بۆ نموونە (ئیبن عەبباس) ڕەزای خوای لێبێت لە تەفسیری ئایەتی: ﴿ أَوَلَمۡ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ كَانَتَا رَتۡقٗا فَفَتَقۡنَٰهُمَاۖ وَجَعَلۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ كُلَّ شَيۡءٍ حَيٍّۚ أَفَلَا يُؤۡمِنُونَ ٣٠ ﴾ الأنبياء بڕیاری ئەوە دەدات كە ئاسمانەكان و زەوی پێكەوە بوون پاشان جیاكرانەوە[2]، ئەمە پێش ئەوەی كە خەڵكی ئەمە بدۆزنەوە بە ١٤٠٠ساڵ، ئەوەی ئێمە زیادمان كردووە تەنها ئەوەیە كە ئەم ڕاستیە زانستیە لەمڕۆدا بۆ ئێمە سەلماوەو شوێنەوارەكەیمان بینیوە، ئیتر ئەمە مانای ئەوە نیە كە ئێمە لەوان باشترو زاناترببین، كەواتە ئێمە هەندێك لەم زانستە لەوانەوە وەردەگرین و بەس ئەوەندە هەیە ئێمە دەیانبینین لەمڕۆدا.

## - ڕەخنەی دووەم:

بریتیە لە ترسان لە بەستنەوەی نێوان تەفسیری قورئان و بابەتە گەردوونیە بەردەوام گۆڕاوەكان، كە كاردەكاتە سەر ڕاستگۆیی قورئان.

+ وەڵام:

ئێمە ئەم ترسە لە پەرۆشیەوە بۆ قورئان دەبینین، بابزانرێت كە ئەوانەی بە تەفسیری زانستی قورئانەوە خەریكن پابەندن بە بەكارهێنانی زانیارییە زانستیە جێگیرو دامەزراوەكان كە گەیشتوونەتە قۆناغی ڕاستیی و دڵنیایی و وەك یاسایان لێهاتووە یان بیردۆزە زاڵبووەكانن، تەنانەت ئەگەر گۆڕانكاریش لەو زانیاریانەدا ڕوویبدات هیچ زیانێكی بۆ قورئان نیە، چونكە ئەم جۆرە تەفسیرە ئیجتیهادە لە ڕاڤەكردنداو دەتوانرێت بە ڕاڤەكردنێكی تر ڕاست بكرێتەوە لەژێر تیشكی زانیاریە نوێكاندا، بینیویشمانە كە دەقە قورئانیەكان هەموو ئەو دۆزینەوە نوێیانەی لەخۆگرتووە، چونكە دەقە قورئانیەكان بەكۆمەڵێك زاراوەی گشتگیر هاتوون كە هەموو مانا ڕاستەكانیان لەخۆگرتووەو نەوە بەنەوە بۆ مرۆڤەكان دەردەكەوێت.

١- بڕوانە: (كیف نتعامل مع القرآن: الشیخ محمد الغزالي) - المعهد العالمي للفكر الإسلامي- ص ١٦.

٢- بڕوانە: (تفسیر القرطبي) (١١/ ٢٤٩)، هەروەها (تفسیر ابن كثیر) (٤/ ٣٦٢).

بابزانین کە روونکردنەوەی ئەمە هەر لە قورئان خۆیدا هەیە کە دەفەرمویێت: ﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْأَفَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ﴾ دەرکەوتنی راستیەکانی بە بینین و سەیرکردنەوە بەستووەتەوە، چونکە هەر راستیەك کە کەوتە بواری بینینەوە ئیتر گومانی تێدا نامێنێت، کەواتە زەمانەتەکە بریتیە لە بینین، بۆنموونە بەربەستی نێوان دەریاکان ئەمڕۆ بەهۆی مانگە دەستکردەکانەوە بینراوەو پێوانەی بۆدەکرێت، هەرچەندێکیش زانست بەرەوپێش بچێت، بینین و سەیرکردن بەجێگیریی دەمێنێتەوە، و هیچ کاتێك زانست نایەت بڵێت بەربەستی نێوان دەریاکان بوونی نیە، کەواتە ئیعجازو تەفسیری زانستی بەو راستیە زانستیانە دەکرێت کە بینراوەو جێگیربووە.

ئەوانەی بە زانستەکانی قورئانەوە سەرقاڵن دەزانن کە تەفسیر کردنی قورئان هەوڵێك و کۆششێکی مرۆڤە هەربۆیە موفەسیرەکان زۆر جار جیاوازن لە تەفسیر کردنی هەنێك ئایەتی قورئان بەهۆی جۆراوجۆریی مانای ووشەکان، بۆ نموونە: دەربارەی ﴿ وَٱلْبَحْرِ ٱلْمَسْجُورِ ﴿٦﴾ ﴾ الطور، هەندێك دەڵێن بەمانای: (المملوء) واتە دەریای لێوانلێو، هەروەها لە ماناکانی تری بریتیە لە: (الملتهب) واتە دەریای سوتێنراو یان کڵپەگرتوو، ئیمامی موفەسیرەکان (محمد بن جرير الطبرى) دەڵێت: (أغلبُ معاني السّجْرِ وأولاها معنيان الإيقادُ والامتلاءُ) ثم رجح أن المَسْجُوْرَ: معناه المملوء وقال: (لأَنَّ البحرَ غيرُ موقدٍ اليوم!!)[٣]، واتە: راستترین مانای (السّجْرِ) دوو دانەیە، دەریای گڕگرتوو یان دەریای لێوانلێو و پڕ، دواتر لە ووتەکانیدا مانای دەریای لێوانلێو و پڕ بەراستتر دەزانێت، لەبەرئەوەی دەڵێت: دەریا لەمڕۆماندا (واتە لە سەردەمی ئەواندا) گڕینەگرتووەو نەسووتێنراوە!!.

هەروەها جیاوازی لە بۆچوونی زانایان لە تەفسیردا لەوانەیە بەهۆی یاسا نەحویەکانەوە بێت، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە جیاوازی لە تەفسیر کردندا هۆکاری زۆرە لای موفەسیرەکان کە لە تەفسیرەکانیاندا رەنگیداوەتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا کەس رەخنەی لەم جیاوازیە نەگرتووە یان داوای کردبێت کە تەفسیرکردن بوەستێت.

زۆرێك لە موفەسیرەکان لەکاتی راڤەکردنی ئایەتە گەردوونیەکاندا پەنادەبەنە بەر تەئویل یان مەجاز یان بە چەند زانیاریەکی سادە راڤەیان دەکەن، کاتێکیش پسپۆڕانی زانستە گەردوونیەکان هاتن و بە تەواوەتی لە ئایەتەکان تێگەیشتن تەفسیریان کردن بەبێ تەئویل، و بەئاشکرا مانا راستەکانیان دەرخست کە لەگەڵ زانیاریی و قەناعەتی مرۆڤی سەردەمدا دەگونجێت.

دڵنیاین کە هیچ ترسێك نیە لە گۆڕانی زانیارییە گەردوونیەکانی بەکارهاتوو لە تەفسیردا، لەبەرئەوەی دەقە قورئانیەکان جێگیرو پارێزراون، هەر هەڵەیەکیش لە تەفسیردا پێویستە بگەڕێنرێتەوە بۆ راڤەکاران بەبێئەوەی کار لە راستگۆیی قورئان بکات، تەفسیریش گۆڕانکاریی بەسەردا دێت لەبەرئەوەی هیچ تەفسیرێکی جێگیر نییە کە موسوڵمانان بەدرێژایی سەردەمەکان لەسەری کۆکبووبن، تەنها ئەوانە نەبێت کە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بەڕاستی پێمانگەیوە کە بەشێکی زۆر کەمە.

ئەگەر بشڵێین خۆ خەریك کردن بە ئیعجازی زانستیەوە موسوڵمانان دوور دەخاتەوە لە هەوڵدان و داهێنانی زانستی و تەکنیکی وپێشکەوتن لەبوارە زانستیە جۆراوجۆرەکاندا، ئەوا دەڵێین: کە زۆربەی ئەوانەی هەوڵدەدەن لەبوارەکانی ئیعجازی زانستیدا کەسانێکی زانستین کە شایەتیی توانای زانستیان بۆ دراوە لەبواری پسپۆڕیاندا، چەند زانایەکن کە ئەگەربێتو هاوئاهەنگی لەنێوان کارەکانیاندا بکرێت و بواری تەواویان بۆ بڕەخسێت وەك چۆن لە رۆژئاوا بۆیان دەرەخسێنن (کە شوێنی کۆچکردنیانە)، ئەوا دەیانتوانی شارستانیەتێکی زانستی و تەکنیکی گەورە بخوڵقێنن کە رابوردووی درەوشاوەی ئوممەتمانیان دەبەستەوە بەداهاتوویەکی گەشاوەی چاوەڕوان کراوەوە.

زۆربەی ئەو زانایانەی لەئیعجازی زانستیدا کاردەکەن یان لە دەرخستنی لایەنێکیدا داهێنان دەکەن خاوەنی پلەیەکی بەرزی رەوشتی ئیسلامین و عەقڵیەتێکی زانستی فراوان و بیرێکی تەکنیکی سەرکەوتوو و هەستێکی دینی بەرزن.

٣- بڕوانە: (تفسير الطبري ٢٢/٤٥٩)، كما روي عن (علي وابن عباس)، وقال (قتادة): المسجور المملوء، وذكر صاحبا تفسير الجلالين (رحمهما الله) (والبحر المسجور) أي المملوء وذكرا أنه قول (قتادة). وقالا: قال (مجاهد): الموقد، وقال صاحب الظلال (يرحمه الله) كلاما مشابها يشير إلي أن البحر المسجور هو المملوء بالماء في الدنيا، وذكر صاحب (صفوة البيان لمعاني القرآن) في تفسير (والبحر المسجور) ما نصه: أي المملوء ماء، يقال: سجر النهر، ملأه، والمراد: أي أوقدت نارا، من سجر التنور يسجره سجرا، أحماه، وذكر أصحاب (المنتخب في تفسير القرآن الكريم): إن البحر المسجور هو المملوء. قال (الشوكاني): أي الموقد من السجر وهو إيقاد النار في التنور، وممن قدم ذكر هذا القول: (القرطبي وأبوحيان والبغوي والخازن والرازي والشنقيطي وغيرُهم)، قال صاحب (المحرر الوجيز): وإلى هذا يعود القول الأول لأن قولهم (سَجرْتُ التَّنُورَ) معناه: ملأتَها بما يحترقُ ويتقدُ، وقال (أبوحيان) في تفسيره: ولاينافي ماقاله (مجاهد): لأن سَجرتُ التّنور معناه: ملأتَه بما يحترق.

## سەرچاوەکان:

١- تەفسیری (جامع البيان في تفسير القرآن) ناسراو بە تەفسیری (الطبري)/ دانراوی: (أبو جعفر محمد بن جرير الطبري)/ دار المعرفة- ١٩٨٦.

٢- تەفسیری (تفسير القرآن العظيم) ناسراو بە تەفسیری (إبن كثير)/ دانراوی: أبي الفداء إسماعيل ابن كثير/ دار الكتاب العربي- ٢٠٠٤.

٣- تەفسیری (الجامع لأحكام القرآن) ناسراو بە تەفسیری (القرطبي)/ دانراوی: (أبو عبدالله محمد بن أحمد الأنصاري القرطبي)/ دار إحياء التراث العربي.

٤- كيف نتعامل مع القرآن – محمد الغزالي - سلسلة قضايا الفكر الإسلامي (٥) المعهد العالمي للفكر الإسلامي. مكتب القاهرة- ط ٣، ١٩٩٣.

٥- إنه الحق- عبدالمجيد الزنداني - هيئة الإعجاز العلمي في القرآن والسنة برابطة العالم الإسلامي- مكة المكرمة / الطبعة الثالثة – ١٤٢٠هـ.

٦- تأصيل الإعجاز العلمي في القرآن والسنة - من أبحاث المؤتمر العالمي الأول للإعجاز العلمي في القرآن والسنة (إسلام آباد/ باكستان) – من إصدارات (الهيئة العالمية للإعجاز العلمي في القرآن والسنة)- ١٩٨٧ز.

٧- المعجزة العلمية في القرآن والسنة (تأصيل الإعجاز العلمي في القرآن والسنة)- الشيخ عبالمجيد الزنداني.

٨- حديث (إن تحت البحر نارا) ومطابقة ذلك للحقائق العلمية- عبد الواسع بن يحيى بن محمد المعزبي- جامعة الإيمان / صنعاء- ٢٠٠٧.

٩- المعارضون للإعجاز العلمي في القرآن والسنة (مناقشة الآراء ودحض الحجج)- د.كارم السيد غنيم، سایتی: موسوعة الإعجاز العلمي في القرآن والسنة: http://www.quran-m.com/container2.php?fun=artview&id=175

١٠- في الرد على منكر الإعجاز العلمي في القرآن الكريم (النتيجة الحتمية للجهل بالآيات القرآنية وإنكار المعجزات الإلهية) - أ.د. نظمي خليل أبوالعطا موسى - سایتی: موسوعة الإعجاز العلمي في القرآن والسنة: http://www.quran-m.com/container2.php?fun=artview&id=878



بەرزان ئەبوبەکر
barzanalany@yahoo.com

# قورئانی پیرۆز پێشبینی هاتنی سەردەمی گەردوونناسی دەکات

زۆر لە مێژە مرۆڤ خەون بە سەرکەوتن بۆ دەرەوەی زەوی‌و بۆشایی ئاسمان دەبینێت، زۆرجار مرۆڤ بیری لە هۆکارێك کردووەتەوە تا بە هۆیەوە بتوانێت بڕواتە دەرەوەی پشتێنەی کێشکردنی زەوی بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی ئاسمان‌و ئەوەی لە ناویدایە ..زانایانی ئەمڕۆ سەبارەت بە چوون بەرەو بۆشایی ئاسمان چی دەڵێن؟

خەونی مرۆڤ بۆ چوونە دەرەوەی زەوی تا کۆتایی سەدەی بیستەم نەهاتووەتە دی، ئەویش ئەو کاتەی گەشتی توێژینەوەی زانستی دەستیپێکردو هەزاران زانای ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوایی دەستیان بە نووسینی چەند لێکۆڵینەوەو تاقیکردنەوەیەك کرد، سەبارەت بە ڕێوشوێنی چوون بۆ دەرەوەی زەوی‌و ئەو هەنگاوانە چین کە پێویستە بگیرێتەبەر بۆ هێنانە دی ئەو مەبەستە:

ئەگەر لە زانایانی پسپۆڕو شارەزای هەڵدانی کەشتییەئاسمانییەکان‌و نەخشەسازییان لە بارەی گرنگترین ئەو شتانەی دێنەسەر ڕێیان بپرسین، بۆئەوەی گەشتێکی سەرکەوتوو ئەنجامبدەین، ئەوا دوو وەڵامـمان دەدەنەوە:

١- دەرچوونی کەشتی ئاسمانی لە پشتێنەی کێشکردنی زەوییەوە، پێویستە لە دەروازە، یان دەرچەی) ڕێڕەو (دیاریکراوی بەرگە هەواوە بێت.

٢- جووڵەی کەشتییەکە لە بۆشایی ئاسماندا، پێویستە جووڵەیەکی چەماوە بێت بەرەوسەر، نەك جووڵەیەکی ڕێك.

بەڵام بۆچی ئەم دوو فەرمانە ڕەچاو دەکرێت؟

لەبەرئەوەی بەرگەهەوا بە کێڵگەیەکی هێزی ڕاکێشانی موگناتیسی دەورە دراوە، ئەگەر دەرچوونی کەشتییەکە لە شوێنی دیاریکراوەوە نەبێت، لە ڕێڕەوی خۆی لا دەداتو گەشتەکە شکستدەهێنێت، لەبەرئەوە زانایان هەڵدەستن بە لێکۆڵینەوە لە ناوچە دیاریکراوەکان بۆ بارگەی کەش، کە کەشتییە ئاسمانییەکە دەتوانێت لەوێوە دەستبکات بە دەرچوون بەرەو بۆشایی ئاسمان.

بەڵام ئەو شێوازە چییە کە کەشتییە ئاسمانییەکە دەیگرێتە بەر؟

بێگومان ڕێگەی) هەڵکشانە (بەرزبوونەوەیە، هۆکاری ئەمەش بۆ خۆلادان لە سنوری کێشکردنەکە دەگەڕێتەوە، کە خۆرو مانگ‌و سەرجەم هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆر پیادەی دەکەن .جووڵەی کەشتیی ئاسمانی لە بۆشایی ئاسماندا زۆر هەستیارە، بە ئەندازەیەك کە زانایان زۆرجار ناچار دەبن ڕێرەوی کەشتیەکەبگۆڕن، بۆ ڕێگەیەك کە بە مەلایین کیلۆمەتر درێژ تر دەبێتەوە، بۆ خۆلادان لە کێڵگەی کێشکردنەکە، یان بۆ سوود وەرگرتن لە لە کێڵگەیەکی تر بۆ جوڵەی کەشتییەکە.

ڕێڕەوی دەرچوونی بەرگەهەواش هەمیشە کراوە نییە، بەڵکو بەپێی جوڵەی زەوی بە دەوری خۆی‌و خۆردا دەگۆڕێت، هەروەکو کۆمەڵە دەروازەیەك وایە کە دەکرێنەوەو دادەخرێن.

لەو شتە سەرسوڕهێنەرانەی قورئان لەبارەیەوە بۆمان دەدوێت، ئەوەیە کە لە یەکێك لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا ئەم دوو فەرمانەی تێدایە:

١- دەروازەکانی (بەرگەهەوا) دەروازەکانی ئاسمان).

٢- جووڵەی (هەڵکشان) بەرزبوونەوە بە بۆشایی ئاسماندا.



زانـایـان هەستان بە دۆزینـەوەی نهێنییەکانی دەرچـوون لە پشتێنەی کێشکردنی زەوی، بینیان کە زەوی بە بـواری کارۆموگناتیسیو بواری هێزی کێشکردن دەورە دراوە، ئەم بوارانەش دەتوانێت کەشتییەکە لە ڕێڕەوی ئاسایی خۆی لابدات، لەبەرئەوە پێویستە لە شوێنی دیاریـکراوەوە، یا دەروازەی دیاریکراوەوە دەربچن، بۆئەوەی گەشتەکە سەرکەوتوو بێت.

خوای گەورە ڕووبەڕووی ئەوانەی بەگومانن بەرامبەر ڕاستی ئەم قورئانە پیرۆزەو لە ڕاستی دابەزاندنی قورئان دەفەرموویت: ﴿ وَلَوْ فَتَحْنَا عَلَيْهِم بَابًا مِّنَ السَّمَاءِ فَظَلُّوا فِيهِ يَعْرُجُونَ ﴿١٤﴾ لَقَالُوا إِنَّمَا سُكِّرَتْ أَبْصَارُنَا بَلْ نَحْنُ قَوْمٌ مَّسْحُورُونَ ﴿١٥﴾ ﴾ الحجر

ئـەو بێباوەڕانە) ئەگەر دەروازەیـەکیـان لە ئاسمانەوە بۆ بکەینەوە تا پیایدا سەربکەونو تێپەڕ ببن، (نهێنی دروستکراوانی ئێمە ببینین، هەر باوەڕناهێنن). بەڵکو هەر دەڵێن، چاوبەستمان لێکراوە، یاخود ئێمە کەسانێکی جادوو لێکراوین)!!

لێرەدا تێبینی دەکەین ئـەم ئایەتە پیرۆزە قسە لەسەر کردنەوەی دەروازەیـەك لە دەروازەکانی ئاسمان دەکات، هەروەها قسە لەسەر جوڵەی ئەوانە دەکات کە بەرزدەبنەوە لەو دەرگایەوە کە بریتییە لە (هەڵکشان) بەرزبوونەوە.

لێرەدا پێویستە هەڵوێستەیەك لەسەر ئەم دوو موعجیزەیە بکەین کە تەنها لەم ئایەتەدا هاتووە، ئەگەر ئەم قورئانە لە لایەن پێغەمبەر محمد ﷺ بهاتایە، چۆن دەیتوانی بزانێت کە ئاسمانەکان دەرگای هەیە دەکرێنەوەو دادەخرێن. یان جووڵە لە ئاسماندا بریتییە لە جووڵەی) هەڵکشان (بەرزبوونەوە؟ کەواتە ئەو کەسەی پێغەمبەر محمدی ﷺ فێر کردووە، تەنها خوای بە دەسەڵاتو بەدیهێنەری ئاسمانەکانە!

بـەڵام ئـەوانـەی بێـبـاوەڕن بـەم پـەیـامـەی خـوای گـەورەو ئایەتەکانی، چی دەڵێن؟ ئەگەر ئەم ڕاستییە زانستییانە بەدیبێنو بەرەو ئاسمانەکان دەربچن؟

شتێك کە ئەو گەشتیارە ئاسمانیانەی بەرز بوونەتەوە بۆ سەر گۆی هەیڤ، پێمان دەڵێن :یەکەم شت دوای بڕینی بەرگەهەوا کە دووچاریان بووە، بریتی بووە لە تاریکاییەکی بەهێز، لەو کاتەدا مرۆڤ وا گومان دەبات کە چاوەکانی لە کار کەوتوون، ئەوەندە تاریکاییەکی بەهێزە!

تەنانەت ئەو پزیشکانەی سەرپەرشتیاری باری تەندروستیو سەلامەتی گەشتیارە ئاسمانییەکانیان دەکرد، بینیان کاتێك مرۆڤ لە هێزی کێشکردنی زەوییەوە دوور دەکەوێتەوە، واتە دەگاتە دەرەوەی ئەو هێزی کێشکردنە، بەشێوەیەکی کاتی هەستەوەری (دەمار) بینینی لە کاردەکەوێتو ناتوانێت هیچ شتێك ببینێت، وەکو ئەوەی چاوەکانی داخرا بن، ئەمەش بەهۆی نەبوونی هێزی کێشکردنەوە ڕوودەدات، کە سەرەنجام دەبێتە هۆی تێکچوونی سوڕی خوێنو زیندەکارلێکەکان لە جەستەی مرۆڤدا.

پاکو بێگەردی بۆخودای بە تواناو بە دەسەڵاتو داناو زانا !لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئەم ڕووداوەمان زۆر بە وردی بۆ ڕوون دەکاتەوەو بە وردترینو سەرنجڕاکێشترین شێوە سەبارەت بەم ڕووداوە کتوپڕە، واتە بەو کەسانەی دەڕۆنە دەرەوەی پشتێنەی هێزی کێشکردنی زەوی هەواڵمان پێ دەدات، خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ وَلَوْ فَتَحْنَا عَلَيْهِم بَابًا مِّنَ السَّمَاءِ فَظَلُّوا فِيهِ يَعْرُجُونَ ﴿١٤﴾ لَقَالُوا إِنَّمَا سُكِّرَتْ أَبْصَارُنَا بَلْ نَحْنُ قَوْمٌ مَّسْحُورُونَ ﴿١٥﴾ ﴾ الحجر

لەگەڵ مندا لەم ئایەتە پیرۆزە ورد بەرەوە کە سێ موعجیزەی زانستی لە خۆ گرتووە:

١- ﴿ وَلَوْ فَتَحْنَا عَلَيْهِم بَابًا مِّنَ السَّمَاءِ ﴾ ئەگەر دەروازەیەکیان لە ئاسمانەوە بۆ بکەینەوە.. واتە: باس لە دەرچەکانی بەرگەهەوا دەکات.

٢-﴿ فَظَلُّوا فِيهِ يَعْرُجُونَ ﴾ تا پێیدا سەربکەون، باس لە شێوازی بەرزبوونەوە (هەڵکشان) دەکات.

٣- ﴿ لَقَالُوا إِنَّمَا سُكِّرَتْ أَبْصَارُنَا ﴾ دەڵێن: بێگومان چاوبەستمان لێکراوە. باس لەو تاریکاییە دەکـات کە لە دەرەوەی بەرگەی هەوادایە.

سـەرەڕای هەموو ئەمانەش ئەم ئایەتە پیرۆزە هەواڵمان بەسەردەمی کەشناسی پێدەدات، کە ئێمە ئەمڕۆ لە ناویدا دەژین، ئامێری ئەندازیاریی زۆر پێشکەوتوو دروستکراوە بۆئەوەی مرۆڤ بەهۆیەوە بچێتە دەرەوەی پشتێنەی کێشکردنی زەوی، ئەمەش پێش ئەوەی ئەندازیارانی بواری کەشناسی بیدۆزنەوە، قورئانی پیرۆز پێش هەزارو چواردە سەدە لەمەوبەر باسی لێوەکردووە، ئایا ئەمە موعجیزەیەك نییە کە شایەنی ئەوە بێت زۆر بە وردی بۆی بڕوانینو لێی وردبینەوە؟!

1- Bendick, Jeanne. Artificial Satellites: Helpers in Space (Millbrook, 1994).
2- Fjermedal, Grant. New Horizons in Amateur Astronomy (Putnam, 1989).
3- Goldsmith, Donald. The Astronomers (St. Martin's, 1993).

www.kaheel7.com

القرآن يتنبأ بعصر الفضاء/عبد الدائم الكحيل



# ئیعجازی ناوەندبوونی مەککەی پیرۆز لە وشکانی گۆی زەوی

ن: یەحیا وەزیری.. دکتۆرا لە هەندەسەی مەدەنی
و: ئەندازیار: شاهۆ رەشید .... Shaho972@yahoo.com

**پێشەکی**

لەو کاتەی کە د. حسین کمال الدین (رەحمەتی خوای لێ بێت) ئاماژەی بەوەدا کە (مەککەی پیرۆز) سەنتەری وشکانی گۆی زەوییە کە پێشتر لە گۆڤاری هەیڤ ژمارە (6) ساڵی **2005** دا بڵاومان کردەوە، لێکۆڵەرەوان بون بە دوو بەشەوە، بەشێکیان پێشگیرییان کرد، وەبەشەکەی تریان دژایەتییان کرد، ئەویش لەبەر ئەوەی بەپێوەرێکی زانستیانەی ورد نەسەلمێنرابوو، لەبەر ئەوە هەندێك لە زانایانی موسڵمانی سەردەمی نوێ هەوڵیاندا بۆ پشت ڕاست کردنەوەی ئەم زانستە، چەند لێکۆڵینەوەیەکیان ئەنجام دا، لەناویاندا(د. مسلم شلتوت) بوو ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی پرۆگرامێکی کۆمپیتەری بۆ سەلماندنی ناوەند بونی مەککەی پیرۆز لە وشکانی گۆی زەوی. سەرەڕای ئەو هەوڵەی بەڕێزیان هێشتا زۆرێك ڕەخنەی توند لەسەر ئەم بیرۆکەیە هەیە، بەهۆی نەبونی پێوەرێکی زانستی زۆر ورد لەسەر ڕاستی دوری نێوان مەککەی پیرۆز لەگەڵ سنوری وشکانی زەویدا بەبەکارهێنانی پێوەرێکی زانستی دروست کە ناوەندە زانستەکان لەسەری کۆك بن لەیەك کاتدا، بۆیە لەچەند ساڵی ڕابردودا دەست بە ئەنجام دانی لێکۆڵینەوەی زانستی بەردەوام کراوە بۆسەلماندنی ئەم ڕاستیە، بەهۆی چەند پێوەرێکی وردەوە وە دیاری کردنی دووری ڕاستەقینەی نێوان مەککەی پیرۆز و چەند خاڵێکی دیاری کراو لە سنوری کیشوەرەکانی جیهانی کۆن(ئاسیا، ئەفریقاو ئەوروپا) وە جیهانی نوێ (ئەمریکای باکور، ئەمریکای باشور، ئوستralیاو کیشوەری بەستەڵەکی باشور)، بەڵام پێویستە پێش دەرخستنی ئەو ئەنجامانە کە پێی گەیشتون ئاماژە بە بیروبۆچونی زانایانی موسڵمانی کۆن لە بوارەکانی(زمان، تەفسیرو جوگرافیا) بکەین لەگەڵ ئاماژەدان بە ئایەتانەی قورئانی پیرۆز کە ئەم ڕاستیە دەسەلمێنن.

یەکەم: ناوەند بونی مەککەی پیرۆز لە وشکانی گۆی زەوی

لەلایەن زانایانی(زمان و تەفیسرو جوگرافیا) چەند زانایەکی پێشوی زمانەوانی هۆکاری ناونانی مەککەی پیرۆز بەم ناوە ئەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە مەککەی پیرۆز ناوەڕاستی زەوییە وەك زوبێدی لە کتێبی(تاج العروس)دا دەڵێت: (إن مكة) واتە وشەی مەککە لە (المكاكه)ەوە هاتوە واتە ناواخنی مۆخی ئێسك بۆیە بەم ناوەشەوە ناونراوە کە ناوەڕاستی ناوخنی دنیایە.

وە لەبابەتێکی تردا ئەوەشی ڕون کردۆتەوە کە ناوی مەککەی پیرۆز بە(أم القرى) هاتوە ئەمیش ڕێزێکی زیاتر بوە بەم شوێنە کەلەو سەردەمەدا بەناوەڕاستی گۆی زەوییان زانیوە!

وە هەروەها(ياقوت الحموی) خاوەنی کتێبی(معجم البلدان) دەڵێت: (خوای گەورە یەکەم شوێنێك کە دروستی کرد لە زەویدا شوینی کەعبەی پیرۆز بوو پاشان زەوی فراوان کرد بە دەوروبەریدا کە بەمەش کەعبەی پیرۆز بویە ناوکی زەوی‌و ناوەڕاستی دونیا، وە(أم القرى) سەرەتاکەی کەعبەیە، وە دەوری کەعبە مەککەیە، دەوری مەککەش حەرەم، دەوری حەرەمیش دونیایە.

وە زانایانی تەفسیری قورئانی پیرۆز لە کۆندا ئاماژەیان بە گرنگی شاری مەککە داوە، لەچاو هەموو شارەکانی تردا بەوەی کە مەککە دەکەوێتە ناوەڕاستی دونیاوە.

(قورتوبی) لە تەفسیری ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا ﴿١٤٣﴾ ﴾ البقرة دەڵێت: هەروەك چۆن مەککە ناوەڕاستی زەوییە ئێوەش نەتەوەیەکی ناوەندن لە نێوان پێغەمبەرانو نەتەوەکانی تردا.

وە(ئیبن عەتیە) لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: ناونانی مەککە بە(أم القرى) لە وچوار ڕووەوەیە: یەکەم سەرەتای دارشتنی ئاین‌و شەرعە، دووەمیان زەوی لە مەککەوە فراوان بووە، سێهەمیان ناوەڕاستی زەوییە، چوارەمیان قیبلەیە بۆ دێکانی تری دەوروبەری‌و دایکی هەموو دێکانە.

هەروەها(ابوحيان) لە تەفسیری ﴿ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ مُبَارَكٌ

﴿ مُّصَدِّقُ ٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ وَلِتُنذِرَ أُمَّ ٱلْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا ۚ وَٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِٱلْـَٔاخِرَةِ يُؤْمِنُونَ بِهِۦ ۖ وَهُمْ عَلَىٰ صَلَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ ﴿٩٢﴾ ﴾ الأنعام سەرەڕای ئاماژەدان بەسێ خاڵی سەرەوە دەڵێت: (مەککە قیلەبەو شوێنی حەج کردنەو یەکەم خانووە کە مرۆڤایەتی دروستی کردوە لە گۆی زەویدا.

هەروەها (النسیفی) لە تەفسیریدا دەڵێت: (ناونانی مەککە بە(أم القری) ئەوەیە کە مەککە ناوکی زەویەو قیبلەی هەموو لادێکانی دەوروبەریەتیو گرنگترینیانەو خەڵکی ڕوی تێدەکەن)

ئەمەی سەرەوە تێگەیشتنی هەندێك لە زانایانی زمانەوانیو تەفسیرمان بۆ ڕون دەکاتەوە کە مەککەی پیرۆز ناوەڕاستی زەویە، سەرچاوەی ئەم تێگەیشتنەشیان یان لەواتا وماناوانیەکەی مەککەوەیە یان لە وەسفی قورئانی پیرۆزدا کە بە(أم القری) ناوی بردوە یان لە تەفسیری ئەو ئایەتە پیرۆزانەی کە لە سورەتی(البقرة، الانعام، الشوري)دا هاتوە.

هەروەها مەککەی پیرۆز گرنگیەکی تەواوی پێدرا لەلایەن زانایانی موسڵمان لە بوارەکانی لێکۆڵینەوەو گەردونناسیو زەوی ناسییەوە، ئەمیش لەبەرئەوەی ئەو شوێنە خوای گەورە فەرمانی پێکردوین ڕوی تێبکەین لە کاتی نوێژەکانماندا.

وەك لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئاماژەی پێکراوە: ﴿ وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ۖ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُۥ ﴿١٥٠﴾ ﴾ البقرة

هەروەها فەرمانی حەج کردنی پێکردوین بۆ ئەم شوێنە پیرۆزە کە بەتەواوکاری ئاینی پیرۆزی ئیسلام دا ئەنرێت، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فِيهِ ءَايَـٰتٌۢ بَيِّنَـٰتٌ مَّقَامُ إِبْرَٰهِيمَ ۖ وَمَن دَخَلَهُۥ كَانَ ءَامِنًا ۗ وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلْبَيْتِ مَنِ ٱسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا ۚ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِىٌّ عَنِ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿٩٧﴾ ﴾ آل عمران

لەبەر ئەم هۆیانە موسڵمانان گرنگیەکی زۆریان دابە دیاری کردنی ئاڕاستەی ڕاستی ماڵی خودا کە کەعبەیەو قیبلەی موسڵمانانە لە ڕۆژهەڵات تا ڕۆژئاوای زەوی.

هەروەها گرنگییان دابە کێشانی ئاڕاستەی ئەو ڕێگایانەی کەبەرەو مەککە دەچن بۆ خزمەتی ئیسلامو ئاسانکاری موسڵمانان، هەروەك زانای زەوی ناس(الجیهانی) لە سەردەمی چوارەمی کۆچیدا ژیاوەو وێنەی گۆی زەوی کێشاوەو شوێنی مەککەی پیرۆز لەسەر دیاری کردو هەستا بە دازاندنی جێکەوتەی ئەو بازنەیەی کە کێشا بوی وە هەموو خاڵەکانی ئەو جێکەوتەیە لە شوێنی کەعبەی پیرۆز بەیەك گەیشتن، کە بەمەش شێوەی ناوەڕاستی وشکانی زەوی نیشان دا.

وە لەسەردەمی دەیەمی کۆچیدا زانای موسڵمانی زەوی ناس(الصفاقسی)(958ك، 1551ز) هەستا بە بەرەودان بە لێکۆڵینەوە جوگرافیەکان ئەویش بەوێنەکێشانی گۆی زەوی، ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیەش دیاری کردنی قیبلە بوو بۆ موسڵمانان کە گەیشتبونە ئەوپەڕی چینو ئەوروپا، ئەمیش دوبارە گەیشتە ئەو ڕاستیەی کە مەککەی پیرۆز سەنتەری گۆی زەوییە، دوای کێشانی ئەو نەخشەیەی کە پەیوەندی مەککەی پیرۆز بە جیهانی ئیسلامیەوە دەنوێنێت، هەروەها نەخشەیەکی تر کە شوێنی مەککەی پیرۆز بە گۆی زەوییەوە ڕون دەکاتەوە.

ئەورووپیەکان لە لێکۆڵینەوەو دۆزینەوە جوگرافیاکان پشتی تەواویان بە نەخشەکانی زانا موسڵمانەکان دەبەست، چونکە وردترو پەسەندترین نەخشە بون، وە یەکێك بون لەو زانستە نوێیانەی کە موسڵمانان دایانهێنا بوو، دواتر بونە سەرچاوەیەکی سەرەکی زانستە جوگرافیاکان وەپاریزران لەلایەن(میللر) چونکە گرنگترین دۆکۆمێنتی زانستی بون.

دووەم: ناوەند بونی مەککە لە وشکانی گۆی زەوی بەبۆچوونی زانایانی سەردەمی نوێ:

**لەسەدەی بیستەمدا دوو لێکۆڵینەوەی زانستی ئەنجام دران دەربارەی ناوەند بونی مەککە لە وشکانی گۆی زەوی.**

لێکۆڵینەوەی یەکەم: لەناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیستەم ئەنجام درا، ئەو کاتەی کە(د. حسین کمال الدین) ڕەحمەتی خوای لێبێت، کە یەکێك بوو لە مامۆستایانی بواری ڕوپێو(المساح) لەچەند زانکۆو پەیمانگایەکی میسرو ریاز، تێبینی ئەوەی کرد کە مەککە ئەکەوێتە چەقی بازنەیەکی ڕێكو پێك دابەش بووە بە دەوری مەککەی پیرۆزدا، وە ئەم شارە پیرۆزە سەنتەری وشکانیە.

زانای میسری(د. حسین کمال الدین) چیرۆکی ئەم داهێنانە سەرسوڕهێنەرە دەگێڕێتەوەو دەڵێت: سەرەتای لێکۆڵیەوەکەم ئامانجێکی تری هەبوو، ئەویش گەڕان بوو بەدوای ئاسانکاریەك کە هاوکاری خەڵکی بکات بۆ دەست نیشان کردنی ئاڕاستەی قیبلەیان لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا بن، لەبەر ئەوە بیرم لە کێشانی نەخشەیە گۆی زەوی کردەوە بۆ دیاری کردنی ئاڕاستەکانی قیبلە تیایدا، پاش دانانی هێڵە سەرەتایەکان لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆ ئامادەکردنی نەخشەکە وە کێشانی هەر پێنج کیشوەر لەسەری، لەپڕ ئەم دۆزینەوە سەرسوڕهێنەرەم بۆ دەرکەوت! ئەویش ئەوەبوو کە مەککەی پیرۆز دەکەوێتە ناوەڕاستی جیهان، ئەمەش بەدانانی نوکی پرگاڵ لە مەککە(لە نەخشەکەدا) وە گەڕانی سەرەکەی تری بە لێواری هەموو کیشوەرەکاندا دڵنیا بوم لەوەی کە وشکانی سەر گۆی زەوی بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بە دەوری مەککەدا دابەش بووە، بەمەش مەککە دەبێتە سەنتەری وشکانی گۆی زەوی.

پێشکەش نەکردنی لە ڕێگای پێوەرێکی زانستی وردەوە کە ئەم ڕاستیە بەشێوەیەکی تەواو بسەلمێنێت لەو کاتەدا، بەڵام دەرکەوتنی ئەم دۆزینەوە ناوازەیە لەم سەردەمەدا دەگەڕێتەوە بۆ هەموو ماندوو بونی ئەم زانا موسڵمانە(ڕەحمەتی خوای لێ بێت)

لێکۆڵینەوەی دووەم: ئەم لێکۆڵینەوەیەش لەسەردەستی زانای موسڵمان(د. مسلم شلتوت) بوو لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەم، کە مامۆستا بوو لە بواری لێکۆڵینەوەی خۆرو گەردوندا لە پەیمانگای لێکۆڵینەوەی فەلەکیو جیۆفیزیایی لە میسر، لێکۆڵینەوەکەی بریتی بوو لەبەکار هێنانی بەرنامەیەکی تایبەت ئەویش بەبەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ ئەژمارکردنی دووری نێوان مەککەی پیرۆزو چەند خاڵێکی دیاری کراو لەسەر لێواری وشکان بە گوێرەی جیهانی کۆنو نوێ وە.

سەرەڕای گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ بەکارهێنانی وەك پرۆگرامێکی زانستی ڕون، بەڵام تەنها بریتی بوو لە لێکۆڵینەوەیەك کە بە کۆمپیوتەر ئەنجام درابوو، وە بەند نەبوو لەسەر پێوەرە ڕاستەقینەکان، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر کورت کرا بوییەوە لەسەر هەڵبژاردنی چەند خاڵێکی کەم کە وەك پێویست نەبو بەگوێرەی جیهانی تازە، هەروەها هەندێك لە پێوەرەکان زۆر ورد نەبون، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە بە نیشانەیەکی گرنگ دەمێنێتەوە لە ڕێگای سەلماندنی ناوەندێتی مەککەی پیرۆز بۆ وشکانی گۆی زەوی.

سێ هەم: سەلماندنی ناوەندبونی مەککە لە وشکانی گۆی زەوی لە ڕێگەی پێوەرەکانو وێنەی مانگە دەستکردەکانەوە:

### ١. هۆکارەکانی پێوانە

زانـراوە لەلایەن شارەزایانو پسپۆڕانی بـواری جوگرافیا کە ناتوانرێت بە تەواوەتی پشت ببەسترێت بە نەخشە جوگرافیەکان بۆ دیاری کردنی پێوانێکی زانستی وردو لەنێوان دوو شوێن یان دوو شاردا لەسەر ئەو نەخشانە، چونکە ئەو نەخشانە تەنها بریتین لە کێشانی جێکەوتەی کیشوەرەکانی جیهان، وە دوریەکانو ئاراستەکان بەشێوەیەکی ڕاستو دروست لەیەك کاتدا پیشان دەدات. لەبەرئەوە بۆ سەلماندنی ناوەندبونی مەککەی پیرۆز لە وشکانی گۆی زەوی دوو بەرنامە بەکارهێنران، کە هەریەکەیان پشتی دەبەست بەو وێنە ڕاستەقینانەی گۆی زەوی کەلەلایەن مانگەدەست کردەکانەوە گیرابوو، بەهۆی ئەم دوو پرۆگرامەوە دەتوانرێت بە وردی دوری لارەکان(کەوانەییەکان)و ئاراستەکان لە نێوان دوو خاڵدا لەسەر ڕوی گۆی زەوی بپێویت، ئەو دوو بەرنامەیەش ئەمانەن:

١. گۆگڵ: (Google Earth) ئەم بەرنامەیەش ناسراوە بە توانا بەهێزەکانی بۆ دیاری کردنی دووری نێوان هەردوو خاڵێك لەسەر گۆی زەوی بەشێوەیەکی زۆر وردبین، لەڕێگەی ئەو وێنە ڕاستەقینانەی گۆی زەوی کە لەلایەن مانگەدەستکردەکانەوە گیراوە.

٢. Cebla Lacator : ئەم بەرنامەیەش بەشێوەیەکی تایبەت دیزاین کراوە بۆ دیاری کردنی ئاراستەی قیبلە بەشێوەیەکی زۆر ورد لە هەرخاڵێکی سەر ڕوی گۆی زەوی بێت، هەروەها دووری نێوان هەر خاڵێك لەسەر گۆی زەویو مەککەی پیرۆز(قیبلە) بە شێوەیەکی زۆر ورد دیاری دەکات لە ڕێی بەکارهێنانی وێنەکانی مانگە دەستکردەکانەوە.

هـەروەهـا بـەرنـامـەیـەکـی تـری یـارمـەتـیـدەر بەکارهێنرا بـەنـاوی(Geomid paint calculater) ئەم بەرنامەیەش دەتوانێت خاڵی ناوەڕاستی نێوان دوو خاڵ یان زیاتر لەسەر ڕوی گۆی زەوی بە وردی دیاری بکات، وە دەست نیشان کردنی شوێنی ئەو خاڵە لەڕێگەی نەخشە تەواو ڕاستەقینەکانی زەوی یان لەڕێگەی وێنەی مانگە دەستکردەکانەوە، هەریەك لەم بەرنامانەی سەرەوە ناسراوو جێی متمانەی کەسانی شارەزاو پسپۆڕن لە ڕوی زانستیەوە لە هەموو جیهاندا بەهۆی وردی ئەنجامەکانیەوە لە ڕوی زانستیەوە پشتی پێدەبەسترێت، وەهەمووشیان لەڕێگەی کۆمپانیای(گۆگڵ) ەوە بەڕێوە دەبرێن کەلەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت سوودیان لێوەردەگیرێت.

٢. خەسڵەتەکانی هەڵبژاردنی خاڵی پێوان:

لەسەر بنەمای ئەو لێکۆڵینەوانەی کە کراوە بۆ سنوری هەر حـەوت کیشوەرە زانـراوەکەو ڕووبەرەکانیان چوار کۆمەڵە خاڵ هەڵبژێران بۆ پێوانی دوری یان لە مەککەی پیرۆز، کە ئەمانە بوون:

- ئەو کۆمەڵە خاڵانەی کە دوورترین ماوەی نێوان مەککەو سنوری کیشوەرەکان دەنوێنن لە جیهانی کۆندا.
- ئەو کۆمەڵە خاڵانەی کە نزیك ترین ماوەی نێوان مەککەو سنوری کیشوەرەکان دەنوێنن لە جیهانی نوێدا.
- ئەو کۆمەڵە خاڵانەی کە دوورترین ماوەی نێوان مەککەو سنوری کیشوەرەکان دەنوێنن لە جیهانی نوێدا.
- ئەو کۆمەڵە خاڵانەی کە سەنتەرە جوگرافیاکان دەنوێنن لەناوەڕاستی کیشوەرەکان لە جیهانی نوێدا.

بەبەکارهێنانی هەریەك لەبەرنامەکانی سەرەوە دەتوانرێت ماوەی نێوان مەککەی پیرۆزو هەر کۆمەڵە خاڵێك کە پێشتر باسمان کرد زۆر بە وردی دەستنیشان بکرێت.

وە ئەمەش سەلمێنرا لە ڕێگەی لەیەك چونی ئەو ئەنجامانەی کەلەبەرنامەی (Google Earth) وبەرنامەی Cebla Lacator دەست کەوتن، کەهەریەکەیان تایبەتە بەدەست نیشان کردنی دووریەکانو ڕاستە ڕاستەقینەکان لەسەر ڕوی گۆی زەوی.

٣. ئەنجامی لێکۆڵینەوە زانستیەکەو گفتۆگۆ لەسەری:

١. بەگوێرەی ناوەندبونی مەککە بۆ جیهانی کۆن(ئەفریقاو ئەورووپاو ئاسیا) چەند شوێنێك دیاری کران(کە بە هێڵەکانی درێـژیو پانی دەستنیشان کرابون) کە بریتی بوون لە دوور ترین شوێن لە مەککەی پیرۆزەوە لە هەرسێ کیشوەری ئەفریقاو ئەورووپاو ئاسیا، وە ئەنجامی پێوانەکان لە خشتەی ژمـارە(١)دا ڕوون کراوەتەوە، وە دەرکەوت کە تێکڕای دووری نێوان دوورترین سنور لە کیشوەری ئەفریقاو ئەوروپا (دورگەی ئایسەلندا)و ئاسیا، دەکاتە نزیکەی (6442کم) هەرچەندە بەشێك لە کیشوەری ئاسیا نەخراوەتە سنوری ئەم دووریەوە بەهۆی فراوانی ڕوبەری کیشوەری ئاسیاوە (سەیری وێنەی ژمارە(١) بکە).

بۆمان دەردەکەوێت ئەو بەشە ماوەی کیشوەری ئاسیا وەك لە وێنەکەدا دیارە دەچێتە سنوری کیشوەرەکانی جیهانی تازەوە، چونکە دورترین خاڵ لە کیشوەری ئاسیا لەگەڵ دورترین خاڵ لە سنوری کیشوەری ئەمریکای باکور یەك دەگرێت لە (گەروی برنج)، ئەمەش پێشتر نەزانرا بوو تاوەکو دوای دۆزینـەوەی هـەردوو ئەمریکای باکورو باشور، وەکێشانی نەخشەی جیهانی تازە کە هەر حەوت کیشوەرەکە لە خۆ دەگرێت(سەیری وێنەی(٢) بکە)

خشتەی ژمارە(١) ماوەی نێوان مەککەی پیرۆزو دوورترین خاڵ لە کیشوەرەکانی جیهانی کۆن

| کیشوەر | وڵات (شوێن) | هێڵی درێژی | هێڵی پانی | دوری کەوانەیی (کم) | ڕێژەی لادان |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەفریقا | باشوری ئەفریقا | ١٩،٣٨ | ٣٤،٥٠ | ٦٥٦٩ | ٪٢ |
| ئەفریقا | ساحلی غەربی | ١٧،٣٦ | ١٤،٣٩ | ٦٠٨٦ | ٪٥،٥ |
| ئەوروپا | دورگەی ئایسەلندا | ٢٣،٥٦- | ٦٥،٤٠ | ٦٦٧٢ | ٪٣،٤٥ |
| تێکڕای دوری | --- | --- | --- | ٦٤٤٢ | ٪٠ |

## وێنەی (١)




مەككەی پیرۆز دەكەوێتە ناوەڕاستی بازنەكەوە كەلێكەوتی دورترین خاڵەكانی كیشوەری جیهانی كۆنە

٢. بەگوێرەی ناوەندبونی مەككەی پیرۆز بۆ سنورە نزیكەكانی كیشوەرەكانی جیهانی نوێ:

چەند شوێنێك دیاری كران(بەهێڵەكانی درێژیو پانی دەستنیشان كرابون) كە بریتی بون لە دووری نێوان مەككەی پیرۆز و ئەو سنورانەی نزیكن لە كیشوەرەكانی جیهانی تازە(ئوسترالیاو هەردوو ئەمریكای باكورو باشورو كیشوەری بەستەڵەكی باشور) بەمەش خاڵی بەیەك گەیشتنی كیشوەری ئاسیا لەگەڵ كیشوەری ئەمریكای باكور دەكەوێتە گەروی برنج ئەنجامی پێوانەكانی نەخشەی ژمارە(٢)دا ڕون كراوەتەوە.

دەركەوت تێكڕای دوری نێوان نزیكترین سنور لە كیشوەرەكانی جیهانی نوێ(ئوسترالیاو هەردوو ئەمریكای باكورو باشورو كیشوەری بەستەڵەكی باشور) سەرەڕای خاڵی بەیەك گەیشتنی كیشوەری ئاسیا لەگەڵ كیشوەری ئەمریكای باكور لە گەروی برنج دەكاتە نزیكەی (٩٣٠٦كم)

### خشتەی ژمارە(٢)

ماوەی نێوان مەككەی پیرۆزو نزیكترین خاڵ لە كیشوەرەكانی جیهانی نوێ لەگەڵ دورترین خاڵ لە ئاسیا.

| كیشوەر | وڵات (شوێن) | هێڵی درێژی | هێڵی پانی | دوری كەوانەیی (كم) | ڕێژەی لادان |
|---|---|---|---|---|---|
| ئوستراليا | كەناری ڕۆژئاوای (الساحل الغربي) | ١١٣،٥٥ | -٢١،٥٨ | ٩٣٦٠ | ٠،٠٦٪ |
| كیشوەری بەستەڵەكی باشور | كەناری باكور (الساحل الشمالي) | ٥٣،٧٨ | -٦٥،٥١ | ٩٧٥٠ | ٥،٥٪ |
| ئەمریكای باشور | كەناری ڕۆژهەڵات (الساحل الشرقي) | -٣٥،١٥ | -٥،٢٩ | ٨٦٩٣ | ٦،٦٪ |
| ئەمریكای باكور | كەناری ڕۆژهەڵات (نیوفوندلاند) | ٥٢،٧٣ | ٤٧،٨٧ | ٨٤٥٣ | ٩،١٪ |
| گەروی برنج | خاڵی بەیەك گەیشتنی ئاسیاو ئەمریكای باكور | ١٦٨،٤٦ | ٦٦،٠٠ | ١٠٠٠٠ | ٦٪ |
| ئاسیا | كەناری ڕۆژهەڵات لە یابان | ١٤٠،٥٢ | ٣٥،٤٢ | ٩٥٧٨ | ٣٪ |
| تێكڕای دوری | • | - - | • | - - | • |

چەند وێنەیەكی گیراو لەڕێگەی مانگی دەستكردەوە كە پێوانەی هێڵەكان روون دەكاتەوە لەنێوان مەككەی پیرۆزو كەناری ڕۆژئاوا لە كیشوەری ئاسیاوە كەناری ڕۆژئاوا لە كیشوەری ئەمریكای باشور.

## وێنەی (٢)




ئەم نەخشەیە سنوری ئەو بازنەیە رون دەكاتەوە كە سەنتەرەكەی مەككەی پیرۆزە وە بەسنوری نزیك كیشوەرەكانی جیهانی نوێ و گەروی برنج دەكەوێت، مەككەی پیرۆز دەكەوێتە ناوەڕاستی بازنەیەكەوە كە لێكەوتە بۆ نزیكترین خاڵەكان لە كیشوەرەكانی جیهانی نوێ لەگەڵ خاڵی بەیەك گەیشتنی ئاسیاو ئەمریكای باكور لە گەوری برنج هەروەها یابانیش.

ج- بەگوێرەی ناوەندبونی مەككەی پیرۆز بۆ سنورە دوورەكانی كیشوەرەكانی جیهانی نوێ:

چەند شوێنێك دیاری كران(كە بە هێڵەكانی درێژیو پانی دەستنیشان كرابون) كە بریتی بوون لە دوور ترین ماوەی نێوان مەككەی پیرۆز سنورە دوورەكانی كیشوەرەكانی جیهانی نوێ(ئوسترالیاو هەردوو ئەمریكاو كیشوەری بەستەڵەكی باشور) وەئەنجامی پێوانەكان لە خشتەی ژمارە(٣) دا ڕوون كراوەتەوە، دەركەوت تێكڕای دووری نێوان مەككەی پیرۆزو دوورترین سنور لە كیشوەرەكانی جیهانی نوێ(ئوسترالیاو هەردوو ئەمریكای باكورو باشورو كیشوەری بەستەڵەكی باشور) دەكاتە نزیكەی (١٣٦٠٠كم) سەیری وینەی(٣أ-٣ب) بكە.

**خشتەی ژمارە(٣)**

مـاوەی نـێوان مەککەی پـیـرۆزو دوورتـریـن خـاڵـەکان لە کیشوەرەکانی جیهانی نوێ

| کیشوەر | وڵات (شوێن) | هێڵی درێژی | هێڵی پانی | دوری کەوانەیی (کم) | ڕێژەی لادان |
|---|---|---|---|---|---|
| ئوستراليا | کەناری ڕۆژهەڵات | ١٥٣،٣٦ | ٢٨،٥٠- | ١٣٣٧٠ | ١،٧٪ |
| کیشوەری بەستەڵەکی باشور | کەناری باشور | ١٢٨،٢٠ | ٧٣،٢١- | ١٤١٦٥ | ٤٪ |
| ئەمریکای باشور | کەناری باشور | ٦٧،٩٣- | ٥٥،٧٢- | ١٣٠٨٠ | ٤٪ |
| ئەمریکای باشور | کەناری ڕۆژئاوا | ٨١،٤٧- | ٦- | ١٣٤٥٠ | ١،١٪ |
| ئەمریکای ناوەند | کەناری ڕۆژئاوا | ٩١،٢٣- | ١٤،٢٢ | ١٣٤٣٣ | ١،٢٪ |
| ئەمریکای باکور | کەناری ڕۆژئاوا | ١٠٩،٥٩- | ٢٢،٥٢ | ١٤١٠٢ | ٣،٥٦٪ |
| | | | | | |

**وێنەی (٣-أ)**




وێنەیەکی گیراوی ڕاستەقینە لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە کە ڕونی دەکاتەوە مەککەی پیرۆز ناوەڕاستی بازنەکەیە، وە ئەم بازنەیە لێکەوتە لەگەڵ سنورە دورەکان لە کیشوەرەکانی جیهانی نوێ، ئەم وێنەیەی گیراوە لەڕوی(زەریای هێمن) ەوەیە کە ئەوە شوێنەی هاوشێوەی مەککە نیشان دەدات لەنیوەکەی تری گۆی زەویدا و پێی دەوترێت هاوشێوەی قیبلە یا جەمسەری مەککە کە بەهەمان ماوە لەهەموو لاکانەوە دورە لە مەککەوە.

**وێنەی (٣-ب)**




مەککەی پیرۆز دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەم بازنەیەکە لێکەوتە بە دورترین ئەو خاڵانەی ئەکەوێتە سەر سنورە کیشوەرەکانی جیهانی نوێ.

د- بەگوێرەی دووری نێوان مەککەی پیرۆزو سەنتەری جوگرافی کیشوەرەکانی جیهانی نوێ:

مەبەستە لەسەنتەری جوگرافی هەر کیشوەرێك واتە ئەو خاڵەی کە سەنتەری کیشوەرەکە دەنوێنێت بەپێی ڕوبەرەکەی. وە ئەنجامی پێوانەکانی لەنێوان سەنتەری جوگرافی کیشوەرەکانی جیهانی نوێو مەککەی پیرۆز لە خشتەی ژمارە(٤)دا ڕوون کراوەتەوە، وە دەرکەوت کە تێکڕای دووری نێوان مەککەی پیرۆزو سەنتەری جوگرافی کیشوەرەکانی جیهانی نوێ(ئوسترالیاو هەردوو ئەمریکای باکورو باشورو کیشوەری بەستەڵەکی باشور) دەکاتە نزیکەی(11529کم) سەیری وێنەی(٤أ-٤ب) بکە. **خشتەی ژمارە(٤)**

| کیشوەر | خاڵی ناوەڕاست | هێڵی درێژی | هێڵی پانی | دوری کەوانەیی (کم) | ڕێژەی لادان |
|---|---|---|---|---|---|
| ئوستراليا | سەنتەر جوگرافی | ١٣٤،٢١ | ٢٥،٣٦- | ١١٤٢٤ | ١٪ |
| بەستەڵەکی باشور | سەنتەر جوگرافی | ٧٩،٨١ | ٨٥،٩٠- | ١٢٠٠٠ | ٣،٧٪ |
| ئەمریکای باشور | سەنتەر جوگرافی | ٥٨،٤٢- | ١٣،٤٥- | ١١٤٢١ | ١٪ |
| ئەمریکای باکور | سەنتەر جوگرافی | ٩٩،٣٥- | ٤٨،١٢ | ١١٣٠٢ | ٢٪ |
| تێکڕای دوری | - - - | - - - | - - - | ١١٥٢٩ | ٠٪ |
| ئوستراليا | باشوری ئەفریقا | ١٩،٣٨ | ٣٤،٥٠ | ٦٥٦٩ | ٢٪ |
| بەستەڵەکی باشور | ساحلی غەربی | ١٧،٣٦ | ١٤،٣٩ | ٦٠٨٦ | ٥،٥٪ |
| ئەمریکای باشور | دوورگەی ئایسلەندا | ٢٣،٥٦- | ٦٥،٤٠ | ٦٦٧٢ | ٣،٤٥٪ |
| ئەمریکای باکور | --- | --- | --- | ٦٤٤٢ | ٠٪ |

ماوەی نێوان مەککەی پیرۆزو سەنتەری جوگرافی کیشوەرەکانی جیهانی نوێ. ئەم ئەنجامانەی پێشوو دەریدەخات کە ناوەند بونی مەککە بۆ وشکانی لە چەند ئاستێکدا دەردەکەوێت نەك تەنها یەك ئاست، واتە دەکەوێتە ناوەڕاستی دوورترین سنورەکانی هەردوو کیشوەری ئەفریقاو ئەوروپا پێکەوە، هەروەها دەکەوێتە ناوەڕاستی سنورە نزیکەکانی کیشوەرەکانی جیهانی نوێ و ئەو بەشەی کەماوە لە کیشوەری ئاسیا واتە لەو شوێنەی کە لەگەڵ سنوری باکوری ئەمریکای باکور یەك دەگرێت نزیك گەروی برنج هەروەها ناوەند بونی خۆی سنورە دوورەکانی کیشوەرەکانی جیهانی نوێ دەسەلمێنێت، کە سنورەکانی ڕووی دەرەوەی وشکانی دەنوێنێت، وە هەروەها مەککەی پیرۆز بە هەمان ماوە دوورە لەو خاڵانەی کە دەکەونە سەنتەری کیشوەرەکانی جیهانی نوێوە، واتە سەنتەرە جوگرافیەکان(سەیری وێنەی ژمارە(٥) بکە.

وێنەی (٤-أ)



وێنەیەکی گیراوی ڕاستەقینە لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە، کە تیایدا هێڵی پێوانەیی نێوان مەککەی پیرۆزو سەنتەری جوگرافی لە کیشوەرەکانی جیهانی نوێ ڕون دەکاتەوە.

وێنەی (٤-ب)



مەککەی پیرۆز ناوەڕاستی ئەم بازنەیە کە تێپەڕ دەبێت بە سەنتەری جوگرافی لە کیشوەرەکانی جیهانی نوێ

وێنەی (٥)



مەککەی پیرۆز ناوەڕاستی چەند بازنەیە کە کە لێکەوتی سنورەکانی وشکانیە لە جیهانی نوێدا.

هێڵی پێوانی نێوان مەککەو سەنتەری ئوسترالیا، و هێڵی پێوانی نێوان مەککەو سەنتەری کیشوەری بەستەڵەکی باشور

هێڵی پێوانی نێوان مەککەو سەنتەری ئەمریکای باکور، و هێڵی پێوانی نێوان مەککەو سەنتەری ئەمریکای باشور.

لەکاتی ئەنجامدانی هەریەك لە پێوانەکانی پێشو لەسەر چەند شوێنێك یان چەند خاڵێك کە بەپێی هەندێك لە لێکۆڵینەوەکان دەکەونە سەنتەری وشکانی.

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە مەککەی پیرۆز تاکە شوێنە لەسەر ڕوی گۆی زەوی کە دەکەوێتە سەنتەری سنوری ئەو وشکانیەوە کە هەر حەوتە کیشوەرەکە دەنوێنن.

چوارەم: بەڵگە بەرجەستەکان لەسەر ئەوەی کە هێڵی درێژی مەککەی پیرۆز هێڵە بۆ بنەمای کاتژمێری جیهانی:

بەپێی ئەو ئەنجامانەی کەلەم لێکۆڵینەوەیەدا دەست کەوتوە بۆ سەلماندنی ناوەند بونی مەککەی پیرۆز بۆ وشکانی گۆی زەوی، چەند بەڵگەو ئەنجامێکی گرنگی هەبوو، گرنگترینیان ئەوەیە کە هێڵی کاتژمێری جیهانی پێویستە هێڵی درێژی مەککەی پیرۆز بێت نەوەك هێڵی(گرینچ).

زانراوە کە هێڵی گرینتش هەڵبژێردرا بە هێڵی کاتژمێری بنچینەیی بۆ ئەژمارکردنی کات لە ساڵی ١٨٨٢ز، واتە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە هەمدا، ئەو کاتەی کە ئینگلتەرا ئەو ئیمپراتۆریەتە بوو کە خۆری تیا ئاوا نەدەبوو، لەبەر ئەوەی ئەم هێڵە تێپەڕ دەبێت بە نزیکی پایتەختی بەریتانیا(لەندەن) هەروەها نیشانەیەکی دەستکرد دانرا لە شوێنی ئەم هێڵە بەبەکارهێنانی شریتی کانزایی لەسەر زەوی کە شوێنی تێپەڕ بونی هێڵەکە دیاری دەکات بە وردی(وێنەی ٦)

هەڵبژاردنی هێڵی گرینتش هیچ گرنگیەکی زانستیو لۆژیکی نیە لەسەر هێڵەکانی درێژ لەبەرئەوە لۆژیك لەوەدایە کە هێڵی درێژی بنچینەیی ئەو هێڵە بێت کە بەو شوێنەدا تێپەڕ دەبێت کە دەکەوێتە ناوەڕاستی سنوری وشکانیەوە، واتە مەککەی پیرۆز وەك لەم لێکۆڵینەوەدا سەلمێنرا.



وێنەی (٦)

ئەم نەخشەیە شوێنی هێڵی گرینتش ڕون دەکاتەوەکە بەشاری(لەندەن) دا تێدەپەڕێت، و ئەم وێنەیەش ئەو هێڵە دەستکردە ڕون دەکاتەوە کە بەڵگەیە لەسەر تێپەڕ بونی هێڵی گرینتشی خەیاڵی بەشاری(لەندەن)دا

ئەو بەڵگە بەرجەستانەی پێشو سەرەڕای ناوەندبونی مەککەی پیرۆز بۆ وشکانی گۆی زەوی، بۆمان دەردەکەوێت کە هێڵی درێژی مەککەی پیرۆز تەنها هێڵی درێژیەکە بەکاردێت بۆ دەست پێکردنی پێوانەی کاتژمێری جیهانی سەر گۆی زەوی.

لەبەرئەوە یەکێك لەزانایانی ڕۆژئاوا بە ناوی(ئارنۆلد کیسرلنج) کە مامۆستا بو لە زانکۆی ڤیەننا بۆ زیاتر لە 30ساڵ، داوای کرد هێڵی درێژی مەککە بێتە هێڵی کاتژمێری بنەڕەتی لە جیاتی هێڵی گرینتش.

سەرەڕای ئەمەش ئەم زانایە هەستا بە کێشانی نەخشەیەکی جیهان کە هێڵی لەسەر بوو بە مەککەی پیرۆزدا تێپەڕی ئاماژەی بە ئەستێرەی جەمسەر دەدات، کە بەڵگە بوو لەسەر ناوەند بونی مەککە بۆ وشکانی گۆی زەوی، (وێنەی ژمارە(٧)

هەروەها هەستا بە کێشانی نەخشەیەکی تری جیهان کە چەند شوێنو کاتی جیاوازی لەسەر دانا وە هێڵی درێژی مەککەی پیرۆزی کردە سەرەتای کاتژمێری جیهانی(سفر پلە) وێنەی ژمارە(٨) ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەندێك لە زانایانی هەق بێژی ڕۆژئاوا شایەتیان لەسەر ئەوە داوە کە مەککە ناوەندی وشکانیە.




وێنەی (٧)

ئەو نەخشەیەی کە پرۆفیسۆر(ئارنۆلد کیسرلنج) کێشای وە هێڵێکی کێشا کە بە مەککەی پیرۆزدا تێدەپەڕێ ئاماژەی بە ئەستێرەی جەمسەری داوە کە بەڵگەیە لەسەر ناوەند بونی مەککەی پیرۆز بۆ وشکانی.



وێنەی (٨)

ئەو نەخشەیەی کە پرۆفیسۆر(ئارنۆلد کیسرلنج) کێشای کەسەرەتای کاتی دیاری کرد لە هێڵی درێژی مەککەوە(سفر پلە).

## پێنجەم: دەرەنجامو ڕێنماییەکانی لێکۆڵینەوەکە:

ئەو لێکۆڵینەوە زانستیەی ئەنجام درا لە ڕێگەی پێوەرە زانستیە وردەکانو وێنەی مانگە دەستکردەکان بەبەکارهێنانی چەند پرۆگرامێکی ناسراو دەریدەخات کە دەتوانرێت پشت بە ئەنجامەکانی ببەسترێت لە لێکۆڵینەوە زانستیەکاندا، مەککەی پیرۆز ناوەندی وشکانیە ئەمەش دەردەکەوێت لە ڕێگەی چەق بوونی بۆ چوار بازنە کە هەریەکەیان بە سنوری وشکانی هەر حەوت کیشوەرەکە تێدەپەڕێت. هەروەها لەسەنتەرە جوگرافیەکانی کیشوەرەکانی جیهانی نوێدا تێدەپەڕێت.

هەروەها ئەم لێکۆڵینەوەیە دەریدەخات کە مەککەی پیرۆز تەنها شوێنە لەسەر ڕوی گۆی زەوی کە ئەو پێوەرو ئەنجامانە بسەلمێنێت، بەمەش دڵنیا دەبین کە مەککەی پیرۆز شوێنێکی بێ هاوتاو نمونەیی هەیە کە بەراورد ناکرێت لەگەڵ هیچ شوێنو شارێکی تر، هەروەکو چۆن لە قورئانی پیرۆزدا بە(أم القری) ناونراوە. هەروەها لێکۆڵینەوەکە چەند بەڵگەیەکی بەرجەستە ڕون دەکاتەوە کە پەیوەستە بە هێڵی درێژی مەککەی پیرۆز کە دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە ئاراستەی باکورو باشوری ڕاستەقینە دەست نیشان بکرێت، واتە ئەو هێڵەی کە دەکەوێتە نێوان هەردوو شاخی(صفاو مەروە). هەروەها تیرەی بنەڕەتی کەعبەی پیرۆز(واتە ئەو هێڵەی تێپەڕ دەبێت بە ڕوکنی یەمانیو عێراقی)دا، هەروەها هێڵی نێوان مەککەو مەدینە، هەموو ئەم هێڵانە ئاماژە بە باکورو باشوری ڕاستەقینە دەکەن.

هەروەها لێکۆڵینەوەکە دەریدەخات کە مەککەی پیرۆزو مەدینەی منەوەرە دەکەونە سەر هەمان هێڵی درێژی(بەنزیکەیی ٣٩،٥٠ پلە ڕۆژهەڵاتی گرینتس). ئەم لێکۆڵینەوەیەش ڕێنمایی ئەوە دەکات کە هێڵی درێژی(مەککەو مەدینە) دەبێتە هێڵی درێژی بنەڕەتی بۆ ئەژمارکردنی کاتژمێری جیهانی لە جیاتی هێڵی گرینتش کە سەپێنراوە بەسەر جیهاندا بەبێ هیچ بەڵگەو هۆیەکی زانستی ڕون...



سەرچاوە: لێکۆڵینەوەکانی کۆنگرەی جیهانی دەیەم بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا 1433ك - 2011 ز



## ڕاستییەکانی فەلەکناسی

# وتووێژی نێوان ماموٚستا زیندانی و پروٚفیسوٚر ئارمستروٚنگ



وەرگێڕانی: خالد بەرزنجی
Khalidbarznjy@yahoo.com

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان و درוודو سەلام لەسەر گەورەمان محمد ﷺ و یارو شوێنکەوتووانی بەگشتی.

پەروەردگار لەبارەی قورئانی پیرۆزەوە دەفەرموێت: ﴿ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ ﴿٨٧﴾ وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُ بَعْدَ حِينٍ ﴿٨٨﴾ ﴾ ص. واتە: قورئان تەنها پەندو ئامۆژگارییە بۆ هەموو جیهانیان، بە راستی پاش ماوەیەك لە هەواڵی قورئان دەزانن.

قورئان یادخەرەوەی مرۆڤەکانە تا رۆژی دوایی، هەواڵەکانیشی لەگەڵ تێپەڕ بوونی کاتدا تازە دەبنەوە، چونکە قورئانی پیرۆز بەزانستی خودا دابەزیوە ﴿ لَّٰكِنِ اللَّهُ يَشْهَدُ بِمَا أَنزَلَ إِلَيْكَ أَنزَلَهُ بِعِلْمِهِ وَالْمَلَائِكَةُ يَشْهَدُونَ وَكَفَىٰ بِاللَّهِ شَهِيدًا ﴿١٦٦﴾ ﴾ النساء. واتە: بەڵام خوا شایەتی دەدات، بە راستییەتی ئەو قورئانەی ناردویەتیە خوارەوە بۆت، بە زانینی خۆی ناردویەتیە خوارەوە، و فریشتەکانیش شایەتی دەدەن، و خوا بەسە شایەت بێت.

هەموو ئایەتێك زانستی خودایی لەخۆ گرتووە، هەر کاتێکیش مرۆڤ بۆ ئاستی زانستی پێشدەکەون دەتوانن واتای ئایەتەکان تێ بگەن ... ئەو کات دەزانن قورئان لەلایەن خواوە نێردراوە، ئیتر هەر چەند پێش بکەون بەئایەتی تر دەگەن بەردەوام مرۆڤ بەڵگەی دیکەی نوێی دەست دەکەوێت بەوەی قورئانی پیرۆز لەلایەن خوای پەروەردگارەوەیە.

پرۆفیسۆر (ئارمسترۆنگ) یەکێکە لە زانا ناودارەکانی ئەمریکا لە بواری فەلەکیدا، لە وەکالەتی ناسا کار دەکات، مامۆستای زانستی فەلەکییە لە ویلایەتی کانساس، بەم زانایە گەیشتین و پرسیاری چەند ئایەتێکی گەردوونیمان لێ کرد کە تایبەت بوو بە بوارە پسپۆڕییەکەی.

پرسیارمان لێ کرد چۆن گەردوون درووست بووە؟

وتی من باسی هەموو توخمەکانی سەرزەویتان بۆ دەکەم چۆن درووست بوون، تەنانەت خۆم چەندین تاقیکردنەوەم بۆ سەلماندنی وتەکانم ئەنجامداوە.

توخمە جیاوازەکان تەنۆلکەی جیاوازی وەك ئەلکترۆن و پرۆتۆن و جگە لەوانەیشی تیا کۆدەبێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو تەنۆلکانە لەگەردیلەی هەر توخمێکدا یەکبگرن پێویستییان بە وزە هەیە، وە کاتێك وزەی پێویستی پێکهاتنی گەردیلەیەکی ئاسنمان پێوا، بینیمان پێویستی بە چوارئەوەندەی وزەی کۆمەڵەی خۆر دەبێت، بەتەنیا وزەی زەوی بەشی پێك هاتنی گەردیلەی ئاسن ناکات، وزەی خۆر یا وزەی مانگ یا عەتارد یان زوحەل یان موشتەری بەس نین، بەڵکو پێویستی بە چوار ئەوەندەی وزەی هەموویان هەیە.

پاشان بەبێ ئەوەی ئێمە هیچ بڵێین، وتی: بەڵێ، لەبەرئەوە زاناکان بڕوایان وایە ئاسن توخمێکی نامۆیەو نێردراوە بۆسەرزەوی و لە ناو خۆیدا دروست نەبووە، ئێمەش ئەم وتەیەی خوای گەورەمان خوێندەوە: ﴿ وَأَنزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ ﴿٢٥﴾ ﴾ الحديد. واتە: ئاسنمان دابەزاند کە هێزو سەختی هەیە وسوودی بۆ خەڵکی تێدایە.

پاشان لێمان پرسی ئایا لەم ئاسمانەدا درزو کەلێن هەیە؟ وتی: نەخێر، ئێوە باس لە لقێك لە لقەکانی زانستی فەزا دەکەن کە ناوی گەردوونی تەواوە(الكون التام)، ئەم گەردوونە تەواوەش لەم دواییەدا نەبێت زاناکان نەیان دەزانی، ئەگەر خاڵێك لە فەزادا وەربگیرێت و بەدوورییەکی دیاریکراو بەئاڕاستەیەك دا بڕۆیت و بەهەمان دووری بەئاڕاستەیەکی تردا بڕۆیت دەبینیت کێشی بارستەکە لە هەموو ئاڕاستەکاندا یەکسانە، چونکە ئەو خاڵە هاوسەنگە بۆیە لەهەموو لاکانەوە پەستان لەسەری یەکسان دەبێت. بارستەش پێویستە هەر بەو جۆرە بێت، خۆ ئەگەر ئەو هاوسەنگییە نەبووایە ئەوا گەردوون دەجولاو کەلێن و شەق دروست دەبوو.

مامۆستا زیندانی دەڵێت لێرەدا منیش ئەم ئایەتە قورئانیەم بۆ باس کرد: ﴿ أَفَلَمْ يَنظُرُوا إِلَى السَّمَاءِ فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَاهَا وَزَيَّنَّاهَا وَمَا لَهَا مِن فُرُوجٍ ﴿٦﴾ ﴾ ق. واتە: ئایا سەرنجی ئەو ئاسمانەیان نەداوە کەلەسەریانەوەیە ،چۆن درووستمان کردووەو رازاندوومانەتەوەو هیچ درزو کەلێنێکی تێدانییە.

هەروەها باسی هەوڵی زانایانمان کرد بۆ گەیشتنیان بە لێواری گەردوون، ئایا توانیویانە بگەنە لێواری گەردوون؟ وتی: تا ئێستا ئێمە لە جەنگێکداین بۆ گەیشتن بە لێوارو کەناری گەردوون. ئێمە بەردەوام دەزگاکانمان گەورەتر دەکەین و لێیانەوە دەڕوانین و ئەستێرەی نوێ دەدۆزینەوە، تا ئێستاش نەمان توانیوە بگەینە

کەناری گەردوون.

پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ زَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَجَعَلْنَاهَا رُجُومًا لِّلشَّيَاطِينِ ۖ وَأَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابَ السَّعِيرِ ﴿٥﴾ ﴾ الملك واتە: بێگومان ئاسمان و دنیامان رازاندۆتەوە بەچرای زۆری ئەستێرەو گێڕاومانن بە رەجمی شەیتانەکان.

هەموو ئەو ئەستێرانەی ئێستا دەیانبینین جوانی ئاسمانی دونیان.

ئەم پرۆفیسۆرە پێمان دەڵێت هێشتا نەگەیشتووینەتە لێوار... نەگەیشتووینەتە کۆتایی...

لەبەرئەوە بیر لەدانانی تەلەسکۆب لە ناو فەزا دەکەینەوە، هەتا ئەو تەپوتۆزو شتانەی لە دیاردەکانی سەر زەویدا هەن، نەبنە بەربەستی بینینمان.

ئەو تەلەسکۆبانەی تیشک بەکاردێنن یان چاوی تیا بەکاردێت نەیانتوانیوە بگەنە دوورییە زۆرەکان، بۆیە لە جیاتی ئەو تەلەسکۆبانە تەلەسکۆبی لاسلکی (بێ تەل) بەکاردەهێنرێت. بەوەش گەشتوینەتە ماوەی دوورتر، بەڵام هێشتا هەر لە ناو سنوورکەدایین.

لێرەدا ئەم ئایەتەم هێنایەوە: ﴿ الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقًا ۖ مَّا تَرَىٰ فِي خَلْقِ الرَّحْمَٰنِ مِن تَفَاوُتٍ ۖ فَارْجِعِ الْبَصَرَ هَلْ تَرَىٰ مِن فُطُورٍ ﴿٣﴾ ثُمَّ ارْجِعِ الْبَصَرَ كَرَّتَيْنِ يَنقَلِبْ إِلَيْكَ الْبَصَرُ خَاسِئًا وَهُوَ حَسِيرٌ ﴿٤﴾ ﴾ الملك واتە: چاو بگێڕەو بزانە هیچ ناتەواویەك دەبینیت، دووبارە چاو بگێڕە یەك لە دوای یەك بە نائومێدی چاوت بۆلای خۆت دەگەڕێتەوە، و چاوت ماندووەو تاقەتی چووە.

لەگەڵ باس کردنی هەر راستییەکی زانستی ئایەتێکمان باسدەکرد، کە هاوشان و یەکدەنگ بوو لەگەڵیدا، ئەویش پشتگیری خۆی بۆ دەردەبڕی، پاشان پێمان گوت: تۆ بەچاوی خۆت پاش ئەوەی مرۆڤ ئامێرو موشەك و کەشتی ئاسمانی بەکارهێناو زانیارییەکانیان دەرخست، راستییە زانستییە نوێیەکانت بینی، پاشان بە چاوی خۆت دەقە قورئانیەکانی پێش (1400) لەمەوبەرت بینی کە چۆن هاوشانی زانستەکەیە، ئایا رای تۆ سەبارەت بەمە چییە؟



## پرۆفیسۆر ئارمسترۆنگ بەمجۆرە وەڵامی دایەوە:

ئەمە پرسیارێکی قورسە، لەو کاتەوەی ئێمە لێرە وتووێژ دەکەین، من بیر لەمە دەکەمەوە، بەڕاستی من زۆر کاریگەرم بەو نووسراوە کۆنانە چۆن لەگەڵ زانستی نوێی فەلەکیدا، بەشێوازێکی سەرنج راکێش یەکدەنگ و هاوشانن، من زانای مێژووی مرۆڤایەتی نیم کە پشتم پێ ببەسترێت لە مێژوودا، واتا بتوانم خۆم بخەمە ئەو سەردەمە کۆنەی پێش (١٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر. بەڵام نامەوێت لەوە زیاتر بڵێم کە بە دڵنیاییەوە ئەوانەی کە من بینیم زۆر جێگای سەرنج و تێبینین. لەگەڵ ئەوەی بوارێك ناهێڵێتەوە بۆ لێکدانەوەی زانستی. لەوانەیە شتێك لەپشت تێگەیشتنمانەوە هەبێت وەك شارەزاییەکی سادە بۆ راڤەکردنی ئەو نووسراوانەی بینیمان، بەڵام من لە نیەتمدا نییە وەڵامی ئەم خاڵە بدەمەوە. پێم وایە وشەی زۆرم گوت بەبێ ئەوەی باس لەوە بکەم کە تۆ دەتەوێت. چونکە من وەك زانایەك لەسەرمە بێلایەن بم لە هەندێ بابەتی تایبەت، لەو بڕوایەشدام بۆ ئێوە لە باشترین خاڵدا وەستام کە کەمێك کەمترە لەوەی ئەو وەڵامەت بدەمەوە کە تۆ دەتویست؟

### مامۆستا زیندانی:

بەڵێ کارێکی قورسە پێشبینی بکات ئەو زانستەی کە (١٤٠٠) ساڵە لە پەڕتوکی پەروەردگاردا هاتووە، لەسەرچاوەیەکی مرۆییەوە بۆ محمد ﷺ هاتبێت، بێگومان دەبێت سەرچاوەیەکی دیکە لەپشت بیرکردنەوەی ئەو زانایانەوە هەبێت: ﴿ قُلْ أَنزَلَهُ الَّذِي يَعْلَمُ السِّرَّ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ﴿٦﴾ ﴾ الفرقان.

واتە: بڵێ قورئان ئەو زاتە دایبەزاندووە کە ئاگاداری نهێنیەکانی ئاسمان و زەوییە.

هەروەك بینیمان لە چاوپێکەوتنە جیاوازەکانی ئەو زانایانەوە ئێمە لەبەردەم سەردەمێکی نوێداین، سەردەمی دەست لەملانکردنی ئاین و زانست.

زانستی سەلمێنراوو ئایینی راستەقینە، هەرگیز ناگونجێت دژایەتی و پێکدادان لە نێوانیاندا هەبێت، هەروەك زانا موسڵمانەکان بە درێژایی سەدەکان دنیان بەمەدا ناوە، و هەرگیز ناگونجێت راستییەکی زانستی یەکلاکەرەوە لەگەڵ راستییەکی شەرعی بنبڕ لە واتاو لە گەیاندنی پێچەوانە دژ بن، گەر ئەوان دەڵێن ئێستا ئێمە لەسەردەمی فەزاو لەسەردەمی گەردیلەداین، ئەوا ئێمەش دەڵێین: ئەو قسەیە راستە، بەڵام سەردەمێکی لەوە گرنگ تر هەیە کەوا خەریکە بەسەرماندا دێت ئەویش سەردەمی رێککەوتنی نێوان زانست و ئایینە، و بێگومان ئەو رێککەوتنە تەنیا لەنێوان زانستی راست و ئایینی ئیسلامدا نەبێت کە پارێزراوە لە هەموو گۆڕانکارییەك و دەستکارییەك لەگەڵ هیچ ئایینێکی دیکەدا نابینرێت.

بۆ بینینی ڤیدیۆیی ئەم وتووێژە سەیری ئەم لینکە بکە:

http://www.youtube.com/watch?v=iQB٠qM٥٥KFs



# ڕووناکی، سێبەر، تاریکی

# سێبەر

بەشی دووەم

سەروەر حەسەن

## لەنێوان زانست و فەرموودەکانی پێغەمبەری خوادا ﷺ

هەندێك لەو فەرموودانەی تیایاندا ئاماژە بە سێبەر كراوە:

-پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (خوای باڵادەست لە ڕۆژی قیامەتدا دەفەرمووێت: كوان ئەوانەی كە یەكتریان لەبەر خاتری من خۆش دەویست؟ ئەمڕۆ من دەیانخەمە ژێر سێبەری خۆمەوە، لەڕۆژێكدا كە هیچ سێبەرێك نییە بێجگە لە سێبەری من)[1] (لێرەدا سێبەری خوا، مەبەست لە سۆزو میهرەبانییەتی).

(پێغەمبەری خوا نوێژی نیوەڕۆی كرد كاتێك خۆر لە نیوەی ئاسمان لای دا، نوێژی عەسری كرد كاتێك سێبەری شتەكان هێندەی خۆیان بوون، و نوێژی ئێوارەی كرد كاتێك خۆر ئاوا بوو، و نوێژی خەوتنی كرد كاتێك زەردەپەڕ نەما و نوێژی بەیانی كرد تا خۆر هەڵهات. پاشان سبەینێ هات و نوێژی نیوەڕۆی كرد كە سێبەری هەموو شتێك هێندەی خۆی بوو، و نوێژی عەسری كرد كە سێبەری هەموو شتێك دوو هێندەی خۆی بوو، نوێژی ئێوارەی كرد كاتێك خۆر دیارنەماو نوێژی خەوتنی كرد هەتا سێیەكی شەو و نوێژی بەیانی كرد هەتا خەریك بوو ڕۆژ هەڵبێت)[2]

-پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (نزمترین پایەی بەهەشتیەكان، پیاوێكە خوای گەورە ڕووی لە ئاگری دۆزەخ بەرەو بەهەشت وەرگێڕا، درەختێكی سێبەرداری پێشاندا، ئەو وتی: خوای گەورە پێشمخە بۆ ئەو درەختە با بچمە ژێر سێبەرەكەی...)[3]

-لەفەرموودەیەكی تری پێغەمبەردا(ﷺ) دەربارەی دواهەمین كەس كە دەچێتە بەهەشتەوە، فەرموویەتی: (درەختێك پێشانی پیاوێك دەدرێت، ئەو دەڵێت: خوای گەورە! لەو درەختەم نزیك بخەرەوە، با لەژێر سێبەرەكەیدا بحەوێمەوەو لە ئاوەكەی بخۆمەوە. خوای گەورەو باڵادەست دەفەرمووێت: ئەی نەوەی ئادەم! ئەگەر ئەوەت پێببەخشم داوای هیچی ترم لێناكەی؟ دەڵێت: نا ئەی پەروەردگار... پەیمان بەخوا دەدا كە داوای هیچی تری لێنەكات. خوای گەورە عوزرەكەی قبوڵ دەكات لەبەرئەوەی دەیبینێت كە ئارامی لەسەری نییە. لێی نزیك دەخاتەوە، لەژێر سێبەرەكەیدا دەحەوێتەوەو لە ئاوەكەی دەخواتەوە. دوای ئەوە درەختێكی تری بۆ بەرزدەكرێتەوە كە لە درەختی یەكەم باشترە، پیاوەكە دەڵێت: پەروەردگارا! نزیكم بخەرەوە لەو درەختە با لە ئاوەكەی بخۆمەوەو لەژێر سێبەرەكەیدا بحەوێمەوە. داوای هیچی ترت لێناكەم. خوای پەروەردگار پێی دەفەرمووێت: ئەی نەوەی ئادەم! تۆ پەیمانت پێنەدام كە داوای هیچی ترم لێنەكەی؟! ئەگەر لەم درەختەت نزیك بخەمەوە لەوانەیە داوای شتی ترم لێبكەی. پەیمان بەخوای گەورە دەدات كە داوای هیچی تری لێنەكات. لێی نزیك دەخاتەوەو لەژێر سێبەرەكەیدا دەحەوێتەوەو لە ئاوەكەی دەخواتەوە...)[4]

لەم فەرمایشتە پیرۆزەی پێغەمبەرەوە (ﷺ)تێدەگەین كە مرۆڤ لە درەختەكانی بەهەشتدا زیاتر سەرسامی ئاو و سێبەر یاخود سێبەرەكانییەتی.

-پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (مەودای نوێژی نیوەڕۆ تاكاتێكە كە خۆر لە نیوەی ئاسمان لادەدات، سێبەری كەسێك بەهێندەی درێژی باڵای خۆی دەبێت، مادام نوێژی عەسر نەبووبێت)[5]

-پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (لەبەهەشتدا درەختێك هەیە سەدساڵ سوار بە سێبەرەكەیدا دەڕوات و نایبڕێت)[6]

هەموو تەنێكی ڕووناكیگر ئەگەر لە یەك لاوە ڕووناكی (یان نوور)ی كەوتە سەر، ئەوا بە ئاراستەكەی تردا سێبەرەكانی



١- أخرج الإمام أحمد في المسند عن عبدالله بن عبدالرحمن، عن سعيد بن يسار، عن أبي هريرة.

٢- أخرج الإمام أحمد في المسند عن بكر بن عبدالله بن الاشج، عن عبدالملك بن سويد الساعدي، عن أبي سعيد الخدري.

٣- أخرج الإمام أحمد في المسند عن زهير بن محمد، عن سهل بن أبي صالح، عن النعمان بن أبي عياش، عن أبي سعيد الخدري.

٤- أخرج مسلم، عن حماد بن سلمة، عن ثابت، عن أنس، عن إبن مسعود.

٥- أخرج الإمام أحمد في المسند عن قتادة، عن أبي أيوب، عن عبدالله بن عمر.

٦- أخرج الترمذي عن الليث، عن أبي سعيد الخدري عن أبيه، عن أبي هريرة.

لەسەر زەوی دەردەكەون. سێبەرەكە شێوەی ئەو تەنە وەردەگرێت كە هۆكاریەتی، بەڵام لە كورت و درێژی و فراوانی و تەسكیدا جیاوازە. دەتوانرێت هۆكاری ئەوە بزانرێت بە زانینی سەرچاوەی رووناكی بەركەوتوو، و ئەو جێگایەی سێبەرەكەی كەوتووەتە سەر. بۆنموونە ئەگەر تیشكی خۆر كەوتە سەر ستونێك (عمود)، ئەوا سێبەری ئەو ستونە بە ئاراستەی پێچەوانەی خۆرەوە دەكەوێتە سەر زەوی. خۆ ئەگەر خۆر بەرزبوو، سێبەرەكە كورت دەبێت و لەكاتی ستوونی بوونی خۆریشدا سێبەرەكە ونده‌بێت. سێبەری تەن درێژ دەبێت ئەگەر خۆر نزم بوو (منخفضة)، وەك لە سەرەتای رۆژ و كۆتاییەكەیدا روودەدات.

كاتێك زەوی بەدەوری تەوەرەكەیدا دەخولێتەوە، ئەوا سێبەری تەنەكانی سەر زەوی درێژو كورت دەبنەوە، هۆكاری ئەوەش تیشكی خۆری بەركەوتووە. ئەگەر زانیمان كە خۆر بەگوێرەی زەوییەوە جێگیرەو ئەوە زەوییە كە دەسورێتەوە، تێدەگەین كە درێژیی و كورتیی سێبەر بەڵگەی سورانەوەی زەوییە بەدەوری خۆیدا (لەبەردەم خۆردا). ئەوەش لە فەرموودەی پەروەردگاردا دەبینین كە دەفەرموێت: ﴿ أَلَمۡ تَرَ إِلَىٰ رَبِّكَ كَيۡفَ مَدَّ ٱلظِّلَّ وَلَوۡ شَآءَ لَجَعَلَهُۥ سَاكِنٗا ثُمَّ جَعَلۡنَا ٱلشَّمۡسَ عَلَيۡهِ دَلِيلٗا ٤٥ ﴾ الفرقان: ٤٥، واتە: ئایا نابینیت چۆن پەروەردگارت سێبەر درێژدەكاتەوە، ئەگەر بیویستایە جێگیری دەكرد، پاشان خۆریشمان كردووە بە بەڵگە و نیشانە لەسەر سێبەر٧

خوای گەورە سێبەری دروستكردووە تاكو خەڵك لەژێریدا لە گەرمای خۆر بپارێزێت، باسی سێبەر (ضل) لە بەهەشتدا لە زۆرێك لە ئایەتەكانی قورئان و چەندین فەرموودەی پێغەمبەردا هاتووە، وەك ئاماژە بە پشوو و خۆشی و حەسانەوە لە دوارۆژدا. سێبەر (ضل) باسی كراوە وەك خوازە (كنایە) بە پشوو و ئارامیی و حەوانەوە لە دونیادا. پەروەردگار دەربارەی پێغەمبەر موسا (سەلامی خوای لێبێت) و هەردوو كچەكەی (شوعەیب)، فەرموویەتی: ﴿ فَسَقَىٰ لَهُمَا ثُمَّ تَوَلَّىٰٓ إِلَى ٱلظِّلِّ فَقَالَ رَبِّ إِنِّي لِمَآ أَنزَلۡتَ إِلَيَّ مِنۡ خَيۡرٖ فَقِيرٞ ٢٤ ﴾ القصص: ٢٤، واتە: موسا مەردانە، شوانەكانی برداو ماڵاتەكانیانی ئاوداو بەرێی كردن، دوایی پشتی تێكردن و چووە ژێر سێبەرەكە. سێبەر بەهەمان مانا لە فەرموودەیەكدا هاتووە كە پێغەمبەر (ﷺ)الدیاید فەرموویەتی: (خوای گەورە بە تەوبەی بەندەی دڵخۆشترە لە پیاوێك كە لە گەشتێكدا بوو لە چۆڵەوانییەكدا، چووە ژێر سێبەری درەختێك، لەژێریا نووست، پاشان هەستاو وشترەكەی (راحلته) نەبینی، بەسەر بەرزایدا سەر كەوت و هیچ شتێكی نەبینی، گەڕایەوە ئەو شوێنەی لێی بوو، بینی وا وشترەكەی لغاوەكەی رادەكێشێت. پاشان پێغەمبەر (ﷺ)فەرمووی: خوای گەورە دڵخۆشترە بە تەوبەكردنی بەندەكەی لە دڵخۆشبوونی پیاوەكە بەگەڕانەوەی وشترەكەی)٨



بۆیە سێبەر واتە پشوو و حەوانەوە لە دونیاو دوارۆژیشدا. بەهۆی خولانەوەی زەوی بەدەوری تەوەرەكەیدا، سێبەر لەسەر رووی زەوی دەجوڵێت. خەڵك لە سەردەمە دێرینەكاندا كاتژمێری خۆریی (المزولة-sundial)یان بەكارهێناوە، درێژیی سێبەر لە كاتژمێرە خۆرییەكەدا كات و ساتەكانی رۆژی دیاریكردووە.

٧- ڕاڤەی ئایەتەكان لە تەفسیری ئاسان وەرگیراوە.

٨- رواه أحمد في المسند، عن سماك، عن النعمان بن بشير.

**خۆرگیران و مانگگیران**

ئەگەر مانگ كەوتە سێبەری زەوییەوە، مانگگیران روودەدات. خۆئەگەر سێبەری مانگ كەوتە سەر زەوی ئەوا خۆر لەو خەڵكەوە دیارنامێنێت كە لەسەر زەوین و دەكەونە چوارچێوەی سێبەری مانگەوە (لەوكاتەدا) و بەوەش خۆرگیران روودەدات. سێبەری مانگ هەموو رووی زەوی ناگرێتەوە، چونكە تیرەی مانگ تەنها (٣٢٠٠ كیلۆمەترە)، بۆیە تیرەی سێبەری مانگ لەسەر زەوی لە چەند كیلۆمەترێك تێپەڕناكات. لەكۆندا خەڵك باوەڕیان وابووە كە مانگگیران و خۆرگیران بەهۆی رووداوگەلێكی سەر زەوییەوەن، وەك مردن یان لەدایكبوونی پیاوێكی گەورە...



لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) و لەرۆژی مردنی "ئیبراهیم"ی كوڕیدا خۆرگیران روویدا، خەڵك باوەڕیان وابوو كە وەك هاوبەشی كردن لە خەمی پێغەمبەردا (ﷺ) خۆرگیراوە، كاتێك ئەوەی لەنێوان خەڵكدا بڵاوبووەوە زمانەكان دەیانگواستەوە گەیشتە پێغەمبەر (ﷺ)، خەڵكی كۆكردەوەو پێی فەرموون: " لەبەر مردن و ژیانی كەس خۆرو مانگ ناگیرێن"٩.. لێرەدا تێبینی دەكەین پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەكاتێكدا كە تەنها خۆرگیراوە باسی خۆرو مانگیش دەكات، ئەوەش ئیعجازێكی زانستی گەورەی تێدایەو لە زانایان شاراوە نییە، چونكە هۆكاری خۆرگیران ئەوەیە كە مانگ كەوتووەتە نێوان خۆرو زەوییەوە. بۆیە خۆرو مانگیش لەهەردوو دیاردەی مانگگیران و خۆرگیرانیشدا بەشداری دەكەن.

بۆچی دەتوانین لە رۆژدا شتەكان بەباشی ببینین و كتێب و رۆژنامە بخوێنینەوە لەكاتێكدا لەسێبەریشدابین (كە رووناكی خۆری پێناگات)؟ لەبەرئەوەی تەنۆلكەكانی تۆزو گازەكانی هەوا، رووناكی بەهەموو لاكاندا پەرش دەكەنەوەو رووناكی دەگاتە سێبەرەكەش، هێندە دەگات كە بەسە بۆ مرۆڤ تا شتەكان بەروون و ئاشكرایی ببینێت.



**سەرچاوە:**

موسوعة الإعجاز العلمي في الحديث النبوي، الجزء الرابع، أ.د.أحمد شوقي إبراهيم، ٢٠٠٤.

٩- جزء من حديث، رواه البخاري في الصحيح.



# موعجیزاتی ئەحمەدی

ن: م.سەعیدی نوورسی
و:فارووق ڕسووڵ یەحیا
faruq_r@hotmail.com

نموونەی شەشەم: هەروەها لە کتێبە صەحیحەکانی فەرمووددا چەسپاوە کە ئەبوو تەلحەی مامی ئەنەسی خزمەتکاری پێغەمبەر (ﷺ) دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ:

ئەو نەختە نانەی کە لە ئاردی جۆ دروستکرابوو، ئەنەس لە بنباڵی خۆیدا هەڵیگرتو هێنای بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) هەشتا کەسی لێ تێرکرد. لە پێشدا فەرمانی دا ئەو نانە لەت لەت بکرێتو ئنجا دوعای بەرەکەتی بە سەردا خوێند. پاشان ئەوەندە خەڵکی لێ کۆبوونەوە کە لە خانووەکەدا جێیان نەدەبووەوە، ناچار دە کەس دە کەس لێیان دەخوارد، بەمجۆرە دەهاتنە ژوورەوە هەتا هەموویان بە تێری دەگەڕانەوە [1].

نموونەی حەوتەم: لە صەحیحی موسلیمو کتێبی (الشفا)و غەیری ئەمانەشدا چەسپاوە کە جابیری ئەنصاری دەگێڕێتەوە کە: جارێکیان پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ)و داوای خواردنی لێکرد. ئەویش نیو بار جۆی پێ دا. ئەم پیاوە خۆیو ژنو میوانی ماوەیەکی زۆر لێیان دەخوارد. هەتا جارێك بۆئەوەی بزانن چەندەی کەم کردووە پێوایان. پاش پێوانەکە، دەرکەوت بەرەکەتەکەی نەماو وردە وردە کەم بووەوە. ئنجا هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ)و بۆی گێڕایەوە. ئەویش فەرمووی: لو لم تكله لأكلتم منه ولقام بكم [2]

نموونەی هەشتەم: کتێبە صەحیحەکانی فەرموودە، وەك: ترمذی، نەسائی، بەیهەقی، کتێبی (الشفا)، لە «سەمورەی کوڕی جوندوب»ەوە دەگێڕنەوە، کە: «جارێکیان قاپێك خواردنیان بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) هێنا کە هەندێ گۆشتی تێدابوو، ئنجا هەر لە بەیانییەوە تا شەو دەستە بە دەستە خەڵك دەهاتن لێیان دەخواردو دەڕۆشتن [3].

جا هەروەك لە پێشەکییەکەدا باسمان کرد، ئەم ڕووداوەی کە لە بارەی بەرەکەتەوە دەیگێڕنەوە، بە تەنها ڕیوایەتی سەمورە نییە. بەڵکو سەمورە وەك نوێنەرێکی ئەو کۆمەڵە زۆرانە وایە کە لەو خواردنەیان خواردووە، ئەم لە بریی هەموو ئەوانە دەیگێڕێتەوەو ڕایدەگەیەنێت.

نموونەی نۆهەم: چەند پیاوێکی بڕوا پێکراوی وەك: خاوەنی کتێبی (الشفا)و «ئیبن ئەبی شەیبە»و «تەبەرانی»و چەند زانایەکی لێکۆڵەری تر، بە سەنەدێکی باشەوە دەگێڕنەوە کە ئەبووهورەیرە دەفەرموێ: «پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێدام هەموو ئەهلی (صوففە)ی بۆ بانگ بکەم. ئەهلی صوففەش هەژارە کۆچکردووەکان بوون کە لە سەد کەس زیاتر دەبوونو لە صوففەدا - کە سەکۆیەکی مزگەوت بوو- نیشتەجێبووبوون. ئەبوو هورەیرە دەفەرموێ: یەکە یەکە بە شوێنیاندا گەڕام تا هەموویانم کۆکردەوەو هێنامن. ئنجا قاپێك خواردنمان لە بەردەمدا دانرا. ئێمەش هەتا توانیمان لێمان خوارد، کە لێبووینەوە، وەك چۆن یەکەم جار دانرابوو، هەر وەهابوو، ئەوەندە نەبێت کە جێگا پەنجەکانی تێدا دیاربوون» [4]!

کە ئەبوو هورەیرە - خوای لێ ڕازی بێت - ئەم هەواڵە دەگێڕێتەوە، ئەوا بە ناوی هەموو ئەهلی صوففەوە دەیگێڕێتەوەو پشت بە تەسدیقی ئەوان دەبەستێت. وەك بڵێی هەموو ئەهلی صوففە گێڕابێتیانەوە. جا ئایا دەگونجێ ئەم هەواڵە پێچەوانەی

١- صحيح، رواه البخاري ومسلم وأحمد.

٢- صحيح، رواه مسلم. واتە: ئەگەر نەتپێوایە هەر لێتان دەخوارد و بەشیشی دەکردن.

٣- صحيح، رواه الترمذي.

٤- رواه الطبراني باسناد حسن.

حەقو ڕاستی بێت، ئەو مرۆڤە کامڵو ڕاستگۆیانەش لە ئاستیدا بێدەنگ بنو بەرپەرچی نەدەنەوە؟

**نموونەی دەهەم:** بە ڕیوایەتی صەحیح چەسپاوە کە ئیمامی عەلی فەرموویەتی: «پێغەمبەر ﷺ هۆزی "بەنی عەبدولموتەلیب"ی کۆکردەوە، کە چل کەس دەبوون، ئەمانەش هەندێ کەسانی وایان تێدا بوو کە بەچکە حوشترێکی نۆبەرەیان دەخواردو چوار ئۆقییەش شیریان دەخواردەوە. ئنجا یەك مشت خواردنی بۆ دروستکردن. ئەوانیش تا تێربوون لێیان خوارد، پاشان وەکو خۆی مایەوە. ئنجا داوای کرد لە قاپێکی وەهادا کە بەشی سێ چوار کەس بکات، شیری بۆ بهێنن. کە هێنایان هەموویان تێریان لێخواردەوە، ئەوەشی مایەوە، وەك بڵێی هیچی لێ نەخورابێتەوە وابوو»(٥)

ئەمە تەنها یەك نموونەیە لە موعجیزەی بەرەکەتی خواردن، بە ئەندازەی ئازایەتیو ڕاستگۆیی ئیمامی عەلی - خوای لێ ڕازی بێت - قەتعیو بێگومانە.

**نموونەی یازدەهەم:**

بە ڕیوایەتێکی صەحیح چەسپاوە کە: کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) فاتیمەی کچی لە ئیمامی عەلی مارە کرد، فەرمانی بە بیلال دا بچێت چوار پێنج مشت خۆراك لە قاپێکدا ئامادە بکات، یەك سەر حوشتریش بهێنێت تا سەری ببڕێت بۆ ئاهەنگو زەماوەندەکەیان. بیلال دەڵێت: هێنامن، پێغەمبەر(ﷺ)حوشترەکەی سەربڕی، پاشان فەرمانی دا میوانەکانی دەستە دەستە بێنە ژوورەوە. ئەوانیش هاتنو لەو خواردنەیان خوارد هەتا تێربوون. ئنجا بەشێکیشی لێ زیاد بوو، پێغەمبەر (ﷺ) دوعای بەرەکەتی بەسەردا خوێند، فەرمانی دا ببرێت بۆ خێزانەکانیو پێی فەرموون: "خۆتانو ئەوانەش دێن بۆ لاتان لێی بخۆن[٦]

بەڵێ، ئەم ژنهێنانە بەفەڕو پیرۆزە، بە ڕاستی شایانی ئەم موعجیزە پڕ پیتو بەرەکەتەیە!

**نموونەی دوازدەهەم:**

ئیمام جەعفەری صادق، لە ئیمام محەممەد باقری باوکییەوە، ئەویش لە ئیمام زەینولعابیدینی باوکییەوە، ئەویش لە ئیمامی عەلییەوە - خوا لە هەموویان ڕازی بێت - دەگێڕێتەوە کە:

«خاتوو فاتیمە -خوای لێ ڕازی بێت- قازانێك خواردنی بۆ خۆیو حەزرەتی عەلی لێنابوو. پاشان داوای لە ئیمامی عەلی کرد بچێت بە دوای پێغەمبەردا (ﷺ) تاکو ئەویش بەشداریی ئەو خواردنەیان بکات. کاتێك کە پێغەمبەر (ﷺ) تەشریفی هێنا، فەرمانی بە فاتیمە دا بۆ هەریەکە لە خێزانەکانی قاپێك تێبکات. ئنجا بۆ خۆیو بۆ حەزرەتی عەلیو بۆ فاتیمە خۆیشی. پاشان کە خواردنەکە هەڵگیرا، قازانەکە هەر لێوان بوو. فاتیمە - خوای لێ ڕازی بێت - دەفەرموێ: تا خوا حەز بکات لێمان خوارد[٧] جا ئەی ئادەمیزاد!

تۆ مرۆڤێکی گەلێ سەیریت! دەنا بۆچی باوەڕ بەم موعجیزەیە ناکەیت، کە موعجیزەیەکە وەك بە چاو ببینرێت ئاشکراو ڕوونە. بە تایبەت دوای ئەوەی کە زنجیرەی پاکو خاوێنی ڕیوایەتەکەت بیست؟ تەنانەت خودی شەیتانیش هیچ ڕێگایەکی بۆ ئینکاریی ئەم موعجیزەیە لە بەردەمدا نییە!

**- نموونەی سیازدەهەم:**

پێشەوایانی وەك: ئەبوو داوودو ئەحمەدی کوڕی حەنبەلو بەیهەقی، لە «دوکەینی ئەحمەسیی کوڕی سەعیدی موزەین»ەوە، لە نوعمانی کوڕی موقەڕڕینی ئەحمەسیی موزەینەوە - کە خۆیو هەر شەش براکەی بە هاوەڵێتیی پێغەمبەر (ﷺ) شەرەفمەند بوون - هەروەها لە ڕیوایەتی جوریرو چەند ڕێیەکی ترەوە دەگێڕنەوە کە:

"پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی بە حەزرەتی عومەری کوڕی خەتتاب دا، تێشوو بە چوار سەد سوارەی تیرەی ئەحمەس بدات. ئیمامی عومەر عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خوا! هەرچییەك هەیە تەنها چەند صاعێکە. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: برۆ بیاندەرێ. ئیمامی عومەر ڕۆشتو لەو خورمایەی کە بە ئەندازەی جێی بەچکە حوشترێك (یخ بووبێت) جێی گرتبوو، بەشی هەموویانی دا و پاشان وەك خۆیشی مایەوە[٨]

ڕوودانی ئەم بەرەکەتە، بەمجۆرە ڕووی داوە کە پەیوەندیی بە چوار سەد کەسەوە هەیە، بە تایبەت ئیمامی عومەر، خوای لێ ڕازی بێت. ئەو چوار سەد کەسە هەموویان بە گێڕەرەوەی ڕوودانی ئەم بەرەکەتە دەژمێررێن. چونکە بێدەنگ بوونیان لە بەرامبەر گێڕانەوەی ئەم ڕووداوە، تەسدیقە بۆ ڕوودانی.

هەرگیز مەڵێ: چەند کەسێکی کەم ڕیوایەتیان کردووە «خەبەری ئاحاد»ە، پاشان برۆیتو ئاوڕ نەدیتەوە.. نەخێر، ئەم ڕووداوەو ڕووداوەکانی هاوچەشنی، هەرچەند خەبەری ئاحادیش بن، هەر دڵنیایی بە دڵی مرۆڤ دەبەخشن. چونکە لە جێی «تەواتوری مەعنەوی»دان.

**نموونەی چواردەهەم:**

لە کتێبە صەحیحەکانی فەرموودەداو لە پێش هەموویانەوە لە صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، ئەو فەرموودەی جابیر - خوای لێ ڕازی بێت - لە بارەی قەرزەکەی باوکییەوە، ڕیوایەت کراوە کە:

«پاش مردنی باوکی جابیر، هەرچی موڵكو ماڵێك کە باوکی بەجێی هێشتبوو هەموویانی دا بە خاوەن قەرزەکانی باوکی، بەڵام ئەوان قبووڵیان نەکرد. خۆ بەروبوومی دوو ساڵی باخەکەش قەرزەکەی ئەوانی پڕ نەدەکردەوە. پێغەمبەریش(ﷺ) تەشریفی بۆ لای جابیر هێناو فەرمانی پێ دا کە بەروبوومەکە ببڕێتو لە جێی خۆیدا بیکات بە خەرمان. ئنجا پێغەمبەر(ﷺ)بە ناو خەرمانەکەدا هاتوچۆی کردو دوعای بەسەردا خوێند. پاشان جابیر قەرزی هەموو خاوەن قەرزەکانی باوکی لێ دایەوەو هێشتا بە ئەندازەی بەری هەموو ساڵێکیشی لێ مایەوە. لە ڕیوایەتێکدا دەڵێت: بە ئەندازەی ئەوەی لێ مایەوە کە دایەوە بە خاوەن قەرزەکان.

جابیر دەفەرموێ: خاوەن قەرزەکان جوولەکە بوون، زۆر سەریان لەوە سووڕمابوو[٩]

بەم چەشنە، ئەم موعجیزە ڕوونەی کە لە بارەی «بەرەکەتی خواردن»ەوە لەسەر دەستی پێغەمبەردا (ﷺ) ڕووی داوە، تەنها یەك ڕیوایەت نییە کە تەنها جابیرو چەند کەسێکی کەم بیگێڕنەوە، بەڵکو لە واتاو ناوەرۆکدا ڕووداوێکی موتەواتیرەو وەك ئەوە وایە کە هەموو ڕاوییەکان گێڕابێتیانەوەو جابیر لەم گێڕانەوەیەدا نوێنەری هەموو ئەو کەسانەیە کە ئەم ڕیوایەتە پەیوەندیی پێیانەوە هەیە.

---

٥- (الشفا) ١/٢٩٣ (فضائل الصحابة) ١٢٢٠.
٦- (الشفا) ١/٢٩٧.
٧- (الشفا) ١/٢٩٤

٨- رواه أحمد والطبراني، ورجاله رجال الصحيح.
٩- صحيح، رواه البخاري وأحمد.



مۆزەخانەی گوگنهایم لە شاری بیلباوی ئیسپانیا، نموونەیەکی تازە لە بەکارهێنانی کانزای تیتانیۆم، بیرۆکەی بەکارهێنانی کانزاش لە سەربان و دیواری بینادا پێش (١٤) سەدە قورئان باسیکردووە.

ن.: یەحیا وەزیری
دکتۆرا لە هەندەسەی مەدەنی
و. بە دەستکارییەوە: هاوژین طالب
hawzhin@gmx.de

# سەربان لە زیو، بۆچی زیو؟

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَلَوۡلَآ أَن يَكُونَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً لَّجَعَلۡنَا لِمَن يَكۡفُرُ بِٱلرَّحۡمَٰنِ لِبُيُوتِهِمۡ سُقُفًا مِّن فِضَّةٍ وَمَعَارِجَ عَلَيۡهَا يَظۡهَرُونَ ﴿٣٣﴾ وَلِبُيُوتِهِمۡ أَبۡوَٰبًا وَسُرُرًا عَلَيۡهَا يَتَّكِـُٔونَ ﴿٣٤﴾ وَزُخۡرُفًا وَإِن كُلُّ ذَٰلِكَ لَمَّا مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةُ عِندَ رَبِّكَ لِلۡمُتَّقِينَ ﴿٣٥﴾ ﴾ زخرف واتە: ئەگەر لەبەرئەوە نەبووایە خەڵکی هەموو لەسەر کوفر دەبوونە یەك پارچە، هەرکەس باوەڕی بە خوای بەخشندە نەبووایە ئەوا خوای گەورە بنمچیماڵەکانیانی لە زیو بۆ درووستدەکردن، پلیکانەی ماڵیشیان هەر لە زیو هەتا لەسەری سەرکەون و بچنە بڵندی، هەروەها دەرگای ماڵەکانیان و خەوگەکانیشیان تا پشتی پێوە بدەنەوە، بە هەموو جۆرە خشڵ و نیگارێك ماڵی کافرانی دەرازاندەوە، هەموو ئەوانە تەنها خۆشی دنیان، بەڵام ئاخیرەت لەلای پەروەردگار بۆ ئەوانەیە بەئاگان و خۆ لە گوناهـ دەپارێزن.

هەندێك لێکۆڵەرەوە هەوڵیانداوە بزانن بۆچی ئەم ئایەتە پیرۆزانە بەتایبەتی باسیان لە زیو کردووە؟! هەندێکیان پێیان وابوو بنمچی درووستکراو لە زیو کە لە ئایەتە پیرۆزەکاندا هاتووە شانە خورییە نوێکان کە پێکهاتەکانیان لە زیو دروودست دەکرێن[1]

کۆمەڵێکی تر لە شارەزایان[2] دەستەواژەی (سقف من فضة) کە لە ئایەتە پیرۆزەکاندا هاتووە بە کەشتییەکانی ئاسمان (موشەك) تەفسیرکردووە، چونکە بەرگی دەرەوەی کەشتییەکانی ئاسمان لە چەند چینێك لە کانزای زیو دروست دەکرێت، واتە ئەم کۆمەڵەی دووەم پێی وایە ڕووی ئیعجازی زانستی لەم ئایەتە پیرۆزانەدا پێش بینی دەرکەوتنی کەشتییەکانی ئاسمانیان لەسەردەمی نوێدا کردووە.

لە ڕاستیدا ئەوان مانای ڕاستیی وشەی (سقف) یان وازلێهێناوە خوازە (مەجاز) یان لە جێی بەکارهێناوە، وشەی ڕاستییش ئەو وتە بەکاربراوەیە کە بۆ مانای ڕاستیی بنچینەیی وشەکە دانراوە، بەڵام خوازە یان واتەگۆڕی ئەو وتە بەکاربراوەیە کە ناهێڵێت مانای بنەڕەتی وشەکە بدات[3]

بەڵام ئێمە بۆچوونی ترمان لە تەفسیرکردنی ئەو ئایەتە پیرۆزانەدا هەیە، و هەر ئەوەشە هەوڵ دەدەین لەم چەند دێرەی داهاتوودا ڕوونی بکەینەوە.

دەبینین لە فەرهەنگەکاندا وشەی (سقف) بەم شێوەیە هاتووە: وشەی (السقف) ئەگەر سینەکەی سەری لەسەربێت و قافەکەشی زەنە (سکون) بێت، ئەوە بە مانای سەربانی خانوو دێت واتە لای سەرووی ماڵ کە بەرامبەر زەوییەکەیەتی، کۆی وشەی (السقف)یش بریتییە لە (سقوف) و (أسقف) بەڵام لە هەندێ فەرهەنگی تردا هاتووە کە کۆی وشەی (السقف) وشەی (سقف)ە ئەوکاتەی کە هەردوو پیتی سین و قاف بۆریان لەسەر بێت، بەڵام هەندێ زمانەوان و موفەسیرەکان ئەمە ڕەت دەکەنەوەو دەڵێن (سقف) کۆی وشەی (سقوف)ە یان کۆی

١- (محمد عبد القادر الفقي) (٢٠٠٤) الاعجاز العلمي في قوله تعالى: «سقف من فضة» كتاب بحوث المؤتمر العالمي السابع للإعجاز العلمي في القرآن والسنة، المجلد (٣) دبي.

٢- خاوەنی ئەم بیرۆکەیە (دکتور منصور حسب النبي) لە یەکێك لە کتێبەکانیدا سەبارەت بە ئیعجازی زانستی لە قورئانی پیرۆزدا، هەروەها (دکتور کریم حسنین) ئەم بیرۆکەیەی لە پێگەی تایبەتی خۆی لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت لە ژێر ناونیشانی: WWW.read&think.com بڵاوکردۆتەوە.

٣- (محمد سعاد جلال) (١٩٨٢) الضوابط العلمية لبيان معاني ألفاظ القرآن الكريم. مجلة الهلال، عدد مارس (١٩٨٢)، القاهرة، (ص٢٢) وما بعدها.

وشەی (سقیفە)یە کە لە کوردیدا بەمانای کەپر دێت[٤]

ئیمامی قورتوبیش[٥] دەڵێت:" فكل ما علاك فأظلك فهو سقف وسماء، وكل ما أقلك فهو أرض، وكل ما سترك من جهاتك الاربع فهو جدار، فإذا انتظمت واتصلت فهو بيت". واتە: هەر شتێك بەلای سەرووتەوەیەو وەك سێبەر بەسەر زەوییەوە ئەوە بنمچ و ئاسمانە، هەموو ئەوەش کە لە خوارتەوەیەو هەڵیگرتووی زەوییە، هەموو ئەوەش کە لە هەر چوارلاتەوە داپۆشیوی ئەوە دیوارە، خۆ ئەگەر دیوارەکان ڕێکخران و بەیەکەوەنران ئەوە خانووە.

کەواتە وشەی (سقف) کە لە ئایەتە پیرۆزەکەدا هاتووە بەمانای شانە خۆرییەکان نایەت، هەروەها مانای کەشتییەکانی ئاسمانیش نادات کە مرۆڤ لە سەدەی بیستدا درووستی کردوون، بەڵکو دەبێ شوێن مانای ڕاستیی وشەکە بکەوین، بزانین ئەو وشەیە لای عەرەب پێش ناردنی قورئان چ مانایەکی بەخشیوە، لە ڕاستیدا هەر ئەو مانایە دەبەخشێ کە لەگەڵ مانا زمانەوانییەکەو ئەو گەلە وشانەی لە ئایەتە پیرۆزەکەدا هاتووە پەیوەندی بە بیناوە هەیە یەکدەگرێتەوە کە بریتین: (لبیوتهم) ماڵ ـ (أبوابا) دەرگا ـ (سررا) خەوگە ـ (معارج عليها يظهرون) پلیکانە، ئەمانە وتەگەلێکن هەموویان لە ڕەگەزەکانی بەنایی (میعماری)، واتە پەیوەندییان بە ماڵ و درووستکردنی خانوو بەرەوە هەیە.

جا ئایا دەکرێ ماددەیەکی بەنایی بەتەسمیمی دیاریکراو لە درووستکردنی بینایەك یان کۆشکێکدا بەکاربێت بەجۆرێك ببێتە مایەی فیتنەو شەیداکردن واتە مرۆڤەکان لە کوفرەوە بۆ ئیمان بگوازێتەوە ئەگەر کافربن، لە ئیمانیشەوە بۆ کوفر ئەگەر باوەڕداربن؟

بە وردبوونەوە لە هەندێ ئایەت کە لە دەقەکانی قورئانی پیرۆزدا هاتوون، دەتوانین وەڵامی پرسیارەکەی پێشوو بدەینەوە، ئەوەتا ئایەتە پیرۆزەکان وەسفی ئەو کۆشکە دەکەن کە سولەیمان پێغەمبەر سەلامی خوای گەورەی لێبێت لە پێشوازیکردنی بەلقیس شاژنی یەمەندا درووستیکرد، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قِيلَ لَهَا ٱدۡخُلِي ٱلصَّرۡحَۖ فَلَمَّا رَأَتۡهُ حَسِبَتۡهُ لُجَّةٗ وَكَشَفَتۡ عَن سَاقَيۡهَاۚ قَالَ إِنَّهُۥ صَرۡحٞ مُّمَرَّدٞ مِّن قَوَارِيرَۗ قَالَتۡ رَبِّ إِنِّي ظَلَمۡتُ نَفۡسِي وَأَسۡلَمۡتُ مَعَ سُلَيۡمَٰنَ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٤٤﴾ نمل، واتە: فەرموویان لە بەلقیس کرد تا بچێتە کۆشکەکەوە، ئەو کۆشکەی سولەیمان گۆڕەپانەکەی لە شووشەیەکی سپی و شەپۆلاوی درووستکردبوو، جا کاتێك بەلقیس گۆڕەپانی کۆشکەکەی بەوشێوەیە بینی وای زانی ئاوە بۆیە خۆی هەڵکرد هەتا جلەکانی تەڕ نەبێت، سولەیمان وتی: ئەوە ئاو نییەو ئەو گۆڕەپانە سافە بە شووشە سەریگیراوە.

بەڵێ سولەیمان ئەو کۆشکەی لە شووشە لەسەر ئاو درووستکردبوو، ناو ئاوەکەش ماسی و نەهەنگەکانی تێدابوو هەتا موڵکێکی گەورەتر لەوەی بەلقیس هەیبوو پیشانی بەلقیس بدات.

ئایەتە پیرۆزەکەی پێشوو ڕوونی دەکاتەوە سولەیمان پێغەمبەر (سەلامی خوای گەورەی لێبێت) بۆ بانگەوازکردنی شاژنی (سەبەء) کۆشکێکی بەنایی کە لەوپەڕی جوانی و داهێنانی هونەریدا بوو بەکارهێناوە هەتا بەلقیس باوەڕ بە خوای گەورە بهێنێ و بێتە ئیسلامەوە.

ئەم نموونە قورئانییە ئەو ڕاستییە دەچەسپێنێت کە دەکرێت بەکارهێنانی ماددەی زیو لە درووستکرنی بیناد یان

٤- (محمد عبد القادر الفقي): سەرچاوەی پێشوو، (لا ٨).

٥- سەیری تەفسیری الإمام القرطبي سورەتی نەحل ئایەتی (٨٠) بکە.

لە سواغدانی کۆتایی ماڵەکاندا ببێتە مایەی شەیدابوونی خەڵك، تەنانەت باوەڕدارانیش یان بەلایەنی کەمەوە هەندێکیان لەئەنجامی خۆشویستنی دنیادا لەگەڵ کافرەکان لەسەر کوفر کۆببنەوەو ببنە یەك میللەت هەر وەك ئایەتە پیرۆزەکەی سورەتی زوخروف هەواڵی پێداوین، هەروەها مانای ڕاستی وشەی (سقف) یان ( لبیوتهم) دەچەسپێنێت کە ناکرێ هیچ مانایەکی تری خوازراو هەڵبگرێت.



تەلارێك لە زیو

## ڕووی ئیعجاز:

بۆ ئەوەی بزانین بۆچی خوای گەورە ماددەی زیوی بەتایبەت هەڵبژاردووە کە دەکرێت لە سواغدانی ڕووی دەرەوەی سەربانی ماڵی کافرەکاندا بەکاربهێنرێت، بۆ ئەمە سەرەتا پێویست دەکات هەندێ لە خاسیەتەکانی کانزای زیو بزانین.

زیو گەوهەرێکی زەوییەو ئەگەر خاوێن بێت ڕەنگێکی سپی ڕوونی هەیە، زیو چەند خاسیەتێکی هەیە کە لە هیچ کام لە میتاڵەکانی تری زەویدا نییە، لەوسیفەتانەش هەندێکیان باس دەکەین:

١- زیو چاکترین گەوهەرەکانی زەوییە (میتاڵ) لە گواستنەوەو گەیاندنی گەرمیدا، لەم سیفەتەشدا هیچ میتاڵێك یان ماددەیەکی کیمیایی درووستکراویش شان لە شانی نادات، هەر بۆیە زیو وەك ماددەیەکی پێوانەیی بەکاردەهێنرێت بۆ زانینی بڕی گەیاندنی گەرمی ڕەگەزەکانی تر بە بەراوردکردنیان بە زیو.

٢- لەبەرئەوەی زیو چاکترین میتاڵە لە گەیاندنی کارەباداو کەمترین بەرگری تەزووی کارەبا دەکات، بۆیە زیو بەشێوەیەکی بەر فراوان لە پیشەسازی ئامێرە کارەباییەکاندا بەکاردێت.

٣- زیو توانایەکی زۆری لە پەرچدانەوەی ڕووناکی بینراودا هەیە، هەر بۆیە لە پیشەسازی ئاوێنەکاندا بەکاردێت، بۆ ئەم مەبەستەش زیو لە ڕێی نیشاندنی کیمیایی یان کارەبایی یان بە هەڵمبوون لەسەر شووشە یان هەندێ میتاڵی تر سواغ دەدرێ، ئەگەر نیشاندنی زیو لەسەر ئەو ماددانەش تازە بێت و کۆن نەبووبێت ئەوکاتە زیو چاکترین پەرچدانەوەی ڕووناکی دەبێت.

٤- زیو لە هەموو میتاڵەکانی تری زەوی سپی ترە.

٥- زیو زایەڵەیەکی دەنگیی جوان و جیاکەرەوەی هەیە، زایەڵەی زیویش لەزرنگانەوەی هەموو میتاڵەکانی تر چاکترە تەنانەت لە ئاڵتوونیش، هەر بۆیە زیو بە چاکترین ماددە دادەنرێ لە پیشەسازی زەنگەکان و ئامێرە مۆسیقییەکاندا.

٦- یەکێك لە خاسیەتە گەورەکانی زیو توانای کوشتنی بەکتریای هەیە، زیو لە کاتێکدا ماددەیەکی ژەهراوی و کوژەری میکرۆبەکانە، بەڵام هیچ زیانێك لە زیندەوەرە باڵاکانی تر نادات وەك بوونەوەرە سەرەکییەکان و مرۆڤەکان.

کەواتە لەبەر ئەم خاسـیەتە ئەندازەییە بە نرخانەی زیو کە لە میتاڵەکانی تری جیا دەکاتەوە لەوانەش بەتایبەتی ئاڵتون، بۆیە هەڵبژاردنی کانزای زیو بۆ درووسـتکردنی بنمچی ماڵی کافرەکان بەهەموو پێوانەیەك بە ئیعجازێکی زانستی دادەنرێ، لێرەدا پرسیارێکی گرنگی تر دێتە پێشەوە... چۆن بەکارهێنانی کانزای زیو لە درووستکردنی بنمچی ماڵی کافرەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی هەموو لەسەر کوفر ببن بەیەك میللەت؟

وەڵامی ئەم پرسـیارەش خۆی لە دوو خاسـیەتی گرنگی کانزای زیو دا دەبینێتەوە، خاسیەتی یەکەم زیو لە هەموو میتاڵەکانی تر سـپیترە، خاسـیەتی دووەمیش هەر کاتێك نیشاندنی زیو لەسەر ماددەی تر تازە بێت ئەوە دەبێتە چاکترین پێچەوانەبووی روناکی، واتە ئەگەر لە کاتی رۆژدا تیشکی خۆر لەسەربانی ماڵی کافرەکان بدات ئەوە زۆر بە توندی رووناکییان لێوە پێچەوانە دەبێتەوە، بێگومان سەربانیش تەنها ئاماژەدانە بەیەکێك لە رەگەزەکانی بیناسازی، چونکە کەسێك بتوانێت سەربان لە زیو درووست بکات ئەوا ئاسانتر دەتوانێت زیو لە دیوارو دەرگاو پەنجەرەدا بەکاربهێنێت، هەروەها ئایەتە پیرۆزەکە بە شێوەی کۆ باسی ماڵەکان دەکات (لبیوتهم) ئەمەش واتە ئەو ماڵانە هەموو پێکەوە گەڕەکێك یان کۆڵانێکی نیشتەجێبوون پێك دەهێنن، لەبەر توندی هەڵگەڕانەوەی رووناکیش ئەم ماڵانە وەك ئەستێرەی پرشنگدار دەردەکەون، لە هەندێ کاتی دیاریکراویشدا وەك ئەوەی رووناکی لە ماڵەکانەوە دەربچێ، رووناکیش لە ئایینی ئیسلامدا رەمزی رێنموییو رێنشاندەرییە، لەگەڵ پێشکەوتنی تەقەنی و بەکارهێنانی رووناکی دەستکردیشدا دەکرێ هەڵگەڕانەوەی رووناکی لە ماڵەکانەوە بەشەویش هەر بەردەوام بێت، ئیتر هەرکاتێك بە رۆژ یان بە شەو خەڵکی سەیری ماڵەکان بکەن دەبینن دەدرەوشێنەوە، بەڵکو لەوە دەچێ وابزانن رووناکیش لەوانەوە سەرچاوە بگرێ.

جا لەم ساتانەدا ئەم ماڵانە خەڵکی تووشی شەیدابوون و سەرسوڕمان دەکەن، هەندێك لە ئیمان دەردەچن و خۆیان بە کوفر دەگەیەنن هەتا ئەوانیش لەو جوانییە سەرنج راکێشەی دنیا لەزەت وەربگرن، نموونەی ئەمانەش وەك ئەو قەومەی نەوەی ئیسرائیلن کاتێك قارون خۆی پیشاندان و هاتە دەرێ بۆ لایان بەو جوانی و خۆشییانەی دنیا کە قارون هەیبوو فریویان خواردو تەمەنایانکرد ئەوانیش وەك ئەوەی قارونیان هەبووایە، هەندێکی تریش لەبەر لاوازی ئیمانیان لە ئیمانەوە بۆ کوفر دەچن چونکە دەبینن ماڵی کافرەکان بە شەوو بە رۆژ دەدرەوشێنەوە لەکاتێکدا ماڵی مسولمانەکان بەوشێوەیە نابینن، بۆیە وادەزانن کافرەکان لەسەر هەقن و خوای گەورە پاداشتی داونەتەوە کاتێك ماڵی کافرەکان وەك ئەستێرەکان بریقەدارو بەشەوق و رووناکن.

لێرەدا دەکرێ پرسیارێکی گرنگ بکەین: ئەگەر بەکارهێنانی کانزای زیو بەو خاسیەتە جیاکەرەوانەی پێشتر باسکرا دەکرێ ببێتە مایەی شەیداکردنی هەموو خەڵك و کۆکردنەوەیان لەسەر کوفر، ئیتر بۆچی هەتا ئێستا کافرەکان زیو بۆ ئەم مەبەستە بەکارناهێنن؟

وەڵامی ئەم پرسیارەش لە هەندێ خاسیەتی زیو سەرچاوە دەگرێ، جا لەسەر ئاستی بوونی زیو لە سرووشتدا بێت یان لە هەندێ خاسیەتی سرووشتی زیودا، زیو لە دوای جیوە بەدەگمەنترین کانزا دادەنرێ لە توێکڵی زەویدا[6]، رێژەی بوونی زیو تەنها نزیکەی (٠،٠٠٠٠٠٤)ە، شێوەی (١)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە حاڵەتی بەکارهێنانی زیو بۆ سواغدانی سەربان و دیوارو دەرگاو پەنجەرەی ماڵەکان یان لەهەر کارێکی بەنایی ناوەوەی ماڵەکاندا تەکلیف زۆر دەکات، لەبەرئەوەی ئەو کارە درووستکارییانە پێوەرێکی گەورەیان هەیەو پێویست بەوە دەکات رێژەیەکی زۆر گەورە لە زیو بۆ داپۆشینیان بەکاربهێنرێت.




ئەم وێنە بەیانییە دەریدەخات کانزای زیو بە بەراوردکردنی بە کانزاکانی تر کەمترین رێژەی سەدی بوونی هەیە.

هەروەها وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا یەکێك لە خاسییەتە سرووشتییەکانی زیو ئەوەیە کە لە هەموو کانزاکانی تر زیاتر توانای پەرچدانەوەی رووناکی هەیە بەرێژەی ٪٩٥[7]، کەواتە ئەگەر ماددەی زیو بەکارهێنرا لە سواغدانی ماڵ و گەڕەکی کافرەکاندا ئەوا بە تێپەڕبوونی کات کاریگەری لەسەر هەستی بینین دەکات بۆ ئەو کەسانەی سەیری ماڵی کافرەکان دەکەن، هەروەها لەسەر دانیشتوانی ئەو ماڵانەش ـ کافرەکان،

٦- (أحمد علي العريان) و (عبد الكريم عطا) (١٩٧٦). المواد الهندسية مقاومتها واختباراتها (ج١ ط٣). عالم الكتب، القاهرة، (لا ٢٢).
٧- هەمان سەرچاوە، (لا ٣٣).

بەشـێـوەیەك لەوانەیە بەتێپەڕبوونی كات ببێتە مایەی لاوازبوون یـان نەهێشتنی هەستی بینین.

ئەمەش كاتێـك راسـتە ئەگەر هەوا پـیـس نەبێت، بەڵام لە حاڵێـكـدا وەك لە ناوچە پیشەسازییەكان یان شارە گەورەكاندا كە هەوا پاك نییەو ئاوێتەكانی گۆگرد یان ئۆزۆن لە هەوادا هـەن، ئـەوە لـەو شـوێـنانە زیـو بریقەكەی نامێنێ ئـەوەش ناسـراوە بە دیاردەی كوژانەوەی زیو، بوونی ئەو تێكەڵانە لە هەوادا چینێكی رەساسی یان رەش لە گۆگردیدی زیو لەسەر رووی زیو پێك دەهێنێ، بەوەش زیو شەوقەكەی نامێنێ، لەبەرئەوەی لە سـەردەمی تازەشـدا لە هەموو كات زیـاتر بەهۆی بوونی ئەو ئاوێـتە گۆگردیـیـانە گـیـروگرفتی پـیـس بوونی هەوا گـەورەتـرە[8]، بۆیە لەكاتی بەكارهێـنانی كانزای زیـو لە ماڵی كافرەكاندا گەورەترین خاسـیـەتی خۆی لە دەسـت دەدات كە بریتین لە بریقەو پێچەوانەكردنەوەی رووناكی بینراو.

دەكرێـت هۆیـەكی تریش زیادبكەیـن كە رێگرە لەبەردەم بەكارهێنانی كانزای زیـو لە ماڵی كافرەكاندا هەروەك لە ئایەتە پیرۆزەكەدا هاتووە، ئەویش تواناى كانزاى زیوە بۆ گەیاندن و گواسـتـنەوەی گەرمی كە هیچ میتاڵێكی تر ئەم خاسیەتەی كانزای زیوی نییە تەنانەت مس و ئالتونیش، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەركاتێك تیـشـكی خۆر كەوتە سـەر ئەو سـەربان و دیوارو دەرگاو یان هەر رەگەزێكی دروسـتـكاری تر كە لە كانزای زیـو دروسـتـكرابێت ئەوا پلەی گەرمییان بە رێژەیـەكی گـەورە بـەرز دەبـێـتـەوە، ئەمەش بەربەستێكی تر دەبێت لەبەردەم بەكارهێنانی زیو لە ماڵەكاندا.

ئەمەی باسـمان كرد هەندێـك رووی ئیـعـجازی قورئانە لە هەڵـبـژاردنـی كانزای زیـو بەتایـبەتی، ئەویش كاتێك زیـو خاوەنی خاسـیـیـەت گەلێكە كە دەكرێ بەهۆیـانەوە شێوەیەكی سەرنج راكێش بدات، بەتایبەتی لە ژێر رووناكی سرووشتی لە رۆژداو لە ژێر رووناكی دەسـتـكردیش لە شـەودا، هەروەها لە هەمان كاتدا وەك پێشتر ئاماژەشـمان بە هەندێـك خاسیەتی تری زیوكرد رووییەكی ئیعجاز لە ئایەتەكەدا ئەوەیە كە زیو خۆی رێگرە لەوەی كافران بتوانن بۆ شەیدا كردنی خەڵك بەكاری بهێنن، ئەمەش بەزەیی و بەخشش خوای گەورەیە كاتێك قورئان زیـوی بەتایـبەتی بەو خاسـیـیـەتە دیاریـكـراوانەوە هەڵبژاردووە لە كاتێـكـا لەسەردەمی هاتنە خوارەوەی قورئاندا ئەو خاسیەتانەی زیـو بەتەواوی نەزانرابوون، لە هەمان كاتیشدا زیـو خاوەنی ئەو خاسیەتانەشە كە رێگرەو ناهێڵێ كافرەكان بۆ سەرنج راكێشـان و شـەیداكردنی بەندە باوەڕدارەكانی خوای گەورە بەكاری بهێـنن، ئەمـەش یەكەم نیشانەی ئیعجازییە لە ئایەتە پیرۆزەكەدا.

وەڵامی ئەمەش ئاسـانە... ئەمە قورئانی پیـرۆزە لەلای خوای گـەورەوە بۆ پێـغـەمبەرە بەرێزەكەی ﷺ هاتۆتە خوارێ، خوای گـەورە دەفەرموێت: ﴿إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ لِّلۡعَٰلَمِينَ ﴿٨٧﴾ وَلَتَعۡلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعۡدَ حِينِۭ ﴿٨٨﴾﴾ ص واتە: قورئان یادتان دەخاتەوەو ئامۆژگاریـتان دەكات، دواتریش هەواڵی راستگۆیی قورئانتان پێدەگات.

---

٨- (محمد عبد القادر الفقي): سەرچاوەی پێشوو، (لا ١٦).

سـەرضاوە: گۆڤاری (الإعجاز العلمي- ذمارة ٢٥ أكتوبر ٢٠٠٦ز) الهيئة العالمية للإعجاز العلمي في القرآن والسنة- مكة المكرمة.



# مێشووله

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَسۡتَحۡيِۦٓ أَن يَضۡرِبَ مَثَلٗا مَّا بَعُوضَةٗ فَمَا فَوۡقَهَاۚ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَيَعۡلَمُونَ أَنَّهُ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّهِمۡۖ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَيَقُولُونَ مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلٗاۘ يُضِلُّ بِهِۦ كَثِيرٗا وَيَهۡدِي بِهِۦ كَثِيرٗاۚ وَمَا يُضِلُّ بِهِۦٓ إِلَّا ٱلۡفَٰسِقِينَ ﴿٢٦﴾﴾ البقرة: ٢٦

## چەند راستییەكی زانستی نوێ كە پێش سەدان ساڵ لەمەوبەر قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێ كردووە

و: مامۆستا حەمزە بەرزنجی

### مێشووله:

١- سەد چاوی هەیە لە سەریدا. ٢- ٤٨ ددانی هەیە لە دەمیدا.

٣- سێ دڵی هەیە لە ناو هەناویدا بە هەموو بەشەكانییەوە.

٤- شەش چەقۆی هەیە لە لوتیدا و هەر دانەیەكیشیان كاری تایبەتی خۆی هەیە. ٥- لە هەر لایەكییدا سێ باڵی هەیە.

هەڵگری ئامێری گەرمییە بە وێنەی نیزامی تیشكی ژێر سوور، كاریشی بریتییە لە پێچەوانە كردنەوەی رەنگی پێستی مرۆڤ لە تاریكیدا بۆ رەنگی وەنەوشەیی تاوەكو ببینێت.

خاوەنی ئامێری شی كردنەوەی خوێنە بە جۆرێك هەموو خوێنێك هەڵنامژێت.

ئامێری رووونكردنەوەی خوێنی پێوەیە تا بەناو لولەی لوتە زۆر باریكەدا بچێتە ژوورەوە.

خاوەنی ئامێری بۆن كردنە كە بە هۆیەوە توانای بۆن كردنی ئارەقەی لەشی مرۆڤی هەیە لە دوورییەكەوە دەگاتە (٦٠) كم

لاشەی هەڵگری ئامێری بەنج كردنی (موضعي)یە كە یارمەتی دەدات لە كاتی چەقاندنی دەرزییەكەیدا مرۆڤ هەست بە ئازار نەكات... ئەو كەمە ئازارەش كە بە وێنەی نوقرچە ئەنجامی هەڵمژینی خوێنەكەیە..



لـە هـەمـوو ئـەمـانـە سەیرتر ئـەوەیـە كـە زانـسـتـی نـوێ بـۆی دەركـەوتـووە كـە لـەسـەر پشتی مێشووله مێروویەكی زۆر بچوك دەژی كە بە مایكرۆسكۆب نەبێت نابینرێت وەك لە وێنەكەدا دیارە!!

ئەمەش راستێتی ئایەتی (٢٦) لە سورەتی (البقرة) دا دەردەخات

# پێڕستی ئەرشیفی گۆڤاری(هەیڤ) بەشی کوردی
# لە ژمارە(١-٢٤)





| بابەت | نووسەر | ژمارە | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| **سەروتار:** هەیڤ بۆ؟ | د. مەریوان ئەحمەد رەشید | ژ/١ | لا ٢ |
| تیشک<br>ژ/-(٢-٣)-٤-٥-٦-(٧-٨)-٩-١٠-١١-١٢-١٣-(١٤-١٥)-١٦-١٧ | د. مەریوان ئەحمەد رەشید | | لا ١ |
| بخوێنە بەناوی خودا هەنگاوی فێربوون بنێ | م. نەشئەت غەفور سەعید | ژ/٢٤ | لا١ |
| **دیدار:** | | | |
| لەگەڵ سەرۆکی ناوەند م. نەشئەت غەفور سەعید | دیدار: عادل شاسواری | ژ/١ | لا ٣ |
| لەگەڵ م. فاروق رەسووڵ یەحیا سەبارەت بە تەفسیرو ئیعجازی زانستی | هەیڤ | ژ/٤ | لا ٣ |
| وت و وێژێکی زانستی لە نێوان شێخ زندانی و د. جۆن هانۆفەر لارسن<br>سەبارەت بە ئیعجازی سەر برینی ئاژەڵ.. | و: ئەندازیار عادل مەولەوی | ژ/١١ | لا ٣٥ |
| وت و وێژێکی زانستی لە نێوان شێخ زندانی و د. جۆن هانۆفەر لارسن<br>سەبارەت بە ئیعجازی پزیشکی خۆپارێزی.. | و: ئەندازیار عادل مەولەوی | ژ/١٢ | لا ٣٨ |
| وت و وێژێکی زانستی لە نێوان شێخ زندانی و پرۆفیسۆر نیلسۆندا<br>سەبارەت بە ئیعجازی پزیشکی خۆپارێزی | هەیڤ | ژ/١٣ | لا ٥٣ |
| **پێگەی زانست و زانایان:** | | | |
| پلەو پێگەی زانست لە قورئان و سوننەتدا | د. جەلال حەمە صاڵح بۆسکانی | ژ/١ | لا ٥ |
| ئیعجازی قورئان و چەند لایەنێکی لە دیدی زانایەکی گەورەی کوردەوە | م. فاروق رەسووڵ یەحیا | ژ/١ | لا ٢٦ |
| سەعیدی نوورسی و چەند تیرۆژێك لە نێوان زانست و ئیماندا | م. فاروق رەسووڵ یەحیا | ژ/٢ | لا ١٩ |
| سەر قافڵە موسوڵمانەکان لە زانستە تافیگەرییەکاندا. | و: أنور فتاح محمد | ژ/١٠ | لا ٢ |
| زانست لە دیدگای قورئانەوە | م. جەمال موحەممەد ئەمین | ژ/١٣ | لا ٥٠ |
| ئایا ئەو کەسانەی دەزانن و شارەزان وەك ئەو کەسانە وان کە نازانن و شارەزایيان نییە؟ | و: ئالانی | ژ/٢٢ | لا ٣٣ |
| **بەش و ڕێساکانی ئیعجازی زانستی:** | | | |
| هەندێك لە یاساو دەستوورەکانی ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا | هەیڤ | ژ/٢ | لا ٢ |
| ئیعجازی زانستی بۆ؟ | م. جەمال موحەممەد ئەمین | ژ/١٢ | لا ١١ |
| ڕاستێتی بانگەشەی شێواندنی قورئان | د. دیاری أحمد اسماعیل | ژ/٢٤ | لا ٨ |
| هەندێ زانستی تازەی سەردەم کە دەخرێنە سەر زانستەکانی قورئان | م. اکرام کریم | ژ/٢٤ | لا ١٢ |
| **مێژوویی:** | | | |
| خراپەکاری و سزای خوای گەورە | و: ئازاد غەریب | ژ/١٢ | لا ١٣ |
| قورئان و ململانێکانی ژیان | ئا: م. جەمال موحەممەد ئەمین | ژ/١٢ | لا ١٧ |
| کەشتیی نوح ئیعجازێکی درەخشانی قورئانی پیرۆزە | ئا: م. فاروق رەسووڵ یەحیا | ژ/١٦ | لا ٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| شوێنەواری گەلە لەناوچووەکان ولقد كذب أصحاب الحجر المرسلين بەشی دووەم | ئا: عادل لەتیف مەولەوی | ژ/١٩ | لا ٦ |
| شوێنەواری گەلە لەناوچووەکان ألم تر كيف فعل ربك بعاد بەشی یەکەم | ئا: عادل لەتیف مەولەوی | ژ/١٨ | لا ٥ |
| پاراستنی دەستنووسەکانی قورئانی پیرۆز | و: نەرمین عومەر | ژ ١٨ | لا ٣٦ |
| شوێنەواری گەلە لەناوچووەکان گەلی سەبەئو لافاوی عەریم بەشی سێهەم. | و: نارین | ژ/٢٠ | لا ٣٠ |
| چیرۆکی گالیلۆ و تەبابوونی قورئان لەگەڵ بەڵگە زانستییەکان لە بارەی زەوییەوە. | ئا: مەریوان عمر | ژ/٢١ | لا ٢٤ |
| مۆمیای فیرعەون | و: نەبەز عبدالرحمن | ژ/٢٢ | لا ٢٤ |
| راستی ئەهرامەکان موعجیزەیەکی تازەی تری قورئان | و: لەنجە حسین | ژ/٢٣ | لا ٨ |
| ئاماژەکانی قورئان بۆ رەمسیسی دووەم وەك فیرعەونەکەی مووسا | فازڵ قەرەداغی | ژ/٢٤ | لا٤ |
| **موسوڵمان بوون:** | | | |
| هۆی موسوڵمان بوونی پزیشکێکی ئەڵمانی | ئەندازیار: عثمان موحەممە | ژ/١ | لا٤٢ |
| بەو مەبەستە قورئانی خوێندەوە هەڵەی لێبگرێت کەچی موسوڵمان بوو | و: بەختیار عبدالله محمود | ژ/٥ | لا ٤١ |
| موسوڵمان بوونی دکتۆری فەرەنسی مۆریس بوکای | و: هێمن محی الدين | ژ/٩ | لا٢٢ |
| موسوڵمان بوونی مێرووزانێکی ئەمەریکی | ئا: باوکی هاوکار | ژ/١٠ | لا ٥١ |
| قورئان بوو بەهۆی موسڵمان بوونی (پ.د. گاری میلەر) | م. فارووق رەسووڵ یەحیا | ژ/١٤،١٥ | لا٢٤ |
| زانستەکانی قورئان دەبنە هۆی موسڵمانبوونی زانایەکی تایلەندی | و: لەیلا عثمان بارام | ژ/١٦ | لا ٢٣ |
| موعجیزەکانی قورئان و سوننەت بە ناوبانگترین زانای کۆرپەلەزانی سەرسامدەکەن | ئا: هامنۆ هاشم | ژ/١٩ | لا ٢٠ |
| پرۆفیسۆر کرۆنەرو ئیعجازی جیۆلۆجی | و: خالد حسن | ژ/٢٠ | لا ٣٣ |
| **ئیعجازی سوننەت:** | | | |
| موعجیزەی پزیشکی لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی کلێنچکە | ئا: عثمان محمد أحمد | ژ ٥ | لا ٤٤ |
| چوار رۆژەکەی ژیاننامەی پێغەمبەر (ﷺ) | م. نشأة غفور سعيد | ژ/٧،٨ | لا ٦٠ |
| پێغەمبەر (ﷺ) لە دڵی ئیمانداران و لە دیدگای گەورە مەردانی خۆرئاواوە | م. نشأة غفور سعيد | ژ/١٠ | لا ٦٩ |
| توانای هەڵگرتنی پەیام موعجیزەیەکی گەورەی پێغەمبەرە (ﷺ) | م. نشأة غفور سعيد | ژ/١٠ | لا ٦٩ |
| ئیعجازێك لە سوننەتەوە | ئا: م. جەمال موحەممەد ئەمین | ژ/٦ | لا ٣٦ |
| هەندێك لە ئیعجازی قورئان و سوننەت | جەمال موحەممەد ئەمین | ژ/٩ | لا ٤٤ |
| ئیعجازی سوننەتی پیرۆز لە چەند نموونەیەکی سەردەمدا | ئا: د. عبدالرحمن سەنگاوی | ژ/٧،٨ | لا ٨٤ |
| چەند نموونەیەکی ئیعجازی پزیشکی لە سوننەتدا | د.تريفە عبدالله محمود | ژ/٧،٨ | لا٦٨ |
| موعجیزەیەکی پرشنگدار لە ژیانی پێغەمبەری سەردار محمد (ﷺ) | ئا: د.کاوە فرج سعدون | ژ/٩ | لا ٣٧ |
| موعجیزەی ئیسراو میعراج | ئا: د.کاوە فرج سعدون | ژ/١٠ | لا ٥٣ |
| هەندێك لە موعجیزەکانی جەنگی بەدر | ئا: خالد حسن علی | ژ/٩ | لا ٤٨ |
| مژدەی هاتنی موحەممەد (ﷺ) لەلایەن پێغەمبەرانی پێشینەوە | ئا: فارووق رەسووڵ یەحیا | ژ/١٠ | لا ٧٣ |
| موعجیزاتی ئەحمەدی<br>ژ/١٧-١٨-١٩-٢٠-٢١-٢٢-٢٣-٢٤ لاپەڕە ٣٣-٣٠-٢٢-٣١-١٨-٢٩-٧ | و: م. فارووق رەسووڵ یەحیا | | |
| قەیلولە دەبێتە زیادکردنی بەرهەم | کاوە محمد شارباژێڕی | ژ/١٢ | لا ٣٧ |
| فەرموودەی سێ یەك لە خواردنداو ئیعجازی زانستی | و: د. ئەفرام محمد حسن | ژ/١٣ | لا ١٢ |
| ئیعجازی زانستی لە فەرموودەی پانی پشتی سەردا | د.دارا گوڵ حامد | ژ/١٣ | لا ١٧ |
| باخچەکانی تەبوك کە پێغەمبەر (ﷺ) پێشبینی کردن | و: باوکی زانیار | ژ/١٩ | لا ١ |
| دەفرەکان داپۆشن و دەمی کوندە ئاوەکانیش ببەستن | هەیڤ | ژ/١٩ | لا ٢٥ |
| کێبرکێی بەرزکردنەوەی تەلارو باڵەخانەکان | و: دیبە رزگار | ژ/٢٠ | لا ١٥ |
| پێغەمبەر (ﷺ) فرمانی پێدەکردین جار بە جارێ بە پێخاوسی برۆین | و:هاوژین طالب | ژ/٢٤ | لا ٣١ |
| **پزیشکیی:** | | | |
| چەند نموونەیەکی ئیعجازی زانستی پزیشکی لە سوننەتدا | ئا: د. کاوە فەرەج سەعدون | ژ/٢-٣-١١ | لا٣٤-١٠ |
| ئیعجازی زانستی لە فەرموودەی جومگەکاندا | و: د. کاوە فەرەج سەعدون | ژ/١٢ | لا ٤٣ |
| هەستکردن بە ئازار لە نێوان قورئان و زانستی پزیشکیدا | ئا: د. کاوە فەرەج سەعدون | ژ/١٩ | لا ١٠ |
| ئیعجازی زانستی لە ئایەتەکانی بیستن و بینین لە قورئانی پیرۆزدا | ئا: د.تريفە عبدالله محمود | ژ/٥ | لا ٢٥ |
| کرنووش بردن لە قورئان و سوننەتدا | ئا: ڕێبوار عبدالکریم | ژ/٦ | لا ٤٧ |
